عیرفان

ناوەندی ڕەها



چاپی دووەم

# گوڵستانی عاریفان



زامدار قادری

Alan Bahjat
- nurse -

CamScanner

# گوڵستانی عاریفان

ناوەندی ڕەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند:
زامدار قادری
بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە:
ئەیاد نادر

هەولێر _ تەنیشت پارێزگا_ بازاری ڕۆشنبیری

nawandi.raha@gmail.com

07504066674

raha ڕەها

CamScanner

# گوڵستانی عاریفان

وەرگێڕان و کۆکردنەوەی
زامدار قادری

چاپی دووەم
٢٠٢٠

ناوەندی ڕەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ( ڕەها ) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

زنجیرەی کتێب : ٢٣

ناوی کتێب: گوڵستانی عاریفان

کۆکردنەوە و وەرگێڕانی: زامدار قادری

دیزاینی بەرگ: ئیبراهیم ساڵح

دیزاینی ناوەوە: کامەران کەریم

هەڵەچنی: ناوەندی ڕەها

چاپ: دووەم (٢٠٢٠)

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

CamScanner

## ئەم کتێبە پێشکەشە:

- بە هەموو بادەنۆشانی عیرفان و مەعنەویەت.
- دایك و باوك و خوشکی ئازیزم.
- بەوانەی هەمیشە یارمەتیم دەدەن، بە دەستخۆشییەکیش بێت.

## ئەم کتێبە پێشکەش نییە بە:

- بەوانەی خۆیان بەراورد دەکەن بە عاریفان و لە هەمان کاتدا بە خشییەکانی دونیایە خەریکن و تەنیا قسەی گەورە دەزانن.




# Tanya Haji | تەنیاحاجی

public channel

**Description**

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن خاتوون " ئاڤان بەهجەت " کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22

t.me/tanyahaji7

Invite Link

# پێشەکی

چـەندین جـارە تێنـووس دەربێـنم و لەبارەتانـەوە بنووسم، کەچی لە ڕووم نایە و نووسین ناکەوتە بەر دڵم و دەیدڕێنم، ئـەمڕۆ لەگـەڵ سـوڵتانی عاریفـان بـووم، بـە جەستە نا! بەڵکو بە ژیاننامە، جۆش و خـرۆش گرتمـی و دوبارە تێنووسم دەرهێنا، وەلێ هەمدیس بێ ئاکام بووم لەوەی چ بنوسم!

دووبارە دەستمدایە پێنووس و لەبەر خۆمەوە دەمگوت یا ڕەب مەدەدێ، یا ڕەب مەدەدێ، بەڵکو هەندێ وشە لـە زەینم ڕۆبنیشن و بتوانم بیخەمە سـەر ڕووپـەڕ، ترسێکەم نـەتوانم حـەقی ئـەو کەلامـە شـیرینانە و ئـەو سـەربوردە مەعنەوی و گریانە بە کوڵانە بدەم!

دەی خۆ هـەر وابـوو، هەمـدیس نـەمتوانی، بـەڵام خـوا شاهیدە ئەو بەسـەرهاتانەی کاریـان تێکـردبم و بەهەلەکـە سەمایان خستبم نووسیوومن.

عاریفـان و سـالیکانی تەریقـەت و عاشـقانی حـەق و تینـوانی بـادەی دڵـدار، هێنـدە بـە عەنتیکـەیی ژیانیـان

گوزەراندیــە بــەتوبی نــە لــەکنیان هەســتی و نــە مەجلیسیشـیان کۆتـایی بـێ، ئەمـەش ئەوڕۆکـە هاتینـە کنەوان، ئیزنمان خواست و مەرحەمەتیان کرد و فەرمووی مەجلیسیان لێکردین. تیچاوەکی بدە ئەمسـەر دەبـینی چەندان عاریفی دڵسوتاوی تێدایە، هەها بەسرِی، شـافعی، ئەبوحەنیفە، بوستامێ، کەرخی، شیبلی، ڕابیعە، جونەید، گەیلانی، ڕیفاعی، مەولانای ڕۆمی، ئیبن عەرەبی، حەلاجی شەهید....هتد.

نازانی سەیری گریانیان بکەیت کە دڵ دەکا بە ئاو، یان گـوێ لـە نالـە و سـۆزی پـڕ لـە فیراقیـان بگریـت. بـەدیار حاڵەتی شەوان و کزەی جەرگیانـەوە توشـی جەزبەیـەکی وەها سەیر دێی لە ڕەنگی نەبێ.

حیکمەتـەکانی بەسرِی مەجلیسـی هێنایـە خامۆشـی و کەلامە پڕ واتاکـانی وایکـرد هـەموو بڕۆنینـە وی، ئـەوجار گڕکانی بوستامی هەمووانی خستە گریـان، پـاش ئەشـکی بوسـتامی ئـاهونوزەی ڕابیعـەی بـەدوای خۆیهێنـا، پاشـتر ئەحواڵی شیبلی و ئەنالحـەقی حـەلاج. لـە هێکڕا دەپـڵ و دەف زیکری یا دائیمی دەروێشانی گەرم کرد، بینیم پرچە

سپیەکەی گەیلانی بەسەر شانی هاتبووە خوارەوە، لە عیشقا ڕۆدەچوو، دەتگوت پەروانەیە و بەدەوری شەمعدا گیان فیدایەتی.

ئەوجار مەولانا و سەماع و نەی، خول دەخۆن.

ئێرە حەلقەی عاشقانە.

ئێرە گوڵستانی عاریفانە.

نازانم تا چەند حەز لەو گوڵستانە دەکەیت، وەلێ دڵنیام کە دانیشتنی ئەو گوڵخانەیەت تەواوکرد، ژیانت جۆرێکی دیکە دەگوزەرێنی.

ئەو ڕێگایەی تازە ئێمە وا خەریکین بۆی بچین، ئەو زاتانە لێی هاتونەتەوە. بە تەواوی لێی قوڵ بوونەتەوە و لە تاوەکەی پێگەییون. هێندە پاك بونەتەوە پەریئاسان و لاپەڕەیەکن لە خۆر.

زانینی ژیانی ئەو گەورە پیاوانە بەرەو لوتکەی عیرفان و شەو بێداری و هۆشیاری دڵمان دەبات.

وەك دەڵێن ئەوەی مامۆستایەکی نەبێ شەیتان دەبێتە فێرکاری، قورِ بە حاڵ و ماڵی ئەوەی وای بەسەربێت.

ئەو كتێبە دڵۆپێکە لە باس و خواسی ئەو مەزنانە بۆ لێوی شەقاوی مرۆڤی ئەو سەردەمە. سەردەمێك كە هیچ ئاسۆیەکی خێر و خۆشی تیایدا بەدی ناکرێت. مرۆڤ وێنەی ڕۆبۆت دەخوا و دەنوێ و دەمرێ. ناوێك، شوناسێك، جێدەستێك جێناهێڵێت. بۆیە خوێندنەوەی ئەم جۆرە باسانە دڵ نەرم دەکات و هەم تەکانێکی مەعنەوی بە موریدانی ڕێگای عیشق و عیرفان دەبەخشێت.

بێگومان هەموومان حەزمان لە باڵابوونە وەکو ئەو سالیکانە و پێشمان زەحمەتە مل لە خۆمان بنێین، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکەین ئەگەر نەتوانین وەکو ئەوان بین، خۆ دەکرێ ئەوانمان خۆشبوێ و ژیانیان بزانین. شافعی جوانی فەرموە: پیاوچاکانم خۆشدەوێت گەرچی لەوان نیم.

زامدار قادری
هەولێر – باشوری کوردستان
٢٠١٨ / ٨ / ٨
٠٧٥٠٧٣٩٩٢٣٢
Facebook/Zamdar qadri



CamScanner

## دەچم لەگەڵ هاوەڵان و تابعین و گەورە عاریفان دادەنیشم

پرسیاریان لە (عەبدوڵڵای کوڕی موبارک) کرد: بۆچی تۆ لەگەڵ ئێمە نوێژ دەکەیت و هەرکە نوێژەکەمان تەواوکرد، یەکراست دەڕۆیت و لەگەڵمان دانانیشیت تا قسەبکەین؟

ئیبن موبارک گوتی: برایان، من دەچم لەگەڵ هاوەڵان و تابعین و گەورە عاریفان دادەنیشم، بەڕاستی کۆڕی ئەوانم لە هی ئێوە لەلا خۆشترە.

گوتیان: کوا هاوەڵان و تابعین ماون تاکو لەگەڵیان دابنیشیت؟!

Tanya Haji

ئیبن موبارك گوتی: ڕاستە ئەوان لەژیان نەماون, بەڵام دەچم ژیاننامە و بەسەرهاتی ژیانیان دەخوێنمەوە و لێیانەوە فێری کارە چاك و ڕەوشتەبەرزەکان دەبم. گوتیان: ئەی ئێمە چیمانە؟ گوتی: دابنیشم لەگەڵ ئێوە چیبکەم؟ ئێوە هەموو کۆڕ و دانیشتنەکانتان تەنیا غەیبەتکردنی براکانتانە.(1)

***



١ - (صفة الصفوة , ٤\١٣٧) (من أعلام السلف , ٢٣٤)

## مەولانای ڕۆمی دەڵێ:

عاشقانی دڵسووتاو

هەردەم

لە

ئاگری عیشقی ئیلاهی

دەسووتێن[1]

***

١ - (مسنوی معنوی, کتب السادس)

# چۆن بزانم خراپم؟

گەنجێك هاتە لای (سوفیانی سەوری) و لێی پرسی: چۆن بزانم کە کەسێکی خراپم؟ سوفیان ڕووی لە گەنجەکە کرد و گوتی: ئەگەر ئێستە پێت بڵێم ئەی خراپترین کەسی نێو خەڵك! تووڕەدەبیت؟

گەنجەکە گوتی: بەڵێ.

سوفیان گوتی: برای ئازیز، بزانە هەر کەسێك پێی گوترا (خراپترینی خەڵك) ئەویش توڕەبوو، ئەوا بەڕاستی خراپترینی خەڵکە، دەبێت بزانیت کە ناخی خۆت لە هەموو کەس خراپترە و تۆش لە هەموو خەڵکی خراپتریت.[1]

---

١ - (أحياء علوم الدين , ٥ / ٤٧٠)

# مەڕ چەند ساڵ دەژی!

جارێـك شـوانەکانی کوفـە و خەڵکـە ڕەوەنـدەکانی چـواردەوری کوفـە بـووە دەمـەقاڵێیان و بەشـەڕ هـاتن، بەهۆی ئەو شەڕەوە مەڕەکانییان تێکەڵاو بوون, هەرچەند هەوڵیاندا نەیانتوانی لەیەکیان جیا بکەنەوە.

کاتێك ئەو هەواڵەیان بە(ئەبوحەنیفە) ڕاگەیاند.

پرسیاری کرد: مەڕ چەند ساڵ دەژی؟

گوتیان: حەوت ساڵ.

ئەبوحەنیفە لەبەر ئەو تێکەڵبوونە, بۆ مـاوەی حـەوت ساڵ گۆشتی نەخوارد.[1]

---

١ - (سيرة الامام الاعظم ابوحنيفة , ٢١٩)

# بۆنی میسک

جارێك كەسانێك هەندێك بۆنی میسكی غەنیمەتیان هێنایە لای خەلیفە (عومەری كوڕی عەبدولعەزیز)، ئەمیش فەرمانی بە دەستوپێوەندەكەی كرد بێن و بیكێشن، بۆ ئەوەی بەسەر موسڵمانانی دابەش بكات، لەو كاتەی دەیانكێشا، عومەر دەستی گرت بە لوتییەوە، لێیان پرسی: قوربان، بۆ دەستت بەلوتتەوە گرتووە؟ گوتی: تاوەكو بۆنی میسكەكەم بۆ نەیەت، پاشان هەڵسا و لەوێ چووە دەرەوە، ئینجا گوتی: میسك، تەنها سودێك كە

هەیبێت بۆنەکەیەتی، نەمویست بە هیچ جۆرێك سود لە شتێك وەرگرم کە هی خۆم نەبێت.[1]

***



١ - (أحياء علوم الدين , ٥ / ٤٣) (صفة الصفوة , ٣ / ٢٦٦) (خلفاء الأموية , ٣٥٨)

# شێوازێکی بەرزی ئامۆژگاری

عەباسی مسروق دەڵێ:

لە یەکێك لە کۆڕ و کۆبوونەوەیەك دانیشتبوین، پیاوێك وادیاربوو نەخۆش بێت لە تەنیشت (عەبدوڵای کوڕی موبارك) دانیشتبوو، لەناکاو پیاوەکە پژمی، بەڵام لەبیری چوو الحمدالله بکات.

عەبدوڵا ڕووی لەپیاوەکە کرد و گوتی: برای خۆشەویستم، ئەگەر کەسێك بپژمێت، چی دەڵێت؟
پیاوەکە گوتی: قوربان، دەڵێت: الحمدالله

عەبدوڵا زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: یرحمك الله.

بەڕاستی هەموومان سەرسام بووین لە خوڕەوشتی بەرز و زیرەکی ئەو.[1]

***



---

١ - (حلیة الأولیاء , ٨\١٢٠) (تاریخ بغداد , ١٠\١٥٥) (سیر أعلام النبلاء , ٨\٣٨٣)

## لەعیشقدا یەک من هەیە!

پیاوێك چوو بۆ ماڵی دۆستەکەی و لەبەردەم دەرگەوە لە قاپیەکەی دا، مەعشوق لەو دیو دەرگەوە، پرسی: کێیە؟

عاشق لەودیوەوە سەندیەوە و گوتی: منم.

مەعشوق گوتی: لێرە شوێنێکمان بۆ کەسی تێنەگەیشتوو و پێنەگەیشتوو نییە، کە هێشتا منێتی خۆی بەسەریدا زاڵ بێت، بۆیە پێویستە لە ئاگری جوداییدا بسوتێیت، تا ئەو منێتیە پاڵفتە ببێت و لەدووڕوویی دانرێت. ئێستە تۆ ئامادەی عیشق نیت.

عاشـقی دامـاو بەسـەرگەردانیەوە ڕۆیشـت و سـاڵێکی ڕەبەقی پێچوو, لەو ماوەیـەدا ئـاگری فـیراق و دووری یـار هـەناوی هەڵقرچـاند, دوای ئـەو ماوەیـە کـاتێ گەڕایـەوە دوبارە بە خەوف و ئەدەبەوە لە قاپیەکەیدا.

زۆر بەئاگاداریـەوە خـۆی گـورج کـرد نـەوەك هەڵەیـەك ڕوویدات و دوبارە یار بڕەنجێت.

مەعشوق گوتی: کێیە؟

عاشق گـوتی: هـیچ کـەس, تـەنیا تـۆی, خـودی خۆتـە لەدەرگە دەدات.

مەعشوق کە ئـەم قسـانەی بیسـت دەرگـەی کـردەوەو گوتی: ئێستا کە هەردووکمان بوینەتە یـەك کـەس, ئیـدی کاتی ئەوەیە بێیتە ژووریّ, ئێستە هەر یەك من لە گۆڕێیە, چونکە لەقانونی عیشقدا دوو من شوێنی نابێتەوە.[1]

***

---

١ - (مثنوي معنوي, كتاب الاول)

# جنێودان

ئەحمەدی کوڕی موحەمەد دەڵێت: کۆمەڵێک لە دۆستانمان بۆیان گێڕامەوە, جارێک پیاوێک زۆر بەشێوەیەکی نالایەق و ناشایستە جنێو و قسەی بە(وەکیعی کوڕی جەڕاع) دا، وەکیعیش هەڵسایەوە و چووە ژوورەوە، موشتێک خۆڵی بەسەر دەم و چاوی خۆیدا کرد، ئینجا هاتە دەرەوە و ڕووی کردە پیاوەکە و گوتی: دەی براکەم زۆر زیاتر قسەم پێ بڵێ، ئەوە هەموو تۆڵەی هەوا و خۆشی گوناهەکانمە کە وام بەسەرهاتووە، سوێند بەحەزرەتی حەق، ئەگەر لەبەر گوناهەکانی من نەبێت, تۆ ناتوانیت و جورئەت ناکەیت قسەم پێ بڵێیت.[1]

---

١ - (صفة الصفوة , ٢ / ١١٣)

# کوشتنی گیانەوەرێک

ئافرەتێکی سۆفی هەبوو لەشاری بەسرە، رۆژێک عەبدولواحید دەڵێ: من و کۆمەڵێك لەگەورە سۆفیەکان چووینە لای ئەو ئافرەتە، تاکو ئەحواڵپرسی بکەین و سەردانی بکەین، کاتێك چوینە ئەوێ، پێیان گوتین: ببورن ناتوانن بیبینن.

گوتمان: لەبەر چی ناتوانین؟


گوتیان: گوێتان لەو گریانەی ئەو نییە، کە دڵەکان شەق شەق دەکات!

گوتمان: بەڵێ، گوێمان لێیە.

گوتیـان: ئـەوە سـێ ڕۆژە دەرگـەی لەسـەر خـۆی داخسـتووە و هـەر واوەیلا و هاواریـەتی و فرمێسـک سـەر کوڵمەکانی چۆڵ ناکەن.

گوتمان: باشە لەبەر چی وادەکات؟

گوتیـان: چـونکە سـێ ڕۆژ بـەر لـە ئێسـتا بەهەڵـە مێروولەیـەکی کوشـتووە، دەترسـێت پـەروەردگار لێـی تورەبێت و ئیدی ڕووی وەلای ئەو نەسووڕێنێت، لەترسی تورەبوونی دلبەرەکەی، دادو فیغـان بووەتـە ئـاوازی ئـەو سێ ڕۆژەی ئەو.[1]



١ - (صفة الصفوة , ٣ / ٤١)

# حاڵ و ئەحواڵی وەیس

ڕەبیع دەڵێ: ڕۆژێـک بـەدوای (وەیسـی قـەرەنی) دەگەڕام، ویستم بزانم ئەوەندە سەنا و ستایشەی دەیکەن لایەقی ئەوە! لەنوێژی بەیانیدا بینیم، کاتێ نوێژەکەمان تەواوکرد ویستم بچم قسەی لەگەڵ بکەم، بەڵام خەریکی زیکر و تەسبیحات بوو، چاوەڕێم کرد، ئینجا کە تەواوبوو دەسـتی کـرد بەنوێـژی چێشـتەنگاو، تـاکو کـاتی نوێـژی نیوەڕۆ هات، پاشان نوێـژی نیـوەڕۆی بەجەماعـەت کـرد، پاشان دەستی بەعیبادەت و نوێـژی سوننەت کـرد تـاکو نوێژی عەسر، بەهەمان شێوە مەغریب، و عیشا، تاکو سێ ڕۆژ لەسەر ئەو جۆرە بـەردەوام بـوو، منـیش جار جارە

دەڕۆشتم و دەهاتم، بەڵام وەیس هەر بەردەوام بوو، بێ ئەوەی نان بخوات یان بخەوێت. ڕۆژی چوارەم هیلاك دیاربوو، ئینجا دەستی کرد بەموناجات و دەیگوت: پەروەردگاری من، پەنا بەتۆ دەگرم لەچاوەکانی خۆم، کە زۆر دەخەوێت و لە چێژی دیدارت غافڵە، پەنات پێدەگرم لەو سکەی خۆم، هێندە خەریکی خواردنە هێندە تامەزرۆو شەوقی تۆی نییە. کاتێك گوێم لێی بوو ئاوای دەگوت، لە دڵی خۆمەوە پەیمانم دا کە ئەو بەسەرهاتەی ئەو بکەمە وانەی ژیانم، ئینجا ڕۆیشتم .(١)



١ - (تذكرة الأولياء , ٥٢)

# پادشای دونیا و دوارۆژ

پیاوێـك هاتـە لای موحەمـەد بـن واسـع و پێـی گـوت: قوربان، هاتووم ئامۆژگارییێکم بکەیت.

ئەویش گوتی: شۆڕە لاو، ببە پادشای دونیا و دواڕۆژ!

پیاوەکە گوتی: قوربان، چۆن ببم بەو پادشایە؟

گوتی: دونیاپەرست مەبە.[1]

***

---

١ - (سير اعلام النبلاء، ٧ / ٢٢١)

## پادشای دونیا و دوارۆژ

پیاوێـك هاتـە لای موحەمـەد بـن واسـع و پێـی گـوت: قوربان، هاتووم ئامۆژگارییێکم بکەیت.

ئەویش گوتی: شۆڕە لاو، ببە پادشای دونیا و دوارۆژ!

پیاوەکە گوتی: قوربان، چۆن ببم بەو پادشایە؟

گوتی: دونیاپەرست مەبە.[1]

***

---

١ - (سیر اعلام النبلاء، ٧ / ٢٢١)

# کەی دەبم بە پیاو؟

بایەزیدی بوستامی لە منداڵیەوە باوکی وەفات دەکات, دایکیشی یەکێك بووە لە ئافرەتە عاریفەکان و خۆی و ڕۆڵەکەی بەیەکەوە دەژیان.

جارێك بایەزید لە دایکی دەپرسێ دایە گیان کەی دەبم بە پیاو؟

دایکی پێی دەڵێ: کاتێك دەبیتە پیاو ئەگەر خۆشەویست (سەلامی خودای لەسەربێت) ببینیت.

بایەزید دەڵێ: چۆن دەتوانم بیبینم؟

دایکی پێی دەڵێ: بەزۆر سەڵاواتدان لەسەر دیداری حەزرەتی خۆشەویست (سەلامی خودای لەسەربێت).

بایەزید دەست دەکات بەسەڵاوات لێدانێکی زۆر و بەجۆشەوە چاوەڕێی خۆشەویست (سەلامی خودای لەسەربێت) دەکات، تاکو لەخەودا بەخزمەتی دەگات. بۆیە بەیانییەکەی بە پەلە دێتە لای دایکی و پێی دەڵێ: دایەگیان خۆشەویستم (سەلامی خودای لەسەربێت) بینی.

دایکی پێی دەڵێ: لەخەودا بینیت یان لەحاڵی بەئاگایی؟

بایەزید دەڵێ: نا لەخەودا.

دایکی دەڵێ: کورم، هێشتا نابیت بەپیاو هەتا بەئاشکرای نەیبینیت. بایەزید دەڵێ: باشە، چی بکەم تاکو ئاوا بەئاگایی بیبینم؟

دایکی دەڵێ: سەڵاواتی زیاتر لێ بدە و کاتێک لەنوێژ گەشتیە (السلام علیك ایها النبی) یەقینت هەبێ کە ئەو لەبەرامبەرتە، و وەڵامی سەلامەکەت دەداتەوە، دەنا سەلام لە کەسی غائیب ناکرێت بە(علیك)، ئەوەبوو بایەزید

دەستی بەوەکرد, تاکو ڕۆژێك لەناو نوێژدا دەست بە گریانێکی بەکوڵ دەکات و کاتێ دەگاتە سەلام کردن لە خۆشەویست (سەلامی خودای لەسەربێت) لەحاڵەتی ئاگایی خۆشەویست (سەلامی خودای لەسەربێت) دێتە بەرامبەری و دەیبینێت. دوای نوێژەکە بەڕاکردن دەچێتە لای دایکی و دەڵێ: دایەگیان موژدەت لێبێ لەحاڵەتی بەئاگایی خۆشەویستم (سەلامی خودای لەسەربێت) بینی , ئینجا بوو بەیەکێك لەزاهیدان و عاریفانی ئیسلام.[1]



١ - (قصص العارفين , ٢٨٧)

# وەفای مەعشوق ئاوا دەدرێتەوە؟

(رابیعەی عەدەوی) کەوتبوویە نێو بەحری سەفا و وەجدەوە، هاواری دەکرد پڕ بە قورگی:

یاری من.

ئەگەر بەیانی لە قیامەتدا لە پێش هەموو خەڵکدا بمخەیتە دۆزەخی خۆتەوە، هاوار دەکەم و دەڵێم:

سوڵتانی من!

خۆ من عاشقی تۆ بووم!

وەفای مەعشوق ئاوا دەدرێتەوە؟

هەر لەو کاتەدا دەنگێك هات و پێیگوت: ڕابیعە هەرگیز نیەتی خراپ بەپەروەردگار مەبە.[1]

***



---

١ - (الرسالة القشيرية، ٥٤٩) (شهيدة العشق، ١٩٨) (مست عشق، ٢١١) (تذكرة الأولياء، ١٠٧)

## پێناسەی عیشق

گوتیانە بایەزیدی بوستامی: پێناسەی عیشقمان بۆ بکە؟

گوتی: عیشق ئەوەیە،

زۆری ئەوینی خۆت!

بەکەم بزانیت بەرامبەر ئەو.

کەمی ئەوینی ئەویش بەرامبەر بەخۆت

بەزۆر بزانیت.[١]

---

١ - (الرسالة القشيرية، ٥٤١)

## بۆ ڕقمان لەمردنە

ڕۆژێکیان سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیک گەیشت بە (ئەبو حازمی کوڕی دینار)، ڕووی لە ئەبو حازم کردو گوتی: ئەی ئەبوحازم، بۆچی ئێمە هەمیشە ڕقمان لەمردنە و پێمان خۆش نییە فەوت بکەین؟

ئەبوحازم سەیرێکی خەلیفەی کرد و ڕووی خۆی گرژکرد و بەتوڕەییەوە گوتی: ئەی سولەیمان، ئێوە چۆن ناترسن! کاتێ دوارۆژ و ئاخیرەتتان وێران کردوە

بۆخۆتـان، و ڕۆژ بـە ڕۆژ دونیاکـەتان نـۆژەن دەکەنـەوە، کەس هەیە کۆشك و تەلار بە کاولستانێك بگۆڕێتەوە؟[1]

***



١ - (طبقات الصوفية , ١ / ١٥٨)

# دەمەوێت شەرم نەکەن!

هەردەم کاتێ هاورێکانی (عەبدوڵای کوڕی موبارەك) بۆ سەردانی دەهاتنە لای، عەبدوڵا باشترین و چاکترین خواردنی بۆ ئامادەدەکردن و نایابترینی دەخستە بەردەمیان، ئینجا دەیگوت: هەر کەسێك زۆرترین خورما بخوات، ئەوا بۆ هەر ناوکە دەنکە خوارمایەك درهەمێکتان پێدەدەم، دوای تەواوبوون هەمووی کۆدەکردەوە و دانە دانە دەیژماردن و بە قەدەر دنکەکان درهەمی پێدەدان.

لێیان پرسی: باشە قوربان، بۆ وادەکەی؟

دەیگوت : چونکە دەمەوێت شەرم نەکەن لەمن و لەبەر من نەتوانن پڕ بەگەدەی خۆیان بیخۆن و تێر نەبن، دەترسم ئەوکاتە سزابدرێم.[1]

***



---

١ - (أحياء علوم الدين، ٤ / ٤٣) (قوت القلوب، ٢ / ١٨٦)



CamScanner

## ساتێک لەتەمەنی خۆم
## بە هاوڕێکانم ببەخشم!

ئەو کاتەی غولام خەلیل لەلای خەلیفە بانگەشەی زندیقی بۆ سۆفییەکان کرد، خەلیفە فرمانی کوشتنی هەمووانی دا، بەڵام شێخ جونەیدی بەغدادی دەستی لێ نەدرا، چونکە لە شەرعدا وەکو هەڵۆبوو، لەمەزهەبی ئەبی سەور فتوای دەدا، بەڵام (شەحام و رەقام و ئەبولحسەینی نوری) گیران و بردیانن بۆ لەسێدارەدان، لەوکاتەدا نوری پێش هەموویان هاتە پێشەوە بۆ لەسێدارەدان.

جەلادەکە گوتی: بۆ چ شتێك هاتوویتە پێش؟ ئەوە ئیعدامە!

نووری گوتی: بەڵێ دەزانم، بەڵام حەزم کرد ساتێك لە تەمەنی خۆم بە هاورێکانم ببەخشم، جەلادەکە سەری سورما، ئەو هەواڵەیان گەیاندەوە بەخەلیفە، ئەویش ناردنیە لای قازی، ئەمیش هەندێك پرسیاری لێکردن دەربارەی شەریعەت، ئەبوحوسەین زۆر بەجوانی وەڵامەکەی دایەوە، پاشان گوتی: ئەی قازی پەروەردگار کۆمەڵە بەندەیەکی هەیە، کاتێك ڕاستدەبنەوە بەخوداوە ڕاستدەبنەوە، کاتێکیش قسە دەکەن لەپەروەردگارەوە قسەدەکەن، ئینجا هەندێ قسەی دیکەی کرد، قازیی خستە گریان، قازی نامەیەکی بۆ خەلیفە نوسی: ئەگەر ئەمڕۆ ئەم کۆمەڵەیە کافر و زندیقبن، ئەوا لەسەر زەوی هیچ موسڵمانێك نییە.[1]

***

---

١ - (الرسالة القشيرية , ٤٣٨) (أحياء علوم الدين , ٥ / ٣٩٢) (حلية الأولياء , ١٠ / ٢٥٠)

## ئازارەکانی ڕۆژگار

ڕۆژێک پیاوێک هاتە لای یەکێک لە گەورە عاریفان و گوتی: قوربان، ئایا دەکرێ من ئارامگرنەبم و شەکوای دڵم بکەم؟ عاریفەکە وەڵامی نەدایەوە. پیاوەکە گوتی: قوربان، بۆچی ئەوەی لەگەڵی چاکبین، تەنها بەخیانەت و زوڵم وەڵاممان دەداتەوە؟ عاریفەکە وەڵامی نەدایەوە.

پیاوەکە گوتی: قوربان، بۆچی ئەوانەی خۆشمان دەوێن، تەنها بەدوورکەوتنەوە لێمان و ڕەنجاندنی دڵمان وەڵاممان دەدەنەوە؟ عاریفەکە وەڵامی نەدایەوە.

پیاوەکە گوتی: قوربان، بۆچی ئەوانەی خۆشم دەوێن دەمرن و ئەوانەی ڕقم لێیانە دەمێننەوە؟ عاریفەکە وەڵامی نەدایەوە.

پیاوەکە گوتی: قوربان، بۆچی ئەوەندە تەنیایی و غوربەت و دڵشکان دەبێتە موڵکی من؟ دەستی بەگریان کرد. عاریفەکە وەڵامی نەدایەوە.

پیاوەکە گوتی: قوربان، بۆچی هەمیشە خەڵك بەهەڵە لەمن دەڕوانن و گومانی خراپم پێ دەبەن؟ عاریفەکە وەڵامی نەدایەوە.

پیاوەکە گوتی: بۆچی ئەوانەی لەگەڵیان ڕاستگۆدەبم، درۆم لەگەڵ دەکەن؟ ئەمجا دەستی بەگریانێکی بە کوڵ کرد.

لەو کاتەدا عاریفەکە هەڵسایەوە سەرپێ و دەستی خستە سەر دڵی پڕ لەزامی ئەو لاوە، گوتی: ڕۆڵەکەم، نازانم ئەو هەموو خۆشەویستی و ئەوینە چیە پەروەردگار لەگەڵ تۆی کردوە؟ بڕوا بکە ئەوەی لەتۆم گوێ لێ دەبێت، هەمان ئەو شتانەن بەسەر عاریفە هەرە بەرزەکان

ڕوویـان داوه، هـەر ئەمـەش وای کـردوه عاریفـان پێیـان بگوترێـت ئارامگرەکـان و خـاوەن ئیحسـانەکان، کەچی ڕۆڵەکەم تۆ هاتووی شەکوای ئـەو ئەویینـەی پـەروەردگار لـەلای بەندەیـەکی دەکـەیت! ئـەوە چ بـێ وەفایەکـە تـۆ هەتە؟

ئینجا لاوەکـە هەسـتی کـرد دونیـا سـەراوژێر بـووە و ئارەقـەی شـەرمەزاری لـەنێو چـاوانی هاتنـە خـوارەوە، گـوتی: ئێسـتە تێدەگـەم ئـەوەی پیویسـتە شـەکوای لـێ بکرێت منم، نەوەك پەروەردگار.[1]



١ - (هذا حياة , ١٦٠)

# هۆ دڵدارەکەم

شەوێك لە تاریکیدا پیاوێك لەسەر بانەوە گوێی بۆ (عوتبەی غولام) گرتبوو دەیگوت: هۆ دڵدارەکەم!

ئەگەر عەزابم بدەی،

وە یان سزام بدەیت.

هەر

خۆشم دەوێیت.

ئەگەر لێم ببوری

و

پاداشتم بدەیەوە.

هەر

خۆشم دەوێیت.[1]

***



---

١ - (تذكرة الأولياء, ٩١)

## ڕقت لە شەیتان دەبێتەوە؟

یـەکێك لەعاریفـەکان هاتـە لای (رابیعـەی عـەدەوی) و پرسیاری لێی کرد: ئایا پەروەردگارت خۆش دەوێت؟

رابیعە بەفرمێسکەوە گوتی: بەڵێ، یەکجار زۆرر خۆشم دەوێت.

گوتی: ئەی باشە ڕقت لەشەیتان دەبێتەوە؟

رابیعە گوتی: نەخێر، ڕقم لێی نابێتەوە.

پیاوەکە زۆر سەری سوڕما، گوتی: لەبەر چی ڕقت لێی نابێتەوە؟

رابیعە گوتی: ئەی برای ئازیز، من عیشقی پەروەردگار ناخ و دڵ و دەروونی داگیر کردووم، کەی کاتم هەیە ڕق بخەمە دڵێك زاتی دلبەر تیایدا نیشتەجی بێت.[1]

***



١ - (تذكرة الأولياء,١٠١) (شهيدة العشق, ٢٥٤)

## مەستی دیدار!

ئەحمەدی کوڕی حامد هاتە لای عەبدوڵای کوڕی مەنازل و گوتی: ئەمشەو لەخەودا بینیم و پێیان راگەیاندم کە تۆ ساڵێکی دیکە وەفات دەکەی، پێم بڵێ ئەی عەبدوڵا, خۆت ئامادەکردوە بۆ وەفاتکردن؟

عەبدوڵا زۆر بەوە ناڕەحەت بوو گوتی: ئەی ئەحمەد، بەڕاستی ئەو قسەیەت دڵی تەنگ کردم، من دەبێت یەك ساڵی دیکە چاوەڕێ بکەم تاکو بەحەزرەتی دڵدار بگەم، ئینجا شیعرێکی خوێندەوە کە دەڵێ: (ئەی ئەو کەسەی شەوقەکەت شکایەت دەکات لەبەر درێژی دابڕان، خۆڕاگر و ئارامگربە بەڵکو بەیانی بەحەزرەتی یار بگەیت).[1]

---

١ - (الرسالة القشيرية، ٥٥٢)

## پاداشتی ئەوەیە بەیانی بەڕۆژوو بین!

(ئەبو سلێمانی دارانی) دەڵێ: شەوێکیان لەلای (رابیعەی عەدەوی) بووم, هەڵسا بۆ لای میحرابەکەی و نوێژی کرد, منیش لە سوچێکدا نوێژم کرد, تاوەکو بەرەبەیان ڕابیعە لەسەر قاچەکانی ڕاوەستا و نوێژی کرد، کاتێ بووە نزیک نوێژی بەیانی، گوتم: پاداشتی ئەو هێز و توانایە چییە کە خودا پێی داوین لەسەر زیندووکردنەوەی ئەو شەوە؟

رابیعە گوتی: پاداشتەکەی ئەوەیە کە بەیانی بۆی بەڕۆژوو بین .[1]

---

١ - (أحياء علوم الدين , ٤\٢٤٠)

## بێبەشبوون لە گفتوگۆ لەگەڵ خودادا

جارێك گەنجێك هاتە خزمەت (حەسەن بەسری) و گوتی: من بێ فرمانیی و هەڵە و گوناهی زۆر دەکەم، کەچی دەبینم خودا هەر پێم دەبەخشێت، دەرگەی ئاسمانی بەڕومدا کردۆتەوە و هەرچیم حەز لێبێت بۆم دەبێت، لەهیچ شتێك بێ بەشی نەکردووم.

حەسەن گوتی: کوڕم هەڵدەستیەوە بۆ شەونوێژ؟

گوتی: نەخێر.

فەرمووی: ئەوەندە بەسە کەخودا بۆ بەشی کردووی لە گفتوگۆ کردن لەگەڵ خۆی، چونکە ئەو کاتە خەڵك تەنها لەگەڵ خۆشەویستانی گفتوگۆ دەکا.[1]

***



١ - (حلية الأولياء , ١٦\١٤١) (قصص العارفين , ٣١١)

## دەستکەوتنی سەفای دڵ

ئەبو حەسەنی شازلی دەڵێ: من و هاوڕێیەکم بڕیارماندا بگەڕێین بەدوای سەفای دڵ, تاکو پێی ئارامبین و دەرگەی پەروەردگار بەڕووماندا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئیدی خاڵی بین لەدونیا، ڕوومان کردە ئەشکەوتێک بۆ خواپەرستی, هەموو ڕۆژێک دەمانگوت: بەیانی یان دوو بەیانی پەروەردگار دەرگەی خۆی لێمان دەکاتەوە و دڵ و دەروونمان ڕۆشن دەبێت.

ڕۆژێك پیاوێکی بەتەمەن هاتە لامان لەئەشکەوتەکە، لە دڵی خۆم وام گومان کرد یەکێك بێت لەعاریفان، دوای بەخێر هاتن، گوتم: ئەی بەندەی خودا چۆنیت؟

گوتی: دەبێت حاڵی من چۆن بێت کە هەمیشە خودا دەپەرستم بۆ ئەوەی دڵ و دەروونم ڕۆشن بێت و دەرگەی خودایم لێ ببێتەوە و سەفای دڵ بەدەست بهێنم. هاوار لەنەفسی خۆم کە خودا دەپەرستێت بۆ ئەوەی ئامانجەکەی بەدیبهێنێت!

ئینجا ڕووی لە خۆی کرد و گوتی: باشە ئەی نەفس! بۆ تەنها پەروەردگارت ناوێ تەنها ئەو، بەبێ هیچ بەرژەوەندیەك؟

کاتێك لەقسەکانی تەواوبوو، ئێمە ڕاچڵەکین لەشوێنی خۆمان و خەریك بوو دڵمان لەلێدان دەکەوت، هەستمان کرد بەزللەیەکی مەعنەوی هەردووکمانی بەخەبەرهێنا، بەشەرمەزارییەوە تەوبەمان کرد، دوای ئەوە پەروەردگار دڵ و دەروونی ڕۆشن کردین و سەفای دڵیشی خەڵاتکردین.[1]

---

١ - (حكايا الصوفية، ٧٢)

## خۆشیی بەهەشت

ڕۆژێك ڕابیعەی عەدەوی نەخۆش کەوتبوو، کەسێك هاتە لای و پێی گوت: باشە خۆ تۆ چاك خۆت دادەپۆشیت! بۆچی نەخۆش کەوتوویت؟

ڕابیعە گوتی: ئەوە دەرئەنجامی ئەو تاوانەیە کە ئەنجامم دا.

گوتی: چ تاوانێك؟

ڕابیعە گوتی: سەیرکردنی خۆشی بەهەشت و وێناکردن و جوانی ئەویێ سەرنجی ڕاکێشام، منیش داوای بەهەشتم کرد. بۆیە پەروەردگار ئەدەبی دام و فێریکردم کە بەس

ئەوم بوێت، هەر لەبەر ئەم گوناهەشم توشی نەخۆشی کردم، بەڵام خەم لەو کەسانە دەخۆم کە خۆشی دونیا یان ئافرەتێک ڕایاندەکێشێت! ئەوان دەبێت چ سزایەك بچێژن![1]

***



---

١ - (حكايا الصوفية، ٧٣)

## موناجاتی عیشق

(بەدره سریمیە) یەکێك بوو لەئافرەتە عاریفەکان، هێندە بەقوڵی کەوتبووە داوی ئەویینەوە، لەقسەکانی هەستت بەگڕکانی ئولفەت و موحیبەت دەکرد، بەجۆرێك جامی عیشقی هەردەم لێیدەڕژا، جارێك لەدرەنگانی شەودا، لەسەر بانەوە دەنوزایەوە و بەدەنگێکی پڕ لەخەمباریەوە ڕووی لەحەزرەتی حەق کردبوو، دەیگوت: قوربان، ئەوە هێمنی بەسەر زەویی پڕ لە غوربەت داهات، ئێستا کاتی وەڵامدانەوەی داواکارانە، ئەوە چاوەکان کەوتوونە سەر یەك و ئەستێرەکانیش لە باوەشی یەك

دان، ئـەها دەبینـی ئـەوەی خۆشەویسـتە دڵدارەکـەی لـە ئامێزگرتووە، دەبینی هەر من لەگەڵ تۆ بەتەنیام،

دەتەوێ بەو دووریەت ئازارم بدەی؟

ئـەی نـابینی عیشـق لـەنێو دەمارەکـانی دڵـم هاتوچۆ دەکات!

تخوا ئازیزم وامەکە!

وامەکە! (١)



١ - (طبقات الصوفية، ١\١٠١)

## ئیبن عەرەبی دەڵێت:

جامی شەرابی عیشق

دڵی عاشقە.

نە عەقڵی ئەو و نە هەستیەتی.

چونکە دڵ بە بەردەوامی و بێ وەستان!

لێدەدات و تەپە تەپ دەکات.

لەحاڵێکەوە بەرەو حاڵێکیتر دەڕوات.[1]

---

١ - (فتوحات المكية , ١٩٦\٧)

# کڕیار و فرۆشیاری لەخواترس

جارێکیان (سرِی سەقەتی) هەندێك بادەمی کڕی بە شەست دینار، ئینجا لە دەفتەری ڕۆژانەی دوکانەکەی نووسی: ئەم بادامانە بە شەست کڕاون بە شەست و سێ دەفرۆشرێنەوە. واتا سێ دینار قازانجەکەیەتی، لە دە دینار نیو دینار قازانج، ماوەیەك تێپەڕی بەسەر ئەو کاتە بادەم نرخی بووە نەوەد دینار، دەڵاڵی بازار هاتە لای سرِی و داوای کرد پێی بفرۆشێت. ئەویش گوتی: باشە بیبە.

دەڵاڵەکە گوتی: بەچەند دەیفرۆشیت؟

سڕی گوتی: بە شەست و سێ دینار.

دەڵاڵەکە گوتی: نەخێر، تۆ هەڵەیت! ئێستا نرخی نەوەد دینارە.

سڕی گوتی: ئاخر براکەم من بەڵێنم داوە بە سێ دینار قازانج بیفرۆشم، لەوە زیاتر نایدەم.

دەڵاڵەکە گوتی : سوێند بە مەولا، منیش بەڵێنم داوە کە فێڵ نەکەم لە خەڵك، لە نەوەد دینار کەمتر لێت ناکڕم.

نە دەڵاڵەکە بادەمەکەی کڕی و نە سڕیش فرۆشتی.[1]



١ - (تاريخ بغداد، ١٨٨\٩) (تاريخ دمشق، ١٨٣\٢٠) (أحياء علوم الدين ٤٠٣\٤)

# گەرمای قیامەت

شـەعبی دەڵـێ: لـەڕۆژێکی گـەرمی هاویـنـدا، (مسـروق) بـەڕۆژووبوو، لـەناکاو بـەربووەوەو لـەهۆش خـۆی چـوو، کچەکەی لەسەرسەری دەگریاو گوتی: بابەگیان، ڕۆژووەکەت ڕۆژووی سوننەتە، دەبیشکێنە، خـۆ ڕۆژووی ڕەمـەزان نیـە! مسروق ویستی سـەری بەرزبکاتـەوە بـەڵام نـەیتوانی، ئینجا ڕووی لەکچەکەی کرد، گوتی: وەڵاهی نایشکێنم، چۆن بتوانم خۆم لەگەرمای ئەو ڕۆژەی قیامەت بپارێزم، کە پەنجا هـەزار ساڵ ڕادەوەستم، ئەگەر ئێستا بەڕۆژوو نەبم![1]

---

١ - (صفة الصفوة ، ٣\٢٥٢)

## تۆ سواریت لایە

(ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم) بڕیاری دا بەپیادە بچێتە ماڵی خودا، لەشورای شار چووە دەرەوە، توشی پیاوێکی دەشتەکی بوو کە بەسواری بەرەو شار دەهات، گوتی: ئەی ئیبراهیم بەرەو کوێ دەچی؟

ئیبراهیم گوتی: دەچم بەرەو ماڵی خودا.

پیاوەکە گوتی: جا تۆ هیچ سواریەکت پێ نییە، ئاوا چۆن دەگەیتە ئەوێ؟ ئیبراهیم گوتی: ڕۆڵەکەم، من ئەسپی سواریم زۆرە تاکو سواریان ببم. پیاوەکە گوتی: کوا؟ ئیبراهیم گوتی: ڕۆڵەکەم، ئەگەر لە ڕێگا توشی

ناخۆشی بووم، ئەوا سواری ئەسپی ئارامگری دەبم، ئەگەر توشی نیعمەت و خۆشی بووم، سواری ئەسپی سوپاسگوزاری دەبم، ئەگەر توشی بێتاقەتی و سەغڵەتی بووم، ئەوا سواری ئەسپی ڕازیبوون دەبم، ئەگەریش نەفسیشم لەڕێگادا ویستی فریوم بدا، ئەوا پێی دەڵێم ئەو تەمەنەی بەڕێتکرد زۆر زیاترە لەوەی کە ماوتە تازە چی دەکەی!

پیاوەکە فرمێسکەکانی نەدەوەستاند و بە گریانەوە گوتی: قوربان، بە خالقی ئەکبەر تۆ سواریت لایە و من پیادەم.[1]



---

١ - (حكايا الصوفية، ٧٩)

## چی لەجیهاد چاکترە؟

(عەبدوڵای کوڕی موبارەك) لەگەڵ هاوەڵانیدا چوو بۆ یەکێك لە غەزاکان، ڕووی کردە هاوەڵانی و گوتی: ئێوە هیچ کارێك دەزانن خێری زیاتر بێت لەم کارەی کە ئێمە دەیکەین؟

گوتیان: نەخێر، هیچ کارێك وەکو ئەمە نییە کە ئێمە ئێستا دەیکەین.

گوتی: بەڵام من دەزانم.

گوتیان: چ شتێکە؟

Tanya Haji

گوتی: پیاوێکی مەردی سەربڵند، دوور لە سوالکردن و داواکردن لە خەڵك، خاوەنی خێزان بێت، ئینجا شەو درەنگانێ هەڵسێت و سەیری ماڵ و منداڵەکانی بکات کە نوستوون، پاشان بە دەوریاندا بسوڕێت، ئەگەر یەکێکیان دانەپۆشرابوو ئەوا دایبپۆشێت. ئەو کارەی ئەو زۆر لەوەی ئێمە چاکترە و پاداشتی زۆرترە.[1]

***



١ - (قوت القلوب،٢\٢٤٨) (أحياء علوم الدين،٤\١٦٨)

# وامەزانە من لەتۆ باشترم

عادەتی ڕۆژانـەی (وەیسـی قـەرەنی) وابـوو، خـواردنی لەسەر زبڵدانەکان دەهێنا و دەیخواردن کە خەڵکی فڕییانٚ دەدا، ڕۆژێك چوو بۆ ئەوەی هەندێك پاشماوە کۆبکاتـەوە و لەنێو زبڵدانەکان دەگەڕا، لەوکاتەدا سەگێك هاتـە لای و وەکو ئەم دەستی کـرد بەگـەڕان بـەدوای خـواردن، کـاتیٚ وەیسی بینی ڕەویەوە و ویستی هـەڵبێت، وەیـس هـاواری لێکـرد و پێیگـوت: وەرە ئـەوەی دەتـەوی بیخـۆ، ئـەوەی منیش دەمەویٚ دەیخۆم، وامەزانە من لەتۆ باشترم، بـەڵام ئەگـەر لەقیامەتـدا مـن خرامـە بەهەشـت ئـەوا مـن لـەتۆ

ترسناك دياريت, بۆيە منداڵیش لێت دەترسێت، هەر لەبەر ئەوە منداڵەکەت ژیر نەدەبویەوە، دەبینی لـەلای مـن ژیـر بوویەوە.

عاریفەکە گوتی : نا نا هەڵەیت، ئەو بۆیە ژیر بوویـەوە، چونکە وای زانی تۆ دایکی ئەویت.

پیاوەکـە زۆر شـەرمەزار بـوو، سـەری داخسـت و ڕۆیشت.[1]



١ - (الاجوبة المسكتة، ١٥٥)

# نانی حەڵاڵ

جارێکیان ئەوزاعی گەیشت بە (ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم) کە بارێکی دار بەسەر شان و ملی بوو، پێی گوت: ئەی باوکی ئیسحاق، تاکەی تۆ بەم شێوەیە خۆت ناڕەحەت و ماندوو دەکەیت؟ هاوەڵانت لەبری تۆ دەتوانن ئەو کارە بکەن.

ئیبراهیم گوتی: ڕەحمەتت لێ بێت براکەم، واز لەوە بێنە ئەی باوکی عەمر؛ پێم گەیشتووە کە هەر کەسێك لەپێناو بەدەستهێنانی نانێکی حەڵاڵ، بە کزۆڵی و ماندوویونەوە ببینرێت، ئەوا بەهەشت دەبێتە واجب بۆ ئەو کەسە.[1]

---

١ - (تاريخ دمشق، ٦ / ٣١٦) (أحياء علوم الدين، ٤ / ٣٢٣)

## یاری من سەیرن دەکا

ڕۆژێـک (ئەبوعوبەیـدەی غـەواس) کـەوتبووە حاڵـەتی وەجدەوە و فەنابووبوو لە عیشـقی یاردا، جلـەکانی بەسـەر خۆیدا کردبوو، پڕ بە قورگی دەگریـا و دەیگـوت: وای لـەو کەیفـە، وای لـەو شـەوقە، وای لـەو خۆشـیەی مـن، یـارم سـەیرم دەکـا و دەمبـینێ، بـەڵام مـن نـاییبینم، دوای ئـەو ماوەیە کە توشی جەزبەی عیشق بوو، لەبەر شـەرمی ئـەو لوتفەی پەروەردگار پێی عەتاکردبوو لەو وەجدەدا، حەوت ساڵ سەیری ئاسمانی نەکرد.(١)

---

١ - (طبقات الصوفية، ١ / ١٦١)

## ئاساری نیعمەتەکانی خوداتان بالەسەر دیاربێ

جارێـک کۆمـەڵێك خـەڵك هاتنـە لای ئیمـامی (ئـەبو حەنیفە) و لە مەجلیسەکەی دانیشتن، یـەکێك لـە نێویانـدا جلەکانی زۆر خراپ و دڕاوبوو، کاتێك ویستیان بڕۆن، ئەبو حەنیفە گوتی: ئەی بەنـدەی خـودا تـۆ بمێنـەوە، هەنـدێك ئیشم پێتە، کاتێ بەتـەنیا مانـەوە، ئـەبو حەنیفـە گـوتی: ئـەی فـلان, ئـەو بـەڕەی پـێش خـۆت هەڵبـدەوە هـەزار درهەمی لەژێرەوەیە , هەڵیگرە و با بۆخۆت بێت.

پیاوەکـە گـوتی: ئـەی ئیمـام مـن حـاڵم باشـە و دەوڵەمەندم!

ئـەبو حەنیفـە گـوتی: براگیـان، ئـەی گوێـت لـەو فەرمایشـتە شـیرینەی حـەزرەتی خۆشەویسـت (سـەلامی خـودای لەسـەربێت) نـەبووە، کـە فەرموویـەتی:(خـودای گەورە پێی خۆشە ئاساری نیعمەتەکانی لەسەر عەبدەکان دیاربێـت) جل و بـەرگی جـوان و پۆشتە لەبـەر بکـە، بۆ ئەوەی ئێمـەش دڵمـان خۆشـبێ کـە خـوا نیعمـەتی خۆی بەسەرتدا باراندووە.[1]



---

١ - (سیرة الامام الاعظم ، ٢٤٣)

## دەمەوێ ببمە دەروێش

پیاوێك چووە خزمەت شێخ (ئەبەلحەسەنی خارقانی) پێی گوت: دەمەوێ ببمە دەروێش و خواپەرست، بۆیە دەمەوێ جلی شڕی موریدان و سۆفیان لەبەربکەم!

ئەبەل حەسەن گوتی: ڕۆڵە ئەگەر پیاو عەبای ژن بپۆشیت دەبێتە ژن؟

کابرا گوتی: نەخێر!

شێخ پرسی: ئەگەر ژن جامانەی پیاو لەسەر بکات دەبێتە پیاو؟

کابرا گوتی: نەخێر!

شێخ پاش ئەو پرسیارانە بەکابرای گوت: ڕۆڵە ئەگەر تۆش وەها خۆت دەرخەی و کردارت وەکو موریدان پاك و بێخەوش نەبێت, ئەوا دڵنیابە بەجلی شرەوە نابیتە سۆفی و دەروێش.[1]

***



١ - (تذكرة الاولياء، ٤٩٥)

## کەسێک دەناسم دوعاکان قبوڵ دەکات

ڕۆژێك یەكێك لە عاریفە مەزنەكان كەوتبووە حاڵەتی جەزبە و تێكەڵ بە جامی سەرمەدی ئیلاهی ببوو، هێدی هێدی شەهدی ویساڵی دەنۆشی و لە وجودا ڕۆدەچوو. تەواف بەدەوری دولبەردا دەكرد. پیاوێك هاتە پێش و پێی گوت: قوربان، كەسێك دەناسی دوعای قبوڵ بێت؟

عاریف سەری بەرز كردەوە و تنۆك تنۆك ڕۆندك بەچاوی دابارین و بە لەسەرخۆییەوە گوتی: من كەسێك دەناسم دوعاكان قبوڵ دەكات![1]

---

١ - (عشق الإهي، ٢٣٧)

## قسەی زانایان و پیاوچاکانی پێشوو، کاریگەرتربوو

پرسیاریان لە(حەمدونی قەسار) کرد: بۆچی قسەی زانایان و پیاوچاکانی پێشوو زۆر لە ئەمانەی ئێمە سوود بەخشترە و خەڵك زیاتر گوێ لە وتەی ئەوان دەگرێت؟

گوتی: چونکە قسەکردنی ئەوان بۆ سەربەرزی و سەرفرازی ئیسلام و ئوممەت بووە، لەهەمان کاتدا بۆ ڕزگار کردنی مرۆڤ لە نەفس و ڕازیکردنی پەروەردگار. بەڵام ئێمە بۆ سەربەرزی و گەورەکردنی خۆمان و ئارەزوو

و نەفسمان قسە دەکەین، دەمانەوێت جوانی دنیـا و ڕازی بوونی خەڵك بەدەست بهێنین.[1]

***



١ - (بستان العارفین، ٩١)

# ٧٠ حەج بە جامە ئاوێک


(ئەبو شعیبی مسری) لە ژیانی خۆیدا ٧٠ حەجی بە پێی پەتی کردبوو، لەکۆتا حەج کردنیدا بینی سەگێك لە تینویەتیان زمانی دەرهێناوە و تینویەتی خەریکە گیانی لێدەبڕێت، ئەبو شعیب دڵی قرچەی لێهات، ڕۆح خەریك بوو لەنێو گیانیدا دەردەچوو، هاواری لێ هەڵسا گوتی: کێ ٧٠ حەج بەجامە ئاوێك دەگۆڕێتەوە؟ وەرن ٧٠ حەج دەفرۆشم تەنیا جامە ئاوێکم لەبری بدەنێ!

کەسێك هات و جامە ئاوێکی پێدا و ئەویش دایە سەگەکە.

گوتیان: باشە چۆن خێرو چاکەی ٧٠ خەج دەگۆڕیەوە بەجامە ئاوێك؟

گوتی : سوێند بەخوا ئەو کارەم لە ٧٠ حەجەکەم چاکتر بوو، چونکە رزگار کردنی ڕۆحێك بوو.[١]

***



---

١ - (نفحات الأنس، ٢٤٦)

# سەرخۆش و عاریف

موحەمەدی کوڕی قودامە دەڵێت: (بیشری خافی) توشی پیاوێکی سەرخۆش بوو، لەو کاتە سەرخۆشەکە بەڕووخۆشیەوە هاتە لای بیشر و دەستەکانی ماچ کردن، و دەیگوت: گەورە و سەردارم (ئەی ئەبونەسر)!

بیشریش بەدڵفراوانیەوە لەباوەشی کرد و لەخۆی دوورنەخستەوە، کاتێ پیاوەکە تێر باوەشی لەبیشردا و ماچیکرد ئینجا ڕۆیشت، بیشر دەستی کرد بەچاویەیەوە و تنۆک تنۆک ئەسرینی هەڵدەڕشت.

گوتم: بۆ دەگریت؟

گوتی: دەزانی پیاوێك پیاوێکی دیکەی خۆشدەوێت تەنها لەبەر ئەوەی پێی وایە خواپەرستە، بەڵام من لەوە دەترسم ئەو خۆشەویستە ڕزگاری ببی بەلام خۆشویستراوەکە نازانێ حاڵی چۆنە، ئایا ڕزگار دەبێت لە ئاگر!؟ .[1]

***



١ - (بحر الدموع، ٣٧)

# گەنجێکی ئالی تەریقەت

ئیبنو ماجد دەڵێت: من سۆفیەکانم زۆر خۆشدەویستن، ڕۆژێك چوومە کۆڕ و زکرەکەیان، کەسێکم بینی لەناویاندا هێندە جوان و نورانی بوو، بەتوبایە چاوت لەسەری وەرنەگێڕیت، هەر گوێی لەقورئان خویندن بوایە دەستی بەهەنسك کردن دەکرد و چاوەکانی دەبوون بە فوڕاتی دونیا، فرمێسکەکانی بارانی بەهار دەبارینە سەر گۆنای و دەیگوت: الله. الله. الله. الله...، منیش سەرم سوڕما لێی، ئاخر ئەو لەتەمەنی لاویدابوو، ئەو هەموو ئەسرین ڕشتن و ناڵە و نوزانەوەیە بۆچییە! لەهەندێ سۆفی ئەوێم پرسی: باشە ئەو کوڕەلاوە بۆ وادەکات؟

گوتیان: لەوەتـەی بەیعـەتی وەرگرتـووە و تەوبـەی لەدونیا کردوە، هەمیشە حـاڵی ئاوایـە و زۆرتـرین کـاتیش خەریکی نوێـژە، لەوکاتـەدا قورئانخوێنەکە ئەو ئایەتـەی خوێنـد (فَـاذْكُرُونِي أَذْكُـرْكُمْ) (البقـرة : ١٥٢) . یەکسـەر هەڵسایە سەر پێیان و گوتی: هۆ پەروەردگاری مەزنی من، سوێند بەتۆ سەرگەردان و داماوە ئەو کەسەی جگە لـەیاد و زیکـری تـۆ شـتێکی تـری لەدڵـدا بێـت، جا تخـوا لـەو مەملەکەتی کاکی بە کاکی دونیادا جگە لەتۆ، هیچ کەس و شتێك هەیە تا یاد و زیکـری بکرێـت ئـەی ئارامی دڵـان و حەبیبی جانان .[1]



---

١ - (بحر الدموع، ٦٥)

# ئەویین چیە؟

پرسیاریان لە ئەبوبەکری وەڕاق کرد دەربارەی ئەویین؟

گوتی: حەقیقەتی ئەویین و خۆشەویستی ئەوەیە, کە لە هەموو باروکاتێکدا مەحبوبەکەت لەبەرچاو بێت، چونکە مرۆڤ گەر سەرقاڵی ئەوانی دیکەبوو ئیدی مەحبووب و یاری خۆی ون دەکات، بزانن بنچینە و بناغەی ئەویین بریتیە لەتەسلیم بوون و یەقین، ئەگەر وابوو ئەوا ئەو کەسە یەکێك لەیاران و دۆستانی حەق و لە دوارۆژدا لە جەننەتدا لە نزیك دولبەری دەبێت.[1]

---

١ - (بحر الدموع، ٨٨)



CamScanner

## مەولانای ڕۆمی دەیگوت:

دەست نوێژ بەموحیبەت بشۆ.

ئینجا بەئاو.

چونکە نوێژ!

بەدڵێکی پڕ لەڕق

دروست نییە.[1]

***

---

١ - (مسنوی معنوی – ٣ / ٢٥٦)

## حەلاج دەیگوت:

من
خۆشەویستی تۆ
نەخۆش و حەیرانی کردووم.
جا چۆن دەکرێت؟
گلەیی و شەکوای حالّم
لەتۆ
بکەم.
کەی دەکرێت لەدەست تۆ
شکایەت بکەم؟![1]

---

١ - (دیوان الحلاج , ٣٥)

## لێخۆشبوونی گوناهـ چۆنە؟

پرسیاریان لە(سوفیانی کوڕی عویەینە) کرد: ئایا لێخۆشبوونی گوناهـ چۆنە؟ گوتی: هەر کەسێك گوناهـ و تاوانی لەڕووی شەهوەتەوە بێت، دەرگەی تەوبەی بەڕوو کراوەتەوە و پەروەردگار لێیدەبورێت، چۆن باوکە ئادەمی بەخشی لەبەر گوناهی شەهوەت و حەزەکانی، بەڵام ئەگەر گوناهەکەی لەڕووی کیبر و فیز و خۆبەشت زانین بوو، دەترسم پەروەردگار هەرگیز لێی خۆش نەبێت، هەروەك چۆن ئیبلیسی دوور کرد لەڕەحمەت و شەفەقەتی خۆی، تاکە کێشەی ئیبلیس خۆبەشت زانین بوو.[1]

---

١ - (صفوة الصفوة، ٢ / ١٢٧)

## موسڵمان و فیرعەون

یەکێ لە عاریفان دەیگوت: کاتێک فیرعەون دەیگوت: أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَى پەروەردگار فەرمووی بە حەزرەتی موسا و هارون : اذْهَبَا إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى * فَقُولَا لَهُ قَوْلًا لَيِّنًا .

سبحان الله ئەی پەروەردگار!

ڕەحم و بەزەیی و نەرم ونیانیت بەرامبەر کەسێک ئەوەندە زۆر بێت کە دەڵێت: أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَى!

ئەی دەبێت لوتف و میهرەبانی ئەو زاتە بەرامبەر کەسێك چۆن بیت کە دەڵێت: سبحان ربي الأعلى! ؟[1]

---

١ - (قلب تهوي العطاء - ٥٦)

# دوو مێرووڵە

سوڵتانی عاریفان (بایەزیدی بوستامی) لە هەمەدان پارچە بەڕێکی بە تەرازوو کڕی، و گەڕایەوە بوستام. کاتێ کردیەوە دوو مێرووڵەی تێدا بینی، لەوێوە گەڕایەوە هەمەدان و دوو مێرووڵەکەی کێشا نەوەك زیادەی کەوتبێتە سەر و لە جێگاکەی خۆی دوو مێرووڵەکەشی دانایەوە.

گوتیان: لەبەرچی واتکرد؟

گوتی: چۆن دوو مێرووڵە سەرگەردان بکەم لە مەملەتێکی بێگانە و ژیانیان لێ بشێوێنم.[1]

---

١ - (تذكرة الاولياء، ٢٤٠) (الزهد، ١١٨)

# گوناهێکی کۆن

هەندێ لە دۆستان (عوتبەی غولام) یان بینی لە شوێنێک، وەرزی زستان بوو بەڵام ئارەق هەموو لەشی داگیر کردبوو، لێیان پرسی: ئەوە بۆ ئاوات لێ هاتووە؟

گوتی: ئەمە ئەو شوێنەیە بەر لە چەندین ساڵ گوناهێکم لێکردوە، و ئێستە بیرم کەوتەوە کە تێپەڕ بووم بێرەدا. بەڕاستی لەشەرمان و لەترسان ئاوام لێهاتووە.چۆن جورئەتم کردووە لە بەردەم حەزرەتی یار ئەو گوناهە بکەم.[1]

---

١ - (الرسالة القشيرية، ٢٣٥)

# کەعبە دەسوتێنم

ڕۆژێك (شیبلی) هێندە عیشق تینی بۆ هێنابوو، لە مەستی و فەنابوونیدا، شەوق و حاڵ لەناخی ئەخوساند، بۆیە ئاگرێکی بەدەست گرتوو و ڕۆیشت، گەنجێك پێشی لێگرت گوتی: ئەوە بۆ کوێ دەڕۆی شیبلی؟

شیبلی گوتی: دەچم کەعبە دەسوتێنم، تاکو خەڵك لەمەودوا تەنیا و تەنها خودا بپەرستن، واز لەکەعبەش بهێنن، هەر یار بکەنە جێگای نەزەر و ئاگایی.[1]

---

١ - (تذکرة الاولیاء ٤٦٥)

# بەبێ گوناهی تۆیان دەوێت

جارێکیان (ئەبو عەمری نوجەید) لەکۆڕی حەزرەتی (ئەبو عوسمانی حیری) دادەنیشێت و قسەکانی کاری تێدەکات و تەوبە دەکات، پاش ماوەیەك تەوبەکە دەشکێنێت و دەڕوات هەر کاتێ بە ئەبو عوسمان دەگەیشت هەڵدەهات، تاکو ڕۆژێك ئەبو عوسمان پێی دەگات و پێدەڵێت : ئەی کوڕی خۆم هاوەڵی ئەو کەسانە مەکە کە تەنیا بەبێ گوناهی تۆیان دەوێت و بەگوناهباری لێت ڕادەکەن، بەڵام بزانە من بە هەردوو شێوە تۆم دەوێت . ئەوەبوو دوای ئەمە ئەبو عەمر تۆبەیەکی کرد و گەڕایەوە مەیدانی عاریفان.[1]

---

١ - (الرسالة القشيرية، ٢٠٣)

## یەکێک لە دەروێشەکان تەوبەی کرد

عاریفی مەزن (ئەبو عەلی دەقاق) دەڵێت جارێك یەکێك لە دەروێشـەکان تەوبـەی کـرد و پاشـان تەوبەکـەی شـکاند و ساردبونەوە ڕووی تێکرد, ماوەیەك بیری کـردەوە و لـەناخی خۆیـدا دەیگـوت: گـەر دوبـارە تەوبـە بکـەم و بگەڕێمـەوە حوکمەکەم چی دەبیت؟

لەخەودا پێیان گوت: ئەی فڵان گوێڕایەڵی ئێمەت کرد و ئێمـەش سـوپاسمان کردیـت، پاشـان وازت لێهێنـاین و ئێمـەش دوبـارە مۆڵـەتمان پێدایـەوە. گـەر بگەڕێتـەوە بۆلامان قـەبوڵت دەکـەین. بۆیـە دەروێشـەکە گەڕایـەوە و ئیدی لەو ڕێگایە نغرۆ بوو تاکو شادی بەدەست هێنا.[1]

---

١ - (الرسالة القشيرية، ٢٠٣)

## ئایا خودا تەوبەم قبوڵ دەکات؟

پیاوێك پرسیاری لە (رابیعەی عەدەوی) کرد: من گوناهـ و تاوانم زۆر کردوە گەر تەوبە بکەم ئایا خودا تەوبەم قبوڵ دەکات؟

رابیعە فەرمووی : نەخێر، گەر تەوبەت قبوڵ بکات، ئیستا دەمێك بوو کردبووت، کەس هەیە لە میهرەبانی ئەودا هێندە بێ ئەمان بێت! لە کاتێك بزانێت هەڵەیە و بشزانێت دەچێتە حزووری، ئەو هەموو ماوەیەش تەوبە نەکات![1]


---

١ - (الرسالة القشيرية، ٢٠٠) (شهيدة العشق، ١٤٩)

## کارمەندێکی شارەوانی

شێخ (بخیت موتیع) موفتی میسڕ بوو، دەگێڕێتەوە: هێشتا نەببوم بەموفتی، ڕۆژێك نوێژی جومعەم لە مزگەوتی حەزرەتی حوسێن دەکرد، کارمەندێکی شارەوانی لە نزیکم دانیشتبوو و گێسکەکەشی لە تەنیشت خۆی دانابوو، نوێژی تەواو کرد و دەستی بەدوعایان کرد، گوێم لێبوو دەیگوت: (خودایە! ماندوبووم) هەندەك دوعای دیکەشی کرد تێینەگەیشتم، لەدڵی خۆمدا گۆتم: ئەو پیاوە گلەیی لەخودا دەکا! ئەوە چۆن دەبێ؟ کە نوێژی سونەتم کرد چاوم گێڕا بیبینمەوە و هەندێك پارەی بدەمێ و ئامۆژگاری بکەم، بەڵام نەمبینیەوە.

هیوام نەما و بەتەما بووم بڕۆم، خۆم نەویکردەوە بۆ ئەوەی پێڵاوەکانم لەپێ بکەم، کەسەك هات و پێی لەسەر پێڵاوەکەم دانا، زۆرم پێ سەیر بوو، سەرم بڵندکرد بینیم کارمەندەکە بوو، شانی گرتم و بەهێواشی ڕاستی کردمەوە، بینیم ڕوخساری زۆر نوورانی بوو، بەزمانەکی نەرم گۆتی: چ بووە موفتی؟ ماندی بوومە! ئیسراحەت بکەم! ئەتوو چ کارت بەمندا هەیە؟! خۆ پەروەردگار شکایەتی منی لەلای توو نەکردبوو، ئیدی واز لەخەڵکی بێنە و خەریکی ئیشی خۆتبە. بەجێی هێشتم، مانگێکی پێ نەچوو بومە موفتی میسر.[1]



١ - (من ذكريات بخيت موتيع)

# من هەژار نیم

جارێکیان پیاوێك هەندێك پارەی هێنـا بۆ لای پێشـەوا (ئیبراهیمی کوری ئەدهەم) بە دیاری، ئیبراهیم گوتی: لێت وەردەگرم، بەڵام بە مەرجێك؟

پیاوەکە گوتی: چییە مەرجەکەت؟

ئیبڕاهیم گوتی: بەو مەرجەی کە تۆ هەژار نەبیت.

پیاوەکە گوتی: نەخێر قوربان, من هەژار نیم و سامانم زۆرە.

ئیبڕاهیم گوتی: چەندت پارە هەیە؟



CamScanner


پیاوەکە گوتی: هەزار درهەم.

ئیبراهیم گوتی: پێت خۆشە چوار هەزار درهەمت هەبێت؟

پیاوەکە گوتی: بەڵێ، بەدڵنیایەوە.

ئیبراهیم سەیرێکی کرد و گوتی: ئەی پیاو، تۆ هەزاری هەڵسە پارەکەت ببەو بڕۆ. دەوڵەمەند ئەو کەسەیە قەناعەتی بەبەشی پەروەردگار هەبێت

هەرچەندی پێبدات قبووڵی بێت.(١)



١ - (بستان الواعظين , ٢\١\٢٧)

## ئەوەی من دەمەوێت نزیکی دڵە لە مەولا

(بیشری حافی) کاتێك دەچووە مزگەوت بۆ ئەنجامدانی فەریزەی جەماعەت، هەمیشە لە ڕیزی پشتەوە دەوەستا و هەرجارەی دەچووە لایەك، ڕۆژێك یەكێك پێی گوت: ئەی بیشر، لەبەرچی ناچیتە ڕیزی پێشەوە و لەوێ نوێژ بكەیت؟

بیشر گوتی: براگیان، ئەوەی من دەمەوێت نزیکی دڵە لە مەولا، نەوەك نزیکی جەستە، لێگەڕێ هەر لەدوورەوە ئارامترم و بێخەمم، دەنا دەڵێن بیشر پیاوی باشە و هەمیشە لەڕیزی پێشەوەیە.[1]

---

١ - (عارف بالله بشر بن حارث الحافي, ٧٣)

# باوەکوشەیتانم لێنەیەت

ڕۆژێك (بیشر حافی) هێندە تینی ویسال بوو، دڵ و ڕۆحی کەوتبوونە حاڵەتی حەلۆەلا، دەستی کرد بە نوێژ کردن و ڕازی دڵی خستە نێو فرمێسکەکانی و ئەیرژاندنە سەر ڕیشی، بە لێوی پڕ لە شەهدەوە کەوتە بسم الله الرحمن الرحيم، الحمدلله الرب العالمين ......، ئاگاداری ئەوە نەبوو پیاوێك بێ ئەوەی بیشر هەست پێ بکات لەگەڵیدا کەوتە نوێژ کردن، نوێژێکی ئەوەندە پڕ لە جۆشی کرد کەوتبووە ژێر باری ڕەحمەت و میهرەبانی پەروەردگار و بە ئاشکرا بەرەکەت و فەیزی ئیلاهی وەکو باران دەڕژانە سەر ئەو شوێنە. کاتێ بیشر سەلامی نوێژی دایەوە بینی

ئـەوە پیاوێـك لـە دواوەی وەسـتاوە. زۆر پێـی تێکچـوو بەجۆرێك ناخی داخورپا، ڕووی لەپیاوەکـە کـرد و گـوتی: برای ئازیزم، نەکەی بەو نوێژە سەرسامم ببیت و وابزانیت من پیاوچاکم، هەرگیز نەکەی بەو کارەم بمکەیتە جێگای سەنا و ستایش و لـەلای خـەڵك باسـم بکـەیت، بـیرت بێـت ئیبلیس گەورەی فریشتەکانی دونیابوو، بـەڵام بـەو فیـز و خۆبەشتزانینەی کە ئەنجامیدا, خـۆی لەڕەحمـەتی خـودا دوورکردەوە، بۆیە دوورنییە بەو بینینەی تۆ منیش هەمان شتم بەسەر بێت، سوێندت دەدەم نەکـەی ئـەو خراپەیـەم لەگەڵ بکەیت و بە چاکە باسم بکەیت.[1]



---

[1] - (عارف بالله بشر بن حارث الحافي – ٧٣)

# گەورەترین بەڵا

**بە بیشری حافییان گوت: گەورەترین بەڵا لە دونیا بەسەر کەسێك دابێت چییە؟**

گوتی : وای هاوار لەو بەڵایە گەورەیە !

پەروەردگار بتۆرێنیت و لەدەستی بدەیت.[1]

***

---

١ - (نفحات الأنس، ١٣٤)

# ژنێکی خواپەرست

زننونی مسرِی دەڵێت: ژنێکی خواپەرستم بینی، کاتێ لێی نزیک بوومەوە ئەویش بەرەو ڕووم هات، سەلامی لێکردم و منیش سەندمەوە، گوتی : لەکوێوە دێی؟

گوتم: لەلای دانایەکی وەها کە نمونەی نییە.

هاوارێکی لێ هەڵسا و گوتی : هاوار بۆ تۆ، چۆن لەگەڵ ئەودا هەستت بەتەنیایی کرد تاکو بەجێیبهێڵیت و بێیتە ئێرە؟! ئەی نازانیت ئەو هاودەمی تەنیاکان و پاڵپشتی بێهێز و لاوازەکان و گەورەی گەورەکانە! چۆن دڵت ئەو ناپاکیەی لەگەڵ کردیت و دیداری ئەوت وەلا نا!

ئەو قسانە یەك یەك دەمارەکانی جەرگی بڕیم و دەستم کردە گریانێکی بە کوڵ.

گوتی: بۆ دەگریت ؟

گوتم: ئەی ئافرەت دەستت خستە سەر برینێکی بی قەتماغە و خوێت خستە سەری، تکایە چارەسەرم بکە.

گوتی: ئەگەر ڕاستگۆ بوایت ئەوە نەدەگریایت!

گوتم: دیارە ڕاستگۆ ناگریت؟

گوتی: هەرگیز.

گوتم: لەبەر چی؟

گوتی: چونکە گریان ڕاحەتە بۆ دڵ و ئەمەش لەلای عاریفان لەحورمەتی دڵ ناوەشێتەوە.

گوتم: ئامۆژگاریم بکە، ئەگەر دەتوانیت.

گوتی: لەشەوقی دیداری حەق دا, خزمەتگوزاری باری تەعالابە، ڕۆژێك دێت یاران و دۆستانی ئەو تیایدا دێن و ئەمیش پڕ عیشقیان دەکات. نابینیت حەق لەم دونیایەدا جامێکی ئەوینی خۆی پێداون، کە هەرگیز تینوو نابن.

پاشـان ئافرەتەکـە لـەهۆڕژنی گریانیـدا و کانیـاوی دڵـانی تەقین و کەوتە موناجات: پەروەردگارم، گـەورە ومـەولام، تا چـەندی دی لـە خانەیەکدا بـەجێم دەهێڵـی کـە تیایـدا هاودەمێکم دەست ناکەوێت لەو بەڵایەی دووریت هاوکاریم بکات!؟.[1]

***



١ - (بحر الدموع، ٦٣)

# ناتوانم سەیریان بکەم

ئەحمەدی کوڕی توسی دەڵێ:

هەر کاتێك پیاوێکی گاور (نەصرانی) بە لای (ئەحمەدی کوڕی حنبل) دا بڕۆیشتبا، ئەوا ئەحمەد چاوی دەنوقاند و سەیری نەدەکرد،

پرسیاریان لێی کرد: بۆچی وا دەکەی؟

گوتی: ناتوانم سەیری کەسێك بکەم کە درۆ و بوختان هەڵدەبەستێت بە دەم پەروەردگار و فەرموودەی پەروەردگار بەدرۆ بزانن کە حەزرەتی (عیسا) پێغەمبەرە،

کەچی ئەوان دەڵێن کوڕی خودایە و لەخاچ دراوە بێگومان ئەوەش پێچەوانەی فەرمایشتی پەروەردگارە.[1]

***



١ - (مناقب احمد بن الحنبل , ٤٥٠)

## کێ فریوی داوی؟

جارێکیان لەمەجلیسێك وتیان کەس ناتوانێ فریوی پێشەوا (ئەبو حەنیفە) بدات، لەوکاتە ئەبو حەنیفە زەردەخەنەیەکی کرد. ئینجا گوتی: هەڵەتان کرد، منیش فریودراوم.

گوتیان: چۆن ئەی ئیمام؟

گوتی: جارێك لەبازار دەڕۆیشتم، ئافرەتێك ئیشارەتی بۆ کیسێك کرد کە لەڕێگا کەوتبوو، منیش وامزانی هی ئەوە بۆیە هەڵمگرتەوە و بۆمبرد.

گوتی: با لای خۆت پارێزراو بێ هەتا خاوەنەکەی دەدۆزیەوە.

ئەوجارە ئەو ئافرەتە چاك فریویدام.[1]

***



١ - (الف قصة وقصة , ١٥)

## من پێش ئەو قۆڵبەستم کرد

ئەبو عەباس توسی زۆر رقی لە ئیمامی (ئەبو حەنیفە) دەبوویەوە، جارێکیان لەلای خەلیفە (ئەبو جەعفەری مەنسور) دانیشتبوو، ئیمام لەوکاتەدا هاتە ژوورەوە، ئەبو عەباس لەدڵی خۆی گوتی: ئەمڕۆ ئەبو حەنیفە بەکوشت دەدەم. ئینجا ڕووی تێکرد و گوتی: ئەبو حەنیفە، هەندێك جار خەلیفە لەملی هەندێك کەسدەدا و دەیانکوژێت، کەسەکەش نازانێ چی کردووە؟ ئایا ئەمە حەقە یان نا؟

ئەبو حەنیفە گوتی : ئەبو عەباس، تۆ چۆن تێدەگەیت؟ وا گومان دەبەی خەلیفە بەحەق یان بەناحەق بیانکوژێت؟

ئەبو عەباس گوتی: بەحەق.

ئیمام گوتی: مادام حەق ببینە و لێی مەترسە.

ئەبو عەباس کە گوێی لەوەڵامەکە بوو شەرمەزار بوو هیچی نەگوت.

ئەبو حەنیفە بەنزیکەکانی خۆی گوت: پێش ئەوەی قۆڵبەستم بکا من قۆڵبەستم کرد.(١)



١ - (الذكاء الاعلماء، ٣١١).

## لەبەر خاتری تۆ
## دڵمان خاوێن کردەوە

(مالیکی کوڕی دینار) گوتی: جارێك بە کۆڵانەکانی بەسرە دەڕۆیشتم بینینم پیاوێك سەرخۆشە و بەلادادەهات, ئینجا بەر بۆوە و لەسەر پشت کەوت هەر دەی گوت (الله، الله, الله)، منیش زۆر پێم ناخۆش بوو کە ناوی خودا لەم دەمە پیسە بێ کە ئارەقی پێدا دەهاتە خوارەوە! بەپەلە چووم ئاوم هێنا و دەم و چاوم شوشت و گوتم: خودایە ڕێگای ڕاستی پیشانبدە.

ئینجا بەجێم هێشت و چوومەوە ماڵەوە، شەو لەخەودا پێیان گوتم : ئەی مالیك تۆ لەبەر خاتری ئێمە دەمی ئەو

سەرخۆشەت پاك كردەوە, ئەوا ئێمەش لەبەر خاتری تۆ دلّمان خاوێن كردەوە.

یەكسەر بەخەرهاتم بینیم نزیكی نوێژی بەیانییە. بەرێكەوتم بۆ مزگەوت لەهەمان رێگە ڕۆیشتم كە عیشا لێی هاتبوومەوە چاوم بەكابرایەك كەوت دەگریا و دەیگوت: خودایە لەبەر دەرگەی میهرەبانیت وەستام پەشیمانیم لیّ وەربگرە, ئەوا تەوبەم كرد.

دەی گوت: ئەگەر تۆبەت لیّ وەرگرتم, نیشانەیەكم نیشان بدە تاكو پیرۆزبایی لەخۆم بكەم، یان ئەگەر لێت وەرنەگرتووم با سەرەخۆشی لەخۆم بكەم.

مالیك دەلّیّ: لێی نزیك بومەوە و بینیم هەر ئەو سەرخۆشەیە كە عیشا دەمیم پاك كردەوە, پرسیم: حالّت چۆنە ئێستا ئەی بەندەی خودا؟

وەلّامی داوەو گوتی: ئەو كەسەی رێگای راستی نیشاندام هەر ئەو كەسە بوو كە تۆی ئاگادار كردەوە لەپاك كردنەوەی دلّی من.[1]

---

١ - (صفة الصفوة , ٣\ ٢٩٦)

## حەلاج دەیگوت:

بە مەحبوب بڵێن:

ئەرێ

ئەو

کزبوون و کەساسییەی من

دەبینێت؟

دەبا بەزەیی خۆی بنوێنێت وعەفوی خۆی پێمان لوتف بکات.

با پێشی هاتنەوە لای

لوتفی

ئەو

نۆش بکەین.[1]

***



[1] - (دیوان الحلاج , ٣٠)

## گەردەنم ئازا بکە لەبەر من ئازارت پێگەیشتووە

جارێکیان ئیمام (ئەبو حەنیفە) لەگەڵ (شەقیق) بە ڕێگایەک دا دەڕۆیشتن، پیاوێکیان بینی کە خۆی لەوان دەشاردەوە تا نەیبینین، ئەبو حەنیفە گوتی: ئەی فلان، ئەوە بۆ هەر کات پێتدەگەم, خۆت لەمن دەشاریتەوە؟

پیاوەکە هاتە پێشەوەو سەری هێنایە خوارەوەو گوتی: ئەی ئیمام, من (دەهەزار) درهەمی تۆ قەرزارم و نەمتوانیوە بۆت بگەڕێنمەوە، هەر جارێک کە دەتبینم شەرم دەکەم بۆیە خۆم دەشارمەوە.

لەو کاتەدا ئەبو حەنیفە دەستی بەگریان کرد گوتی:
سبحان الله! لەبەر ئەمە تۆ وات بەسەر هاتووە، گەردەنت ئازا بێت و پارەکەم ناوێتەوە، گەردەنی منیش ئازا بکە کە لەبەر من توشی ئازار بوویت.[1]

***



---

١ - (الزهد , ١٨٧)

## مەنسوری حەلاج دەیگوت:

پەروەردگاری من.

چ شوێنێك هەیە لەسەر زەوی؟

خاڵی بێت

لەتۆ!

تاكو بێین

لە ئاسمانەكاندا

بەدوای

تۆ.

بگەڕێن![1]

---

١ - (ديوان الحلاج , ٢٧)

## کراسێک زیاتر دوات دەخات بۆ بەهەشت

ئیمامی (قشیری) لەیەکێك لەپیاوچاکان دەگێڕێتەوە دەڵێ لەخەومدا بینیم قیامەت ڕابووە، بینیم (موحەمەدی کوڕی واسع) و (مالك کوڕی دینار)یان بردە بەهەشت, منیش سەیرم کرد بۆ ئەوەی بزانم کامیان زووتر دەبەنە بەهەشت، سەیرم کرد (موحەمەدی کوڕی واسع) زووتر چووە بەهەشت .

منیش پرسیارم کرد بۆچی ئەو زووتر چووە بەهەشت؟

وەڵامیان دامەوە, گوتیان : لەبەر ئەوەی موحەمەدی کوری واسع یەك کراسی هەبوو، بەڵام مالیك دوو کراسی هەبووە لەونیا.[1]

***



١ - (أرشاد العابدين , ٥٢)

## پیاوەتی نییە
## قارانج لە هاوڕێکەم وەربگرم

عەلی بن حەفسی بزاز دەڵێ:

یەکێك لە هاوڕێکانی (ئەبو حەنیفە) هاتە لای و گوتی: ئەی نوعمان پێویستم بە کراسێکە بۆ خۆم بیکڕم.

ئەبو حەنیفە گوتی: چ ڕەنگێك و چ جۆرێك بێت؟

گوتی: ئاوا و ئاوا بێت.

ئەبو حەنیفە گوتی: هەندێك سەبر بگرە ان شاءالله بۆت پەیدا دەکەم.

دوای هەفتەیەك پیاوەکە هاتەوە، ئەبو حەنیفە گوتی: ها ئەوە کراسەکەی داوات کردبوو.

پیاوەکە سەیری کرد زۆر جوانبوو، بەئەبو حەنیفەی گوت: نرخەکەی چەندە؟

ئەبوحەنیفە گوتی: درهەمێك.

پیاوەکە گوتی: ئەی ئەبو حەنیفە گاڵتەم پێ دەکەی، ئەوە زۆر گرانترە و بایی پانزە دینار دەبێت؟!

ئەبو حەنیفە گوتی: نەخێر، بەڵام بابەتەکە ئەوایە کە پیاوێك هات دوو کراسم لێی کڕی بەبیست دینار و درهەمێك، کراسێکیانم بەبیست دینار فرۆشت و ئەو کراسەش بەدرهەمێك بەتۆ دەفرۆشم چونکە تۆ هاوڕێمی و دەتناسم, من قازانج لەهاوڕێی و ناسیاو وەرناگرم.

عەلی دەلێت, گوتم: ئەی ئەبو حەنیفە خۆ دەتوانی بەزیاتر لەدرهەمێك پێی بفرۆشیت، ئەو هەر رازی بوو.

ئەبو حەنیفە گوتی: دەزانم، بەڵام ئەوە پیاوەتی نییە کە قازانج لەهاوڕێی خۆم وەربگرم.(١)

---

١ - (مناقب ابی حنیفة , ٢٦٦)

## شەیتان ناهێڵێ شەونوێژ بکەی

جارێك پیاوێك هاتە خزمەت پێشەوا (ئەبو حەنیفە) و پێیگوت: من پارەم لە شوێنێك داناوە، بەڵام ئێستە لەبیرم چووە کە لەچ شوێنێکە، چی بکەم تا بیرم بێتەوە؟

گوتی: رۆڵە، بڕۆوە بۆ ماڵ لەپاش عیشا دەست بە شەونوێژ بکە هەتا نوێژی بەیانی، ان شاءالله خودا جێگاکەت بەبیردێنێتەوە.

پیاوەکە شەو دەستی بە شەونوێژ کرد چەند رکعەتێکی کرد یەکسەر بەبیری هاتەوە لەچ شوێنێکی داناوە، بۆیە

نووســـت. بــەیانی هاتــە خزمــەت ئــەبو حەنیفــەو بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاوە.

ئەبو حەنیفە گوتی: مـن دەمزانـی کـە شـەیتان هـەموو شتێك دەکات بۆ ئـەوەی نوێژەکـەت پـێ ببڕێت، خۆزگـە هەتا نوێژی بەیانی شەونوێژت بکردبا و سوپاسـی خـودات بکردبا.[1]

***



١ - (مناقب ابي حنيفة , ١٤٨)

## ژیان چۆنە

شعبی دەفەرمووێ :

یەکێك لە هاوڕێکانی (وەیسی قەرەنی) هاتە لای بۆ سەردانی کردنی، گوتی: چۆن تێگەیشتی لەو ژیانە؟

وەیس گوتی: گەیشتم بەوەی حەمدی خودا بکەم.

پیاوەکە گوتی: دونیا چۆن دەگوزەرێ لە لای تۆ؟

وەیس گوتی: دونیا لەسەر پیاوێك چۆن بێت کە بەیانی هەڵدەستێ وا گومان دەبا ناگاتە شەو، وە شەو گومان وا دەبا ناگاتە بەیانی!

نازانیّ مزگێنی بەهەشتی پێ دراوە، یان مزگێنی جەهەنەمی پێدراوە؟! پاشان گوتی: ئەی براکەم مردن و یادکردنەوەی لێی، نایەڵێ ئیماندار دڵخۆش بێت، ئەگەر زانیاری بەوە هەبێت کە خودا هەیە، لە دوای خۆی پارەی زێڕ و زیو بە جێ نایەڵێ، ئەگەر زانیاری بە قیامەت هەبێت لە پاش خۆی هاوڕێی بە جێ نەدەهێشت.[1]

***



---

١ - (حلیة الأولیاء , ٨٣\٦) (صفة الصوة , ٢٣٩\٣)

## ڕێزگرتن لە زانست

ڕۆژێکیان زانایەکی پایەبەرز سەردانی خەلیفە (هارون ڕەشید) دەکات لە کۆشک، ئەو زانایە نابینایە و چاوەکانی لەدەست دابوو، ئامۆژگاری خەلیفە دەکات، قسەکانی زۆر کاریگەر دەبێت بە ڕادەیەك هارون دەست دەکا بە گریان، پاش ماوەیەك خەلیفە بانگی ئەو زانایە دەکات و ڕێزێکی زۆری لێ دەنێ و خواردنی بۆ دادەنێت، کاتێ خواردنەکە تەواو دەبێت خەلیفە هەڵدەستێ ئاوی بۆ دێنێ بۆ ئەوەی دەستی بشوا کە سەیر دەکا ناتوانێ دەستی خۆی بشوا، ئینجا خەلیفە دەستی دەگرێ و خۆی دەستی دەشوا و پێی دەڵێ: ئایا دەزانی کێ دەستت دەشوا؟



CamScanner

زانایەکە دەڵێ: نەخێر.

خەلیفە دەڵێ: ئەوەی دەستت دەشوا (أمیر المؤمنین)ە، لەو کارەم تەنها مەبەستم ڕێزگرتن بوو لە زانستەکەت.[1]

***



١ - (البدایة والنهایة , ١٧\٢٠٥)

## گەورەکردنی فەرموودە

ئەبی ئەویس بۆمان دەگێڕێتەوە:

هەر کاتێک پێشەوا (مالیک) ویستبای قسە بکات دەربارەی فەرموودەکانی ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت). دەست نوێژی دەشوشت و ڕایەخەکی خاوێن دادەنا، و ریشی دادەهێنا و شانەی دەکرد و بۆنی لەخۆی دەدا، بە جوان و پۆشتە و بە هەیبەت و ویقارەوە دادەنیشت، پاشان دەستی بە قسەکردن دەکرد، پرسیاریان لێی کرد: بۆچی وا دەکەی؟

گوتی: دەمەوێ فەرموودەی پێغەمبەر (سەلامی خودای لەسەربێت) بەرز و بڵند ڕابگرم، بۆیە هەتا تەواو پاك و خاوێن نەبم قسە ناکەم.

پێی ناخۆش بوو قسە دەربارەی فەرموودە بکات، کاتێك لە ڕۆیشتن دابێت یان وەستابێت یان بەپەلە بێت، پرسیاریان لێ کرد، گوتی: لەبەر ڕێز و گەورەی حەزرەت (سەلامی خودای لەسەربێت)، هەروەها دەمەوێ کاتێك باسی فەرموودە دەکەم، بۆتان شی بکەمەوە و روون بێت لاتان.[1]



١ - (حلية الأولياء – ٦ \ ٣١٨)

## ڕەبتی ڕۆحی سوڵتانی دڵان
## (سەلامی خودای لەسەربێت)

(خلف) دەڵێ: چوومە لای پێشەوا (مالیك) پێی گوتم: سەیری ژێر بەرماڵەکەم بکە نامەیەکم بۆ هاتووە و کاتم نەبوو سەیری بکەم، بیخوێنەوە بۆم، منیش سەیرم کرد نامەکە لە یەکێك لە پیاوچاکان هاتووە و باسی خەونێك دەکا کە بە پێغەمبەر (سەلامی خودای لەسەربێت) بینیبووی، وا نوسرابوو (ئەمشەو ئازیزم لە خەودا بینی لە مزگەوتەکەی خۆی بوو، خەڵك لە دەوری بوون پێی گوتن: من هەندێ بۆنی خۆش و زانستم هەڵگرتووە لە ژێر ئەو مینبەرەم دایە، فرمانم بە (مالیك) کردووە دابەشی

سەرتان بکات، خەڵکەکەش ڕۆیشتن و دەیان گوت: ئێستا مالیک فەرمانی پێغەمبەر (سەلامی خودای لەسەربێت) جێ بەجێ دەکا، کە تەواو بووم مالیک دەستی بە گریان کرد بەڵام چ گریانێک! منیش نەمتوانی لە مەجلیسەکە دابنیشم و نەگریم، بۆیە هەڵسام.[١]

***



---

١ - (صفة الصفوة، ٣٦١) (لمن أراد رؤية النبي في المنام، ١٣٠)

**پێشەوا (نورەددین زنگی)** بە پارەیەکی زۆر کەم دەژیا ئەویش کە لە بەیتول مال بۆیان بڕی بۆوە، هەژارترین کەسی سەردەمی خۆی زۆر زیاتر لەو پارەی هەبوو، بۆیە ژنەکەی گلەیی لێ کرد لە لای خەڵك، کاتێك کە نورەددین زانی بانگی کردو گوتی: لە کوێ پارەت بۆ دابین بکەم کە بەشت بکات! من نامەوێ بچمە دۆزەخ تەنها لەبەر ئەوەی تۆ ڕازی بیت! ئەگەر وا دەزانی ئەو سامانەی لەبەر دەستم دایە هی منە, ئەوە زۆر بە هەڵە داچوویت، ئەوەماڵی موسڵمانانە و هەر بۆ ئەوانیش دەبێ بەکاربێت و من ناپاکیان لەگەڵ ناکەم و دەستی بۆ درێژ ناکەم.

ژنەکەی گوتی: ئەی ئەو دیاریانەی بۆت دێ چیت لێ کردووە؟

گوتی: هەمووم ناردووە بۆ قازی تا بیفرۆشێ و پارەکەی لە نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکان خەرج بکات.[1]

***



١ - (الدولة الأيوبية , ٢\٢٩٩)

## چاوتان بگرن
## لە (مەڕ)یکیش بێت

جارێکیان پێشەوا (مەعروفی کەرخی) لەگەڵ کۆمەڵێك لە موریدانی دەڕۆیشتن و بەلای مێگەلێك مەڕدا تێپەڕ بوون، لەوکاتە مەڕێك شیری دەدا بە بێچووەکەی و گوانەکانی دەمژین، یەکسەر مەعروف ڕووی خۆی وەرچەرخاند هەتا ڕۆشتن و لەوشوێنە دوورکەوتنەوە، یەکێك لە موریدەکان گوتی: قوربان، بۆچی کاتێك دیمەنی مەڕەکەت بینی ڕووی خۆت وەرگێڕا؟

مەعروف گوتی: ڕۆڵەکەم، نەمویست نەزەربکەم.

موریدەکە گوتی: قوربان خۆ ئەوە تەنها مەڕێك بوو، ئەو ئاژەڵە!

مەعروف گوتی: کوڕی خۆم، دەبێ ئیماندار چاوی خۆی بگرێ، با لە بینینی مەڕێکیش بێت، چونکە خۆ مێ یە!![1]

***



Tanya Haji تانیا حاجی

١ - (المتصوفين و أخلاقهم البارعة , ٣٧٠)

## ئیبن عەرەبی دەڵێت:

نیشانەی کەسی عاشق

ئەمەیە

لە هەموو دۆخێك دا.

لە خۆشی و ناخۆشی دا.

فەرمانی

خۆشەویستەکەی

جێ بەجێ دەکات.[1]

---

١ - (ترجمان الأشواق , ١٣٨)

# گوناهێکی کۆن

سەردەمێک پێشەوا (موحەمەدی کوڕی سیرین) توشی قەرزاریەکی زۆر بوو، گوتیان: ئەی ئیمام باشە تۆ چۆن توشی ئەو هەموو قەرزە بووی؟

گوتی: من دەزانم کە خەتای خۆم بوو، ئەوە هەموو بەهۆی گوناهێکەوە بوو کە چڵ ساڵ بەر لە ئێستا ئەنجامم دا بوو.

گوتیان: چ گوناهێک؟

گوتی: تانەم لە پیاوێك دا و پێم گوت (ئەی موفلیس)! ئێستاش ئەوە ئەنجامەکەی وەردەگرمەوە.

کاتێك ئەو بەسەرهاتەیان بۆ پێشەوا (سلێمانی دارانی) ی گێڕایەوە گوتی: ئەوان گوناهیان کەم بووە زانیویانە لە کوێوە بەڵاو موسیبەتیان بۆ دێت، بەڵام هاوار لە خۆمان، من وئێوە ئەوەندە گوناهمان زۆرە نازانین لە کوێوە توشی بەڵاو موسیبەت دەبین.(١)

***



١ - (کبار السلف صالح , ١٤٨)

## مالیک و گۆڕستان

جارێك كەسێك دەبینێ (مالیكی كوڕی دینار) زۆربەی كاتی لە ناو گۆڕستانە, بۆیە لە دوای دەڕوا تا دەچێتە گۆڕستان، پاشان لێی دەپرسێ: ئەی مالیك بۆ لێرە بە تەنیا دانیشتووی لەگەڵ ئەو مردووانە؟

مالیك دەڵێت: نەخێر لەگەڵ مردووان نیم، بەڵكو لە ناو كۆمەڵێك دادەنیشم بە هیچ جۆرێك ئازارم نادەن، وە كە لایان ڕۆیشتم پاشە ملە باسم ناكەن.[1]

---

١ - (حلية الأولياء , ١٩\ ٧٦)

## پاداشتی یەک شەونوێژ

جارێکیان دزێک چیووە ماڵی شێخ (ئەحمەد خزروبە) و زۆر گەڕا هیچی نەدۆزیەوە، ویستی بگەڕێتەوە لەوکاتەدا ئەحمەد بانگی دەکا: ئەی لاو، وەرە سەتڵەکە فڕێدە ناو بیرەکە و ئاو هەڵکێشە و چرایەک داگیرسێنە و شەونوێژ بکە، هەتا ئەگەر شتێک هات بیدەم بە تۆ، بۆ ئەوەی لەم ماڵە بە دەستی بەتاڵ نەگەڕێیتەوە, گەنجەکە بە ترسەوە ئەو کارانانەی ئەنجام دا .

کاتێك ڕۆژ بووەوە کەسێك دای لە دەرگەی ماڵی شێخ و هاتە ژوورەوە ١٥٠ دیناری دانا لە پێش ئەحمەد و گوتی: قوربان ئەوە دیاریە بۆ جەنابتم هێناوە.

ئەحمەد ڕووی کردە دزەکە و گوتی: ڕۆڵە وەرە بیبە، ئەوە پاداشتی شەونوێژەکەتە.

دزەکە دەستی بە گریان کرد و کەوتە لەرزین، بە دەم گریانەوە گوتی: قوربان لەوەتەی دزیم کردووە ئەوەندە پارەم بە دەست نەهێناوە، بەڵام یەك شەوم لە خوا سەرف کرد، ئا بەو جۆرە خودا ڕێزی لێنام.[1]



---

١ - (منهج الصوفية , ٤٥١)

# بە یارمەتی خودای گەورە

سەعدی شیرازی لە گوڵستاندا دەگێڕتەوە:

پرسیاریان لە (ئەسکەندەری ڕۆمی) کرد: ئەتۆ مەشریق و مەغریبت بە چی گرت؟ پاشایانی پێش تۆ زۆر لە تۆ زیاتر لەشکریان هەبوو هەروەها سامانیشان زیتر بوو کەچی وایان پێ نەکرا؟

ئەسکەندەر گوتی: بە یارمەتی خودای گەورە، هەر وڵاتیکم گرتبێ خەڵکەکەیم ئازار نەداوە و مەعاش و ژیانی ئەوانم لە جێگای خۆی هێشتووەتەوە و باسی پاشا و گەورەکانم بە خراپە نەدەکرد و بەڵکو بە چاکە باسم دەکردن.



CamScanner

# ئەجەلت نزیکە

کوڕەکەی پێشەوا (ئەبی ئیسحاقی جبنیانی) دەڵێت: هەر کاتێک باوکم دڵی سارد بووایەوە لە تاعەت و عیبادەت، یەکسەر دەچووە سەر جێگایەکەی و لە بن سەرینەکەی پارچەیەک نووسراو هەبوو دەری دەهێنا و دەیخوێندەوە، یەکسەر چالاک دەبۆوە لە عیبادەت کرد. زۆر هەوڵم دا نەمزانی چی تێدا نووسراوە، کاتێک باوکم وەفاتی کرد پاش بە خاک سپاردنی گەڕاینەوە، چووم سەرینەکەم لابرد نووسراوێکی لێ بوو کە نووسرا بوو (پیاوێك بانگدەرێك بانگی لێی کرد کارەکانت چاك بکە،

ئەجەلت نزیکە) بۆیە زانیم ئەو ڕستەیە بووە هۆی ئەوەی باوکم لە عیبادەت ماندوو نەبێت.[1]

***



---

١ - (قصص علمنی حیاة , ١٨٢)

# پێشبڕکێی دڵ

جارێك پیاوێك لە وڵاتێکی دوورەوە هاتە لای پێشەوا (ئەبو عەلی دقاق) لەبەر ئەوەی لە دوورەوە هاتووە، حەزیکرد ڕێزی لێبگیرێ و لە پێشەوە دابنیشێ، بۆیە چووە لای ئەبو عەلی و گوتی: قوربان من لە دوورەوە هاتووم حەق وایە لە پێشەوە دابنیشم!

ئەبو عەلی گوتی: ڕەبتی مەعنەوی ئێمە بەوە نییە تۆ لە نزیك دانیشی یان لە دوور، تۆ یەك هەنگاو لە نەفست دوور بکەوە و نەفست بەجێ بهێڵە ئەگەیتە ئەوەی کە دەتەوێت، ڕۆشتنی دڵ زۆر گرنگترە لە ڕۆشتنی جەستە،

چەندەها کەس هەیە دەگاتە کەعبەی پیرۆز، کەچی بە دڵ نەچووە و دڵی غافڵە لە پەروەردگاری بەیت. کەسی واش هەیە لە ماڵی خۆیدایە و لەبەر هەر عوزرێك بێت ناتوانێ بگاتە کەعبە، کەچی دڵی وا لەوێ و هەردەم لە لای بەیتە.[1]

***



١ - (أعلام التصوف , ٣٧٥)

## بەکردەوەی چاک لەخۆبایی مەبە

دەگێڕنـەوە پیاوێـك پـەنجا سـاڵ خـوا پەرسـتی کـرد، موژدەیان پێ دا لە خەودا کە خودا لێی خۆش بووە، خودا پەرستەکە کـە بـە ئاگا هـات گـوتی: جـا مـن چ تـاوانێکم کردووە تا خودا لێم خۆش بێت؟

بە فەرمانی خودا دەماری ملی توشـی ئازارێـك بـوو نـە خەوی لێ دەکەوت و نە نوێژی پێ دەکرا, کاتێـك خـەوی لێ دەکەوت فریشتەیەك دێتە لای، پیاوەکە پێـی دەڵێت: ئـازاری ملـم گـەلێك زۆرە و لەدەسـتی حەوانـەوەم نییـە! فریشتەکە گوتی: خودای گەورە دەفەرمووێ: عیبـادەت و

خواپەرستی ئەو پەنجا ساڵەت بەرامبەر بە گیرابوونی دوعای چاکبونەوەیە لەو ئازار و نەخۆشیەت.[1]

***



ا - (عدە الصابرین – ل١٦١)

# نەزەری نەکردووە

یەکێ لەگەورە عاریفەکان هەبوو ناوی (رەبیعی کوری خەیسەم) بوو، ئەو پیاوە چاوی بڵند نەدەکرد بەرامبەر خەڵك، بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ هاتوچۆی ماڵی (عەبدوڵای کوڕی مەسعود)ی دەکرد، جارێکیان لە دەرگەی دا خزمەتکارەکەی عەبدوڵا گوتی: ئەی عەبدوڵا, وەرە پیاوە کوێرەکە هاتووە دیسان.

عەبدوڵا زۆر توڕە بوو گوتی: ئەو کوێر نییە، بەڵام نەزەر ناکات، ئەو پیاوێکی وەهایە جارێك لەگەڵی چوومە ناو ئاسنگەرەکان, رەبیع کە ئاگری بینی لە هۆش خۆی

چوو، هەر چەند کردمان بە ئاگا نەهاتەوە, تاوەکو نوێژی بەیانی ئەوپیاوە لە ترسان هۆشی نەهاتەوە.[1]

***



١ - (الزهاد, ٣١٧)

## ئیبن عەرەبی دەڵێ:

هەر کەسێك

تۆی

لەبەر خۆت خۆشبوێت،

باوەڕ بە خۆشەویستیەکەی بکە.

چونکە ئەمە:

خۆشەویستی ڕاستەقینەیە.[1]

***

---

١ - (الفتوحات المكية, ٥/٢٦٤)

## تۆڵە جیاتی بیکە

جاریکیان پیاوێکی خەڵکی بەسرە وەفاتی کرد بەرەو گۆڕستانیان برد، لە ئامادەبووانی ئەوێ (حەسەنی بەسری) بوو، ویستی خەڵکەکە ئامۆژگاری بکات، بۆیە ڕووی لەپیاوێك کرد گوتی: ئەی پیاو پرسیارێکم هەیە؟

پیاوەکە گوتی: فەرموو.

حەسەن گوتی: باشە ئێستا ئەگەر خودا ئەو پیاوە زیندوو بکاتەوە، مردووەکە کاری باش دەکات؟

پیاوەکە گوتی: بێگومان کاری باش دەکات, چونکە پێویستی پێیەتی بۆ ناو گۆڕ.

حەسەن گوتی: کەواتە تۆ لە جیاتی ئەو کاری چاك بکە بۆ ئەوەی لەناو گۆر سوودی لێوەرگری.[١]

***



١ - (حلية الأولياء , ٦\ ١٨٩)

## با فێرە تەوازع بێت

ڕۆژێکیان پێشەوا (مکحول) گەورە زانای شام لەنێو قوتابییەکانی دانیشت بوو، لەناکاو خەلیفەی ئیمانداران (یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیك) بە خۆی و دەست و پێوەندی هاتنە ژوورەوە بۆ ئەوەی لە لایان دابنیشێت، قوتابییەکان ویستیان شوێنی بۆ بکەنەوە و کۆڕ و مەجلیسەکە فراوانتر بکەن وەکو ڕێزێك بۆ خەلیفە، بەڵام مەکحول کە زۆر لە خواترس بوو گوتی: لێی گەڕێن لە هەر شوێنێك دادەنیشێ با دانیشێ، ئەگەر خەلیفە حەزی لە ڕیزی پێشەوە بووایە زووتر دەهات.

قوتابییەك لە بن گوێی گوتی: قوربان ئاخر ئەوە خەلیفەیە!

مەكحول توڕەبوو گوتی: بۆ لێی ناگەڕێن فێری ملكەچی و تەوازوع بێت.[1]

***



١ - (قصص الصالحين – ل١٦٠)

## شوێنی سوجدەی بوو بە نوور

(مەڕڕەی هەمدانی) یەکێك بوو لە خوا پەرستان زۆر سوجدەی دەبرد، چونکە ماڵەکەی هەموو قوڕ بوو لەسەر خۆڵ سوجدەی دەبرد, تاوەکو وای لێ هاتبوو ناوچاوانەکەی هەموو خوورا بوو، کاتێ وەفاتی کرد، یەکێك لە خزمەکانی لە خەودا پێی دەگات، دەبینێ کە شوێنی سوجدەکەی بوەتە پارچەیەك لە نوور وەك ئەستێرەی ڕوناك درەوشاوەیە، پرسیاری لێ کرد و گوتی: ئەو نوورە چییە کە دەبینم بە رووخسارتەوە؟

مەڕڕە گوتی: بەهۆی ئەوەی خۆڵ نێوچەوانی خواردبووم لە دنیا, ئێستە بووەتە یەك پارچە لە نوور.

پیاوەکە گوتی: لێرە شوێنت چۆنە؟

گوتی: باشترین شوێن و ماڵە بۆم، شوێنێکە دانیشتوانەکەی هەرگیز لێی ناگواسترێنەوە و بێزاری بەو شوێنە ناگات.[١]



---

١ - (قصص الصالحين – ل٢٣٢)




# Tanya Haji | تەنیاحاجی

public channel

**Description**

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن خاتوون " ئاڤان بەهجەت " کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22

t.me/tanyahaji7

Invite Link

# جوبەی صوف

عتبە کوڕی موسلیم دەڵێ:

جارێکیان چوومە لای پێشەوا (محمد ی کوڕی واسیع) بینیم جوبەیەکی سوفی لەبەرە، منیش پرسیارم لێ کرد: ئەی موحەمەد، ئەو جوبەیە چییە؟

هیچ قسەیەکی نەکرد و وەڵامی نەدامەوە

دوبارە پرسیارم کردەوە، ئەو جارەش هیچ جوابێکی نەداوە.

گوتم: بۆچی وەڵام نادەیەوە؟

سەری داخست و بەشەرمەوە گوتی: چی بڵێم! ئەگەر وەڵامت بدەمەوە کە بۆچی لەبەرمە, خۆی لە دوو شت دەبینێتەوە یەکەمیان زوهدە کە من نیمە، یان لە ناڕازی دەربڕینە لە بەرامبەر پەروەردگار لە دەست هەژارییەکەم، بۆیە قسە نەکەم باشترە.[1]

***



١ - (السير أعلام النبلاء , ١١\٢٩٦)

## فێربوونی زانست

جارێکیان پیاوێکی بە تەمەن کە ناوی (ئیبراهیمی کوڕی مەهدیە) دەچێتە کۆڕی خەلیفە (مەئمون) و دەبینێ سەرقاڵی فێربوونی زانستن، مەئمون لێ دەپرسێ: ئایا هیچ دەزانی لەم شتانەی کە باسی دەکەین؟

ئیبراهیم دەڵێ: نەخێر، بە منداڵی کاریان پێ کردووین و کاتێکیش گەورە بووین بۆ خۆمان کارمان کردووە، کاتی فێربوونمان نەبووە.

مەئمون گوتی: ئەی بۆ لەمڕۆوە هەوڵ نادەی فێربیت؟

ئیبڕاهیم گوتی: جا دەگونجێ بۆ من لەم تەمەنەدا هەوڵ بدەم و فێریم!

مەئمون گوتی: بەڵێ, ئەگەر بمریت لە ڕێی فێربوون دا چاکترە لەوەی بژیت بە نەزانی و نەفامی.

ئیبڕاهیم گوتی: تاکەی باشە مرۆڤ هەوڵی فێربوون بدات؟

مەئمون گوتی: تا گیانی لەجەستەدا مابێت.[1]



١ - (تاریخ خلفاء, ٢\١٥٢)

# دۆڵی هەب هەب

ڕۆژێـک خەلیفـە (وەلیـدی کـوڕی عەبولمـەلیک) بـە دەرگەوانەکەی گوت: هەر کەسێك لێرە تیپەڕی بۆم بانگ بکە ژوورەوە بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکەم.

پاسـەوانیش کـەمێك چاوەڕێی کـرد لـە ناکـاو (عـەتای کـوڕی ئـەبوڕیاح) بەوێـدا تێپـەڕی، یەکسـەر بـێ ئـەوەی بیناسێ دەستی گرت و گوتی خەلیفە کاری پێتە.

کاتێك عـەتا نزیك بۆوە لە خەلیفە و گوتی: السلام علیك ئـەی وەلیـد، "نـەی گـوت أمـیر المـؤمنین" خەلیفـە زۆر تووڕەبوو، بانگی دەرگەوانەکەی کرد، گوتی: مـن بـە تـۆم

گوت بانگی پیاوێکم بۆ بکە تا قسەی لەگەڵ بکەم، بەڵام تۆ کەسێکت بۆ هێناوم کە بەو ناوەش رازی نییە کە خودا لێی ناوم.

دەرگەوان گوتی: ئەی أمیر المؤمنین هەر ئەوەی لێ بوو کەسی دیکەی لێ نەبوو.

خەلیفە بە عەتای گوت: دانیشە!

بێ ئەوەی بهێڵێ خەلیفە قسە بکات ڕووی تێکرد و گوتی: پێمان گەیشتووە دۆڵێك لە جەهەنەم هەیە ناوی (هەب هەب)ە پەروەردگار بۆ ئەو پێشەوایانەی ئامادە کردووە کە زوڵم و ستەم لە حوکمی خودا دەکەن و خەڵکی دەچەوسێننەوە.

لەو کاتەدا (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز)یش لەوێ ئامادەبوو، لە ترسان وەلید لە هۆش خۆی چوو و بەربۆوە ناوەڕاستی ژوورەکە.

عومەر گوتی: تۆ کێی؟

گوتی: عەتای کوری ئەبورِیاح.

عومەر وتی : ئەی (عەتا) (أمیر المؤمنین)ت کوشت.

عەتا قۆڵی عومەری توند گرت و گوشی و گوتی: ئەی عومەر ئەوە شتێکی ڕاستە, دەبێ ڕاستگۆ بیت لەوە.

پاشان ڕۆیشت عومەر دەڵێت: سوێند بەخوا یەك ساڵ ئازاری شوێنی دەستی (عەتا) لە قۆڵم بەردەوام بوو.[1]

***



١ - (أحياء علوم الدين, ٣\٤١١)

## سابتی بنانی دەڵێ:

لە سەردەمی حجاجی کوڕی یوسف دەرچووین بۆ غەزا لە عێراق، لەو کاتەدا (سیلەی کوڕی ئەشیم) لەگەڵ کوڕەکەی هاتبووە غەزا، ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکرد و دەیگوت: ڕۆڵە بەرەو پێش بچۆ و برۆ ناوەڕاستی جەنگەکە لەگەڵ دوژمن شەڕ بکە هەتا سەبر بگرم لەسەر شەهید بوونت، ئینجا شەهید بوو.

پاشان خۆی چووە مەیدانی جەنگ تا ئەویش شەهید بوو.

کاتێك هاتنەوە بۆ وڵات و هەواڵی شەهیدبوونیان درا بە خێزانی سیلە کە ناوی (موعازەی عدویـە) بـوو زۆر کـەیف خۆشبوو، ئافرەتان هاتنە لای بۆ پرسـە و سـەرەخۆشـی، موعازە دەیگوت: بـەخێر بـێن، ئەگـەر بۆ سـەرەخۆشـی و تازیەکردنم هاتوون بگەڕێنەوە, چونکە لە ماڵی ئێمە پرسە بوونی نییە.[1]

***



[1] - (صفة الصفوة , ٣\١٣١)

## دوعای بۆ موسڵمانان دەکرد

ابن الضحاك دەڵێ :

لە خەومدا (شریحی کوری یونس)م بینی، پێم گوت: خوای گەورە چی بەسەرهێنای ئەی ئەبوحارس ؟

گوتی: لێم خۆش بوو، پاشان کۆشکێکی پێدام لە تەنیشت کۆشکی

(موحەمەدی کوری بیشری کوری عەتای کندی).

گوتم: ئەی ئەبوحارس بەڵام ئێمە تۆمان لا گەورەترە لە موحەمەدی کوڕی بیشر شریح، زۆڕ تورەبوو، ڕووی

تێکردم و گوتی: هەرگیز ئەو قسەیە نەکەیتەوە، چونکە خودا بەشی تایبەتی بۆ ئەو داناوە.

گوتم: بۆچی بەشی تایبەتی بۆ ئەو داناوە ؟

گوتی: ئاخر لەبەر ئەوەی ئەو هەمیشە لە دوعاکانی دەیگوت (پەروەردگاری من، لە موسڵمانان و ئیماندارانی پیاو و ئافرەت خۆش بیت) بەهۆی ئەو دوعایەوە پەروەردگار ئەو پلەیەی پێ بەخشی.[1]



---

١ - (الف قصة وقصة , ٢\١٩٤)

## بە ڕاستگۆیت، ڕزگارت کردن

ئەحمدی کوڕی عەبدوڵا عجلی دەڵێ:

لە عێراق عاریفێکی خواناس هەبوو ناوی (ربعی کوڕی خراش) بوو، ئەو پیاوە بەوە ناسرا بوو کە راستگۆیە لە هەموو شتێك, وە زۆر جێگای سیقە بوو، لە سەردەمی حجاجی کوڕی سەقەف, دوو کوڕی لە حەجاج هەڵگەڕانەوە و دوژمنایەتیان دەکرد، بۆیە حەجاج فرمانی کوشتنی بۆ دەرکردن، بەڵام کەس شوێنیانی نەدەزانی، بۆیە بە حەجاجیان گوت: بۆ ناچی بە باوکیان بڵێی چونکە قەت درۆی نەکردووە؟


حەجاج ناردیە شوێنی و پیاوەکە هات.

حەجاج گوتی: ئەی پیاو کورەکانت لە کوێن؟

گوتی: ئەی حەجاج ئەوان ئێستا لە ماڵەوەن.

حەجاج گوتی: باشە دەزانیت ئەگەر بیانگرم دەیانکوژم! بۆچی درۆت نەکرد. ربعی گوتی: چۆن بۆ لەدەستدانی منداڵەکانم درۆ دەکەم، ئەوەی خودا نووسیبێتی هەر ئەوە دەبێت.

حەجاج گوتی: ئەی ربعی کوڕی خراش، سوێند بەخودا بە ڕاستگۆیت ڕزگارت کردن، ئەوا من عەفوم کردن.[1]



١ - (قصص العارفین , ٢٢١)

## دوعای هەژاری

حمادی کوڕی سلمە دەڵێ:

(عـاسمی کـوڕی ئـەبو نجـو) یـەکێك بـوو لـە مەزنـە عاریفەکان و قورئانخوێنانی سەردەمی خۆی دەڵێ: توشی هەژاریەکی زۆر سەخت بووم بە رادەیەك هیچم لە ماڵ نەبوو، بۆیە چوومە لای هاوڕێیەك و حاڵی خۆم بۆی باس کرد، کەچی هیچ قسەیەکی نەکرد، بەلکو دەموچاویشی گرژ کرد لێم و یارمەتی نەدام.

زۆر بەسەرخۆمدا شکامەوە لە داخان لەلای ڕۆیشتم و لە بێ کەسیان ڕووم لەسەحرا کرد، دەستم بە نوێژکردن

کرد و پاشان نێوچەوانم خستە سەر زەوی بەملکەچی لە خوا پاڕاماوە و گوتم:

(یا مسبب الاسباب، یا مفتح الابواب، یا سامع الاصوات، یا مجیب الدعوات، یا قاچی الحاجات، أکفنی بحلالیك عن حرامیك و أغنی بفچلك عمن سواك) سویند بەخودا سەرم هێشتا بەرز نەکردووەوە شتێك لە تەنیشتم بە زەوی کەوت، سەرم بەرز کردەوە بینیم باڵندەیەك کیسەیەکی سووری لە تەنیشتم فڕدا و ڕۆیشت، کیسەکەم هەڵگرتەوە، بینیم هەشتا دینار و گەوهەریکی بەنرخی تێدابوو لەناو پەمۆ لوول درابوو، هەڵسام گەوهەرەکەم بەپارەیەکی زۆر فرۆشت و بەپارەکەش پارچە زەوییەکی گەورەم کڕی.[1]

***

---

[1] - (ساعة و ساعة, ٣٧٧)

## خۆڕاگرتن لە نوێژدا


پرسیاریان لە عاریفی گەورە (خەلەفی کوڕی ئەیوب) کرد ئایا ئەو مێش و مەگەزانە لەناو نوێژ ئازارت نادەن!؟ (چونکە هەمیشە مێشولە و مەگەز گەر بچوبانایە سەر دەموچاوی نەیدەفڕادن) وا باشتر نییە کە دەریان بکەیت کاتێك بەسەر دەم و چاوت دەنیشن؟

خەلەف وەڵامی داوە گوتی : چۆن خۆم بە شتێك سەرقاڵ بکەم کە موناجاتی مەحبوبم لێ تێك بدات.

گوتیان: ئاخر ئەوە زۆر ناخۆشە، باشە چۆن خۆت ڕادەگری؟!

گوتی: هەواڵیان داومەتی کە پیاوە بێ دینەکان سەبر و ئارام دەگرن لەژێر لێدانی قامچی کاربەدەستان، تەنها لەبەر ئەوەی بڵێن پیاوێکی خۆڕاگرە و جوامێرە، منیش لەبەردەم یار و دۆستی خۆم دەوەستم و فەخری پێ دەکەم، چۆن بۆ مێشولەیەک ویساڵی ئەو وازلێبهێنم.[1]

***



١ - (صحيح وصايا الرسول , ١\٦١٨)

## بلێ نازانێت

عەبدولرەحمانی کوڕی مهدی دەڵێ:

پیاوێك هاتە لای پێشەوا (مالیك) و پرسیاری لە بابەتێکی شەرعی هەبوو، مالیك گوتی: ئەو پرسیارە نازانم.

پیاوەکە گوتی: من لە شوێنێکی زۆر دوور و بە هەزار دەردەسەری هاتووم تاوەکو بەتۆ بگەم، تۆش دەڵێیت نازانم؟ باشە ئەگەر گەڕامەوە چ بە خەڵك بڵێم کە چاوەڕوانی وەڵامی تۆن؟

ماليك گوتی: کاتێ گەڕایتەوە شوێنەکەت پێیان بڵێ،

ماليك دەيگوت: ئەو پرسیارە نازانم.[1]

***



---

[1] - (حلية الأولياء , ٦\٣٢٣) (من أعلام السلف , ٢٢٢)

# خۆبەزلزانین

عمروی کوری شیبە دەڵێ: لە شاری مەککە بووم لە نێوان سەفا و مروە دا پیاوێکم بینی لەسەر پشتی ئێسترەکەی بوو، هەندێك منداڵی لەگەڵ بوو وەکو خزمەتکار خەڵکیان لێی لا دەدا و تاوەکو ڕێگای بۆ چۆل بکەن، خەڵکیان ئازار دەدا.

دوای ماوەیەك لەسەر پردە گەورەکەی شاری بەغدا پیاویکی قژ ئاڵۆز و وشکم بینی سواڵی دەکرد، زۆر سەیرم کرد زانیم لە شوێنێك بینیومە زۆر سەرنجم دا گوتی: بۆ ئاوا سەیرم دەکەی؟

گوتم: تۆ بە پیاوێك دەچی لە شاری مەککە بینیم و وەسفەکەم بۆی کرد، سەری داخستوو و گوتی: ئەو پیاوە من بووم.

گوتم: خوای گەورە چی بەسەر هێناوی!

گوتی: خۆم لە شوینێك بە زلزانی کە خەلکی لەو شوێنە خۆیان بە ملکەچ دەزانی، بۆیە خودای گەورە نزمی کردوومەوە و دایبەزاندم بۆ شوێنیك کە خەڵکی خۆیان بە گەورە دەزانن لەو شوێنەدا.[1]



[1] - (أحياء علوم الدين , ٣٢٣\٣)

## تەنها سەیری پەنجەکانم کردووە

لـە ڕۆژی جـەژن دا عـاریفی زاهیـد (حەسـانی کـوڕی سینان) لەگـەڵ خێزانەکـەی دانیشـتبوو، گـوتی: دەچمە دەرەوە بۆ سەردانی چەند کەسێك بۆ جەژنانە.

کاتێك لە سەردان هاتەوە خێزانەکـەی تـەنها بـە گاڵتـە گوتی: ها حەسانی خۆشەویست لەوەتەی چوویە دەرەوە، چەند ئافرەتی جوانت بینیوە؟

حەسـان گـوتی:خێزانـە ئازیزەکـەم! سـوێند بـە پەروەردگاری عەزیم لەوەتەی چومەتە دەرەوە، تاوەکو

هاتومـــەوە ماڵـــەوە، تـــەنها ســـەیری ســـەرە پەنجـــەکانم کردووە!

ئافرەت گوتی: فیدات بم ئەی خۆشەویسترین کەسم, سوێند بە پەروەردگار چاك دەمزانی چونکە تۆ کەسێکی چاوەکانت گرتووە, بەڵام تـەنیا بـۆ خۆشی ئەو قسەیەم کرد.[1]

***



---

۱ - (بعض من حياة الأولياء, ٢٣٦)

# دڵم عەرەبیە

یەکێك لە پیاو چاکان دەڵێ:

زۆربەی کات کە قورئان دەخوێندرا شێخ (حبیب عجمی) دەستی دەکرت بەگریان.

جارێکیان قورئانیان لا خوێند زۆر بەکوڵ گریا, پرسیاریان لێ کرد: ئەی شێخ تۆ چۆن دەگریی لەکاتێك تۆ عەجەمی و فارسی, قورئانیش عەرەبیە؟ شێخ وەڵامی داوە : ڕاستە من عەجەمم بەڵام دڵم عەرەبیە و زمانی قورئان بە دڵ وەردەگرم بۆیە تێیدەگەم.[1]

---

١ - (تذكرة الأولياء , ٨٨)

## عەبدولرزاقی گەیلانی دەڵێت:

شێخ (عەبدولقادری گەیلانی) هەر کاتێک منداڵێکیان دەبوو، دەهات و بانگ و قامەتی لەبن گوێی دەکرد، ئینجا دوعای ساڵح بوونی بۆ دەکرد، پاشان لەسەر دەستەکانی خۆی دایدەنا و دەیگوت: ئەو منداڵەم مردووە، پەروەردگار لەدڵی من دەری بهێنە. ئەگەر ئەو منداڵە وەفاتی کردبا، دەیگوت: بیشۆن و کفنی بکەن و بۆم بیهێننە مزگەوت، ئینجا نوێژی لەسەر دەکرد و چەند دڵۆپێک فرمێسکی دەڕشت و لەسەر دەستەکانی دایدەنا و هەتا بەردەم دەرگەی مزگەوت دەیبرد، پاشان دەیگوت: بیبەن و ئەسپەردەی خاکی بکەن، من ناتوانم بێم و وانەم

هەیە. ئینجا دەچوو وانەی بە سۆفیەکان دەگوتەوە.

لێیان پرسی: بۆچی بۆ ئەسپەردەی ڕۆڵەکانت نایەیت؟

گوتی: هەر کەسێك لە دایك بێت دەبێت بمرێت، بۆیە ناتوانم وانەی سۆفیەکان ڕابگرم بەهۆی مردنی ڕۆڵەکانم، فێربوونی وانەی تەزکیە و سلوك زۆر ئەولاترە.[1]

***



١ - (شذرات الذهب ، ٤\٤٥)

# بەبێ جل هات

عەباسی کوڕی دەهقان دەڵێ: هیچ کەسێکم نەدیوە کە دەرچووبێت لە دنیا و وەفاتی کردبێ وەك ئەوەی هاتبێتە دنیا، تەنها (بیشری حافی) نەبێ، لەو کاتەی لە نەخۆشی سەرەمەرگ بوو، پیاوێك هاتە لای و حاڵی خۆی بۆ باس کرد کە زۆر هەژارە و هیچی نییە لەبەری بکا، ئەویش ئەو تاکە کراسەی کە هەیبوو لەبەری کردووە و پێیدا، کاتێك وەفاتی کرد هیچ جلی نەبوو پێی کفن بکەین، بۆیە کراسێکمان بە ئەمانەت بۆی هێنا.(١)

---

١ - (طبقات الصوفية , ٢\ ١٥١) (صفة الصفوة ٤\٢١)

## ڕاستگۆ هەڵە ناکات

عەبدوڵای کوڕی عەبدولباری دەڵێ: ڕۆژێکیان لە مزگەوت بووین، لە ناکاو گەنجێکی جوان و بۆن خۆش و ڕێزدار هاتە ژوورەوە و بەرەو ڕوومان هات، (ئیبراهیم ی خواص)لەوێ بوو, بە هاوڕێکانم گوت: وابزانم ئەو گەنجە جولەکەیە، هاوڕێکانم ئەو قسەی ئەویان پێ سەیربوو، بە جۆرێك وایان گومان برد ڕاست نەکات, ئیبراهیم تورەبوو هەڵسا چووە دەرەوە، گەنجەکەش چووە دەرەوە پاشان هاتەوە لای ئێمە, گوتی: ئەوە شێخ باسی منی کرد!؟

هاوڕێکانم شەرمیان کرد پێی بڵێن، بەڵام ئەو زۆری لێ کردن، هاوڕێکانم گوتیان: شێخ ئیبراهیم گوتی: ئەو گەنجە جولەکەیە.

گەنجەکە بە پەلە بەرەو ڕووی ئیبراهیم چوو و دەستی توند گرت و گوتی: ئەوا من موسوڵمان بووم،

منیش گوتم: بۆچی ئەی موسڵمان نەبویت؟

گوتی: نەخێر، بەڵام لە کتێبەکانی ئێمە هاتووە کە پیاوی ڕاست هەڵە ناکات لەوەی خودا بەسەر دڵی دادەهێنێت.

هاوڕێکانم پرسیاریان لێ کرد ئەوە مانای چیە، گەنجەکە گوتی: هاتم تاقیتان بکەمەوە، ئەگەر پیاوێکی ڕاستگۆتان تێدابێت، کاتێك هاتمە لای ئێوە ئەو پیاوچاکە (ئیبراهیم) منی بینی و بە چاوی فیراسەت سەیری کردم زانیم ئەوەیان ڕاستگۆیە.[1]

***

---

[1] - (الروح , ٢٩٨) (قصص العابدين , ٢٣١)

## هەزاران نیعمەت

پیاوێك هاتە لای (یونسی کوڕی عبید) باسی هەژاری خۆی دەکرد لە ژیان و دەیگوت: حاڵ و وەزعم زۆر خراپ و ناخۆشە.

یونسی پێی گوت: ئایا پێت خۆشە کە لە جیاتی چاوەکانت سەد هەزار درهەمت بدەنێ؟

گوتی: نەخێر.

ئینجا کۆمەڵێك نیعمەتی خوای ژمارد و هەر دەیگوت لە جیاتی ئەوە سەد هەزارت بدەنێ، ئەویش وەڵامی دەداوە، نەخێر ...

یونس گوتی: برای شیرنم دەبینم خودای گەورە هەزاران نیعمەتی پێ بەخشیویت و بەسەری ڕژاندووی ئینجا باسی فەقیری و نەبونی خۆت دەکەیت.[1]

***



١ - (قصص العارفين , ٤١١)

## ئیبن عەرەبی دەڵێت:

هەر بەڵایەك

بەسەر عاشقاندا دێت!

جێگای سەرسوڕمان نییە.

بەڵکو

دەبێت کەمترین سکاڵای لەسەر زمان بێت.

چونکە گلەیی و سکاڵا کردن کاری عەقڵە.

عاشق کە عەقڵی نییە،

چۆن چۆنی سکاڵا بکات؟![1]

---

١ - (ترجمان الأشواق , ٢٦٥)

## عەباسی کوری حەمزە دەڵێت:

نوێژم لە دوای (بایەزیدی بوستامی) کرد لە نوێژی نیوەڕۆ، کاتێ دەستەکانی بەرز کردوە بۆ الله اکبر، نەیتوانی وشەی (الله) دەربکات لەبەر گەورەیی و هێزی، بینیم دەستەکانی دەلەرزین لە ترسا و قاچەکانی نەدەوەستا.

کەسێك لە دواوە پێی گوت: کوڕەڵاو دەزانی نوێژ بکەی؟

بایەزید گوتی: پشتیوان بە خودا, بەڵێ.

پیاوەکە گوتی: ئادەی پێم بڵێ چۆن نوێژ دەکەی؟

بایەزید گوتی: بە ئاگاداریەوە الله اکبر دەکەم پاشان قورئان بە ڕێکی دەخوێنم، رکوع بە نیەتی گەورەیەوە بۆ خودا دەبەم, و بە تەوازوعەوە سوجدە دەبەم، بە ماڵئاوایەوە سەلام دەدەمەوە، بەڵام هەیبەت و گەورەیی پەروەردگار چۆن لە زمانەوە دەوترێت! (١)

لە دوای مردنی (بایەزیدی بوستامی)یان لە خەو بینی, پێیان گوت: ئەی ئەبویەزید پەروەردگار چی لەگەڵ کردیت؟

گوتی: پەروەردگار پێی گوتم: ئەی ئەبو یەزید چیت لەگەڵ خۆت هێناوە؟

گوتم : ئەی پەروەردگار کاتێ هەژارێك دەچێتە دەرگەی دەوڵەمەندێك پێی ناڵێن "چیت هێناوە" بەڵکو دەڵێن "چیت دەوێت" ئیدی پەروەردگار لێم ڕازی بوو. (٢)

***

---

١ - (نفحات الأنس، ١٧٣)

٢ - (نفحات الانس، ١٧٤)

جارێکیان (بایەزیدی بوستامی) نوێـژی عیشـای کـرد، کاتێ نوێژەکە تەواو بوو دوبارە چوار رکاتی دیکەی کرد و گوتی: ئەی پەروەردگار بەراستی ئەو نوێژە شایەن بە تـۆ نییـە، ئـەو نوێژکردنـە خراپـە هـەر لـە ئـەبو یەزیـدی دەوەشـێتەوە، تـاکو نوێـژی بـەیانی هـەر چـوار چـوار دوبارەی دەکردەوە، ویترەکانی نەکرد، پاشان گوتی: ئەی پەروەردگار ئەوانەی وازیان لە نوێژ هێنـاوە زۆرن، توخـوا نـاوی ئـەبو یەزیـدیش زیـاد بکـە لـە نێـوان ئـەوان، ئـاخر نەیتوانی تەنانەت یەك نوێژ بکات شایەن بە تۆ بێت، ئەوە هەر لە ئەبویەزید دەوەشێتەوە ئەو نوێژکردنە خراپە.[1]

---

١ - (تذكرة الاولياء، ١٨٣).

### ئیبن عەرەبی دەڵێت:

عاشق

جگە لە وتەی مەعشوقەکەی!

وتەی دیکە نابیستێت.

هەروەها

جگە لەڕووی خۆشەویستیەکەی.

تەمەشای شتێکی تر ناکات.

لەسەر زمانیشی

جگە لە یادکردنەوەی مەعشووق.

شتێکی تر بوونی نییە.[1]

---

١ - (فتوحات المكية , ٥\٢٧٥)

## بوستامی دەیگوت:

سی ساڵە دەڵێم:

ئەی پەروەردگاری من!

وا بکەیت ئاوا بم.

ئەمەم پێ ببەخشە.

بەڵام کاتێ گەشتمە یەکەم پایەی ناسینی پەروەردگار،

گوتم:

هەرچیم پێ دەکەیت بیکە

تەنها " تۆ هی من بە "[1]

---

[1] - (تذكرة الاولياء، ١٨٦)

# تاوانی غەیبەت

ئیمامی (قرطبي) لە کتێبی (الزاهر) دەڵێت:

مامێکم هەبوو لە شاری (فاس) لە ساڵی (٥٥٥) کۆچی وەفاتی کردبوو، لە خەومدا بینیم کە هاتە لام لە ماڵەوە، منیش هەستام پێشوازی لێ بکەم و لە دەرگە پێی گەیشتم سەلامم لێ کرد و هاتە ژوورەوە و لە ناوەڕاستی ژوورەکە پاڵی بە دیوارەکەدا, منیش لە بەرامبەری دانیشتم، بینیم ڕەنگی خراپ گۆڕاوە، لێم پرسی: مامەگیان، چیت بەسەر هات لە لای خودای گەورە؟

گوتی: ڕۆڵە چیم بەسەر هاتبێ لە لای خودایەك کە خاوەن میهرەبانی و سۆزە! لە هەموو گوناهەکانم خۆش

بووە تەنیا غەیبەت کردن نەبێت، بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم کە واز لە غەیبەت کردن بێنیت، چونکە لە ڕۆژی دوایی هیچ شتێك وەکو غەیبەت ئازاری لەسەر نییە.

ئینجا لە لام هەڵسا و ڕۆیشت.[١]

***



١ - (بحر الدموع – ١٨٦)

## خودا پێی خۆش بوو

**(ابو حاتەمی الرازی) دەڵێ[٢]:**

هاوڕێیەتی (فوزەیلی کوری عیاض)م کرد بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ نەمبینی پێبکەنێ و دڵی خۆش بێت، تەنها ئەو رۆژە نەبێ کە کوڕەکەی (عەلی) وەفاتی کرد. بینیم زۆر دڵی خۆش بووە و لە خۆشیان فرمێسکی لە چاو دەهاتە خوارەوە، زۆرم سەیر پێهات و چوومە لای و پێم گوت: ئەی فوزەیل چۆن پێ دەکەنی لە کاتێك کوڕەکەت مردووە! قەت ئەوەندە بە دڵ خۆشی نەمبینیوی؟

گوتی: ئەی حاتەم، چۆن دڵ خۆش نەبم کە شتێك پەروەردگارم پێی خۆش بێت و من پێم ناخۆش بێت، نا واللە ئەگەر ئەو پێی خۆشە منیش پێم خۆشە.(1)

***



١ - (قصص العابدين , ٨١)

## دوو خۆشەویست
## لە یەکا جەستە نابێت

جارێکیان پێشەوا (فوزەیلی کوڕی عیاض) کوڕە بچووکەکەی لە باوەش بوو یاری لەگەڵ دەکرد و ماچی دەکرد، منداڵەکە گوتی: بابەگیان منت خۆش دەوێ؟

فوزەیل گوتی: بەڵێ، ئەی چۆن کوڕم تۆ جەرگی منی.

منداڵەکە گوتی: ئەی پەروەردگارت خۆش دەوێت؟

فوزەیل گوتی: بەڵێ.

منداڵەکە گوتی: باوکە تۆ چەند دڵت هەیە؟

فوزەیل گوتی: کوڕم بنیادەم هەر یەک دڵی هەیە؟

منداڵەکە گوتی: باوکە چۆن دەبێت بە یەك دڵ دوو کەست خۆش بوێ!

فوزەیل زانی ئەو قسە لە خوداوەیە بەڵام لەسەر زوبانی کوڕەکەی، زۆر ترسا بە هەردوو دەستی لەسەری خۆی دەدا و کەوتە حاڵ و فەناوە, هاواری دەکرد: یاری من پەشیمانم لەوەی خۆشەویستی مەخلوقێکم لەگەڵ تۆ لە دڵێك داناوە, من تۆم دەوێت! تەنیا تۆم دەوێت.[1]



---

١ - (تذكرة الاوليا, ١٢٠)

## عاشقی خەوتوو

لە ڕۆژگاری کۆندا عاشقێك هەبوو بە وەفاداری ناوی دەرکردبوو. ماوەیەکی زۆری بە ئارەزووی ویسالی مەعشوق گوزەراندبوو. ئەوەبوو ڕۆژێك دۆستەکەی هەواڵی دایێ: ئەمشەو ئامادەبە بۆ جێژوان و لۆبیام بۆ دروست کردوویت، بەهێمنی و وریایەوە وەرە ئەو جێگایە و چاوەڕێم بە تاوەکو دێم.

عاشق کە ئەمەی بیست سوپاسی پەروەردگاری کرد و لە خۆشیان قوربانی کرد و گۆشتەکەی بەسەر فەقیر و دەستکورتان دابەشکرد. لە کاتی دیاریکراودا چووە

شوێنی مەبەست و بەئومێدی هاتنی مەعشوق لێی دانیشت. شەو بازێکی لێ ڕۆیشت و مەعشوق هات بینی عاشق خەوی لێ کەوتووە. ئینجا سەردەستی کراسەکەی تۆزێکی لێی دڕاند بە مانایەی من بەڵێنەکەی خۆمم بەجێ گەیاند. پاشان هەندێك گوێزی خستە دەستی بەو مانایەی تۆ هێشتا منداڵیت, و هێشتا زووە عاشق بیت و ئێستا بۆخۆت گوێز گوێزانێ بکە. پاشان سەری هەڵگرت و ئەوێی بەجێهێشت.

بەربەیان کاتێ عاشق هەڵسا و ئەو سەردەست و گوێزەکەی بینی ڕووی لە خۆی کردو گوتی: بەڕاستی عیشقی ئێمە گشتی لە ڕاستگۆیی و وەفاوە سەرچاوە دەگرێت. ئەو ناخۆشیانەش کە لەم ڕێگەدا بەسەرمان دێت, گششتی خەتای خۆمانە.[1]

***

---

[1] - (مسنوی معنوی, کتاب السادس)


## گریان لە ترسی خودا

عاریفی مەزن (عوتبەی کوڕی غولام) بچووک بوو، قوتابی بوو لای پێشەوا (عەبدولواحیدی کوڕی زید) ماوەی نۆ ساڵ، هەر کاتێك مامۆستا عەبدولواحید دەستی بە ئامۆژگاری دەکرد، عوتبە دەستی بە گریان دەکرد هەتا مامۆستا کۆتایی بە قسەکانی دەهێنا.

قوتابییەکانی دیکە چوونە لای پێشەوا عەبدولواحید پێیان گوت : مامۆستای بەڕێز خۆزگە نەتهێشتایە عوتبە بگری، چونکە دەرسەکە لە ئێمە تێك دەدا، پێی بڵێ با نەگری.

ماموستا عەبدولواحید گوتی: سبحان الله! عوتبە لە ترسی خودا دەگری و منیش ڕێگری لیّ بکەم! بەڕاستی ئەگەر وا بکەم ئەوە من ماموستایەکی خراپم. ئەو مەستی عیشقە، من چۆن بتوانم بە ئاگایی بێنم!؟ بمبورن من ئەوەم پێناکرێت.[1]

***



---

[1] - (خوف من الله , ٢٣)

## ترسی بەردەم یار

جارێکیان (عوتبەی کوڕی غولام) دەچێتە سەردانی هاوڕێیەکی، و شەو لەوێ مایەوە، دەمەو بەیان بەخەبەر هات، دەستی بەگریان کرد زۆر بە کوڵ دەگریا. کە ڕۆژ بوویەوە هاوڕێکەی لێی پرسی : دەزانی ئەمشەو زۆر دڵت تەنگ کردم، باشە بۆچی دەگریای؟

عوتبە گوتی: سوێند بەدڵداری ئەعزەم، بیرم لەو ڕۆژە دەکردەوە کە دەچینە خزمەت حەزرەتی دۆست، پاشان لار بویەوە خەریك بوو لە هۆش خۆی بچێت، هاوڕێیەکەی دەڵێت: باوەشم پێدا کرد، بینیم چاوەکانی سوور بووە و

فرمێسک بە چاوەکانی دا دێتە خوارەوە، بانگم کرد عوتبە، عوتبە، عوتبە، ئەویش بە دەنگێکی نزم وەڵامی دامەوە گوتی: ترسان لە ڕۆژی لێپرسینەوە لەبەردەم حەزرەتی دۆست ژوانی خۆشەویستانی لە بیر بردومەتەوە، پاشان سەری بەرز کردەوە و فرمێسک بەسەر ڕومەتەکانی دەهاتنە خوارەوە و گوتی: گەورەی من، تو زاتی خۆت ئایا دەگونجێ تۆ بەخشندەبی و سزای خۆشەویستەکانت بدەی کە تۆیان خۆش دەوێت!

هەر ئەو قسەیەی دوبارە دەکردەوە تا منیشی خستە گریان.[1]



---

١ - (خوف من الله , ٢٢)

**بایەزیدی بوستامی دەیگوت:**

ئەی پەروەردگار.

ئەوە سەیر نییە

کە من تۆم خۆش دەوێت!

من بەندەیەکی هەژار و داماوم،

بەڵام سەیر ئەوەیە:

کە تۆ منت خۆش دەوێت

تۆش پەروەردگاری جیهانیت!.[1]

---

١ - (حلیة الاولیاء، ١٠\٢٩)، (تذکرة الاولیاء، ٢٠١) (سیرة ابویزید البستامي، ١٦٠)

**ئەوەی دەیبەخشێ باشترە**
**لەوەی وەردەگرێ**

دەگێڕنەوە (شەقیقی بەڵخی) بازرگان بوو، جارێك لە کاتی ڕۆیشتن (ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم)ی لە شوێنی خۆی وەکو سەرکار دانا، کاتێك بەڕێکەوت لەڕێگا چاوی بە باڵندەیەکی کوێر کەوت کە باڵندەیەکی ساغ دانی بۆ دێنا و دەرخواردی دەدا، بۆیە لەخۆی پرسی ئەگەر خودا ڕۆزی ئەو کوێرە بدات چۆن ڕۆزی من نادات؟

بۆیە گەڕایەوە و بڕیاری دا بازرگانی نەکا، کاتێك هاتەوە شار ئیبراهیم لێی پرسی: بۆچی گەڕایەوە؟

شەقیق بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە کە باڵندە کوێرەکە خواردنی پێ دەدرا لە لایەن باڵندە ساغەکەوە.

ئیبراهیم گوتی: ئەی نەتبیستووە ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) فەرموویەتی (ئەوەی دەبەخشێ، لەوەی وەردەگرێ باشترە) بۆ وەکو باڵندە ساغەکە نابیت؟![1]

***



١ - (أعلام التصوف, ٣٥٢)

## شتێک بەکارناهێنم شتەکان لێک دابڕێت

کۆمەڵێك لە عاریفان سەردانی (رابیعەی عەدەوی)یان کرد، کاتێ چوونە لای لە ژوورەکەی خۆی نانی دەخوارد، بەڵام دیقەتیان دا بە ددانەکانی گۆشتەکەی بەردەمی پارچە پارچە دەکرد، یەکێك لە عاریفان گوتی : رەحمەتت لێ بێ ئەی رابیعە، بۆچی بەچەقۆ پارچە پارچەی ناکەیت؟

ڕابیعە گوتی: قوربان، من چەقۆم نییە بۆیە بە ددان دەیبڕم.

عاریفەکە گوتی: لەبەر چی چەقۆت نییە؟

ڕابیعە گوتی: ئاخر چەقۆ ئامرازێکە بۆ بڕین بەکاردێت، من هەرگیز شتێک بەکارناهێنم شتەکان لێک دابڕێت و جیایان بکاتەوە، بۆیە نیمە.[١]

***



١ - (تذكرة الأولياء، ١٠٢) (العابدات، ٣٢)

## شاهیدی خەلیفە قبوڵ ناکرێت

(موحەمەدی کوڕی حەمزەی فەناری) زانایەک بوو لەدەورانی سوڵتان بایەزیدی عوسمانی، ڕۆژێک سوڵتان هات شایەدی لەسەر بابەتێک بدات، بەڵام شێخ موحەمەد شایەدی سوڵتانی قبوڵ نەکرد, گوتی: بۆ هیچ بابەتێک شایەدی سوڵتان قبوڵ ناکرێت.

پرسیاریان لێی کرد: لەبەرچی شایەدی سوڵتان قبوڵ ناکەیت؟

گوتی: چونکە سوڵتان نوێژی جەماعەت ناکات .

ناچار سوڵتان مزگەوتێکی لەنزیکی کۆشک دروست کرد، بۆ ئەوەی نوێژی جەماعەتی لێ بکات.[١]

***



---

١ - (الصلاتين العثمانية، ٣\ ٤٢٣)

# خۆشۆردنی باڵول

ڕۆژێك باڵول دەڕوات بۆ گەرماو تاکو خۆی بشۆرێت، خاوەنی گەرماوەکە و کرێکارەکانی زۆر گرینگی پێ نادەن، چونکە لە جلەکانی هەژار دەردەکەوت.

باڵول لەو هەڵوێستەی ئەوان زۆر نارەحەت بوو بۆیە پەیمانی بەخۆی دا کە دەرسێکی باشیان پێ بدات، بۆیە کاتێك تەواو بوو لەپارەدان چەند سکە زێڕێکی پێیاندا، خاوەن گەرماوەکە و کرێکارەکان زۆر سەریان سوڕما لە بەخشەندەیی و لە کەم و کوڕی خۆیان شەرمەزار بوون.

هەفتەی داهاتوو کە دوبارە باڵول هاتەوە بۆ گەرماو ئەوجارە زۆر بە جوانی پێشوازیان لێی کرد و خزمەتێکی

Tanya Hajji

باشیان کرد تاکو وەکو جاران دراوێکی باشیان پێ بدات، بەڵام ئەمجارە کە تەواو بوو چەند سکەیەکی کەم بەهای پێدان، خاوەن گەرماوەکە پرسی: تۆ جاری یەکەم خزمەتێکی وامان نەکردی کەچی پارەیەکی چاکت پێمان دا، بەڵام ئەمجارە بە پێچەوانەوە ئەم جارە خزمەتێکی چاکمان کردی، کەچی پارەیەکی کەمت پێداین!؟

باڵوڵ گوتی: ئەو پارەیەیی کە جاری یەکەم پێم دان بۆخزمەتی ئێستا بوو، بەڵام ئەو پارە کەمە بۆ خزمەتی یەکەم جار بوو.[1]

***


---

١ - (اخبار بالول , ١٩٩)

## بینینی ئاسەواری خوا

ڕۆژێکیان دەروێشێك بە سوکە گەڕانێك ڕێی کەوتە باخەکی گەلێ خۆش, لە جوانی باخەکە سەری سوڕما, سەری هێخستە کۆشی و کەوتە تێفکرین. لەولاوە پیاوێك هات و لە حالّی ئەو دەروێشە بێ ئاگابوو, تورەبوو و ڕووی لە دەروێش کرد و گوتی: مرۆی ئاقلّ و ژیرمەند لەناو باخدا نانوێت. ئەتو لۆ نوستووی؟ چاوت بلّندکە, برۆنە ئەو دار و درەختانە, لەو سەوزاییە ڕابمێنە. ئەدی نەتبیستیە پەروەردگاری عەزیم فەرموویتی چاو بگێڕن و دیقەتبدەنە شتەکان. ئەتوش هەستە دیقەتبدە ئاسەوارەکانی پەروەردگار.

دەرویش سەری هەڵبڕی و گوتی: دەبێت ئاسەوارەکانی پەروەردگار لە دڵدا ببینیت, نەوک هەر بەچاو. ئەوانەی تۆ دەیڵێیت, نیشانەیەکی سادەی ئەون. ئەو باخە و سەوزاییەی ئێرە وەك وێنەدانەوەی شتێکە لەسەر ڕووی ئاو, ڕاستەقینەی شتەکە لەگەڵ ئەو وێنەیەی دروست بووە جیاوازن.[1]



١ - (مثنوی معنوی , کتاب الثالث)

جوانترین

## ئیبن عەرەبی دەڵێت:

هیچ ئایینێك

لەو ئایینە

باڵاتر نییە،

کە

لەسەر بناغەی خۆشەویستی

بونیاد نرابێت.[1]

---

١ - (فتوحات المکیة، ٥\٢٩)

## ڕاوێژی شێت و ئاقڵ

یەکێك لە بازرگانەکانی شاری بەغداد بە مەبەستی ڕاوێژکردن چووە لای بالول و لێی پرسی: بالولی عاقڵ بە بۆچونی تۆ چی بکڕم بۆ بازرگانی تا قازانجی تێدابکەم؟

بالول گوتی: لۆکە و ئاسن بکڕە، قازانج دەکەی.

بازرگان هەڵسا لۆکە و ئاسنی کڕی، لە بازرگانییەکەیدا پارەیەکی زۆری قازانج کرد، پاش چەند ڕۆژێك بازرگان بە لوتبەرزیی و لەخۆبیابوونەوە چووە لای بالول و بە گاڵتەوە گوتی: بالولە شێت ئەوجارە چی بکڕم بۆ بازرگانی تا قازانج بکەم؟

بالول وتی : پیاز و کاڵەك بکڕە .

بازرگان چونکە لەجاری یەکەم سوودی لێ بینیبوو، هەڵسا هەموو سامان و دارایەکەی بەپیاز و کاڵەك دا، پاش ماوەیەکی کەم پیاز و کاڵەك بۆگەنی کرد و هەمووی بووە خەسارە و پارەیەکی یەکجار زۆری زەرەر کرد، بۆیە بەتووڕەییەوە هاتە لای بالول گوتی: تۆ جاری یەکەم ئامۆژگاریت کردم قازانجم کرد بەڵام ئەوجارە زەرەرێکی زۆرم کرد.

بالول زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: جاری یەکەم کە هاتیە لام زۆر بەڕێزەوە مامەڵەت کرد و گوتت بالولی ئاقل، بۆیە منیش وەکو ئاقڵان پێشنیارم بۆ کردیت، بەڵام جاری دووەم بەلوت بەرزی و لەخۆباییبونەوە پێت گوتم بالولە شێت، بۆیە منیش وەکو شێتان پێشنیارم بۆ کردیت.

بازرگان کەگوێی لەو قسانە بوو شەرمەزار بوو و ڕۆیشت.[1]

---

[1] - (أخبار بالول, ١٤)

## بچمە دەرگەی کێ؟

دەگێڕنەوە لە سەردەمانێك عارفێکی گەورە کۆمەڵێك سۆفیی دەبێت، و بۆ ماوەی چەندینساڵ ئیرشاد دەکات، بە جۆرێك پەروەردەیان دەکات کە بگەنە حاڵەتی کەشف و پەردە لەسەر چاوی دڵیان لادەچێت، و حاڵاتیان بۆ پەیدا دەبێت و دەگەنە بازاڕی حەقیقەت.

دوای ماوەیەك و لەگەڵ ڕۆشتنی ڕۆژگار ئەو سۆفیانە لە عالەمی مەعنەویدا دەبینن عاریفی مامۆستایان لە دواڕۆژی جەهەننەم و دۆزەخ نووسراوە.

لەبەر ئەوە پەیتا پەیتا سۆفییەکان لێی دوور دەکەونەوە و بەجێیدەهێڵن.

تەنیا یەک دانەیان نەبێت کە ئیخلاسیەتێکی زۆری بۆ عاریفەکە هەبوو، هەمیشە ئەوەی لەبەر چاوبوو کە بەهۆی ئەو عاریفەوە گەیشتۆتە حاڵەتی کەشف و موشاهەدە، بۆیە کۆڕ و مەجلیسەکەی جێنەهێشت، بەو هیوایەی پاشەڕۆژی عاریفەکە بگۆڕێت.

ڕۆژێکیان عاریفەکە زۆر دڵتەنگ دەبێت و بە تاکە سۆفییەکەی دەڵێت: کوڕی خۆم هاوڕێکانت لە کوێن؟ دەمێکە دیارنین؟

سۆفییەکەش وەڵامی ناداتەوە و خۆی لە گێلی دەدات.

عاریفەکە سوڕ دەبێت لەسەر پرسیارەکەی و دەڵێت: وەڵامم بدەوە بەو شێوەیە لێت ناگەڕێم.

ناچار سۆفی دەڵێت: قوربان چیت لێ بشارمەوە، هاوڕێکانم لەڕێگەی کەشفەوە بینیان تۆ دۆزەخیت، لەبەر ئەوە ڕۆیشتن!

عاریفەکە بە خەمباریەوە دەڵێت: کەواتە لەبەر ئەوەیە! کوڕی خۆم من ماوەی ٤٠ ساڵە ئەو حاڵەی خۆم دەبینم و دەزانم جەهەننەمیم, بەڵام جگە لە دەرگەی پەروەردگار هیچ دەرگەیەکی دیکە شک نابەم, ئەگەر دەرگەی ئەو بەردەم! بچم بۆ کوێ؟ چەندین ساڵە ئومێدەوارم ئەوەی ڕۆژێك بێت و پاشەڕۆژم بگۆڕێت! ئەگەر هاوڕێکانت ڕێگایەکی لەوە باشتر دەزانن بابێن و پێم بڵێن.

بەو ئیخلاسیەتە پاکەی عاریف, پەروەردگار دەرگەی ڕەحمەت دەکاتەوە و فەرمانی لێخۆشبوون دەردەکات, لەڕێگەی کەشفەوە ئیدی دەزانن پاشەڕۆژی عاریف بوو بەجەننەت و بەبەهەشت.[1]

***

---

١ - (حدائق العرفانية, ٢\ ٢٣٩)

# گفتوگۆی عاریفان

جارێکیان (زنونی میسری) کەسێکی نارده لای (بایەزیدی بوستامی) گوتی بە بایەزید بڵێ: هەتا کەی خەو و ڕاحەتی؟ وا قافیلە تێپەڕی!

بایەزید وەڵامی داوە گوتی بەنێردراوەکە: بڵێ بەزنونی برام پیاو ئەوەیە کە شەو بخەوێ و بەیانی پێش قافیلە گەیشتبێ بە مەنزڵ .

زنون کە ئەمەی زانی گوتی: ئەو مەقامەی بایەزید پێی گەیشتووە هێشتا ئێمە نەمانبینیوە.(١)

---

١ - (عوارف المعارف , ٦١) (رسالة القشيرة , ٣١٦)

# مرۆڤ لایەقترە لە بونەوەری دیکە

جارێکیان شێخ (عەبدولقادری گەیلانی) لەگەڵ هاوەڵەکانی بەڕێگایەکدا دەڕۆن کە زۆر باریکە، لەوکاتەدا سەگێك بەو کۆڵانە دا دێت. بۆیە شێخ دەکشێتە دواوە و ڕێگاکە بۆ سەگەکە دەکاتەوە، یەکێك لە موریدەکانی زۆری پێناخۆش دەبێت کە چۆن سەگێك ڕێگای بۆ بکرێتەوە و بەپێش بکەوێت, خۆ مرۆڤ بەڕێزتر و لایەقتر و گەورەترە لە هەموو بونەوەرێکی دیکە، چۆن ئەمە دەبێ؟

شێخ لەوکاتەدا ڕووی وەرگێڕا لای موریدەکانی و گوتی:ڕۆڵەکانم! ئەو سەگە بەزمانی حاڵ گوتی: لەکوێنی

کۆندا چ کەم و کورپیەك لەمن هەبوو، تاوەکە بەرگی سەگ
بەمن ببەخشن؟ ئادەی پێم بڵێ چ گەورەیەك لە تۆ هەبوو
تاوەکو خەڵاتی سوڵتانی عارفینینت پێ ببەخشرێت؟

بۆیە منیش ڕێگاکەم پێشکەش کرد چونکە بەدەست
خۆی نەبوو کە بوەتە سەگ.[1]

***



١ - (بهجة الأسرار , ١٧٢)

# خوا رازق و رۆزی دەرە

(مالیکی کوڕی دینار) دەڵێ:

ڕۆژێك لەسەر سفرەی نان خواردن دانیشتبووم نانم دەخوارد, لەو کاتەدا پشیلەیەك بەخێرایی هات و لە پێشم پارچە گۆشتێکی برد و ڕۆیشت, بێ ئەوەی بترسێت، منیش زۆر سەیرم پێ هات ئەو غیرەتەی چۆن هاتێ و بێ لەبەردەمم بیبیبات! بۆیە بەدوایدا ڕۆیشتم وردە وردە چاوم لێبوو چووە نزیك کونێك, پارچە گۆشتەکەی دانا و ڕۆیشت بێ ئەوەی بیخوا منیش چاوەڕێم کرد تا نهێنیەکە بزانم چییە، بینیم مارێکی کوێر لە کونەکە هاتە دەرە و

پارچە گۆشتەکەی خوارد، ئینجا تێگەیشتم کە خودا رزقی
مارێکی کوێر دەدات ئەگەر بەدوژمنەکەشی بێت.[1]

***



---

[1] - (تاريخ الدمشق , ١٢\١١٤)

## بایەزید کێ یە؟

جارێکیان (زنونی میسری) کەسێکی نارده لای (بایەزیدی بوستامی) بۆ ئەوەی لە ئەحواڵ و تەندروستی بپرسێت، پیاوەکە گەیشتە بوستام و لەماڵی بایەزیدی پرسی و ماڵەکەیان پێ نیشان دا، پیاوەکە چووە ژورەوە و بینی بایەزید دانیشتووە, لێی پرسی: فەرموو براکەم چیت دەوێ؟

پیاوەکە گوتی: بایەزیدم دەوێ.

بایەزید گوتی: بایەزید کێ یە؟ من دەمێکە بەدوای بایەزید دەگەڕێم.

پیاوەکە زۆر سەری سوڕما و هاتەدەرەوە لە ماڵەکە و لەبەرخۆی دەیگوت: ئەو پیاوە شێتە چییە زنون منی بۆ لای ناردووە؟

کاتێک گەشتەوە لای زنون و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە و ئەوەی بینی بووی پێیگوت.

زنون دەستی بەگریان کرد و گوتی: بایەزیدی برام کەسێکە کە لەگەڵ خودا فانی بووە و تەنیا خودای هەیە و خۆی ونکردووە.[1]



١ - (الرسالة القشيرية , ١١٢) (الكشف المحجوب, ١٦٤)

# گریانم لێ قەدەغە مەکە

گەورەی زاهیدان (سوفیانی سەوری) دەڵێ:

جاریکیان کۆڕی زیکر و ئامۆژگاریم بەستابوو، لەو کاتە (سەعیدی کوڕی سائیب تائفی) لەوێ ئامادە بوو، دەستم بە ئامۆژگاری کرد، سەعید ئەوەندە گریا تاکو بەزەیم پێیداهاتەوە، گوتم: ئەی سەعید بۆچی ئەوەندە دەگری؟ خۆ من تەنیا باسی پیاوچاکان و ئەهلی خێردەکەم بۆتان؟!

گوتی: ئەی سوفیان چۆن نەگریم، بۆچی گریانم لێ قەدەغە دەکەیت، کاتێ باسی پیاوچاکان دەکەی و پلە و

مەقامیان ڕوون دەکەیەوە، کەچی من لەوان دابڕاوم و دوورم لەوان.

سوفیان دەڵێ: زانیم بەڕاستی حەقی خۆیەتی کە بگری.[1]

***



[1] - (تعال نبك لنطفئ بحارا من نار , ٤٠)

## نوێژ لە دوای تۆ دروست نییە

جارێکیان (بایەزیدی بوستامی) دەچێتە مزگەوتێك لە گەڕەکێکی نەناسراو، کاتێك بانگ دەدرێت بایەزید دەچێتە دوای ئیمام و نوێژ دادەبەستێت، کە تەواو دەبن ئیمام ڕووی وەردەگێڕێت و سەیر دەکا بایەزیدی بوستامی لەدوایەتی (چونکە ئەویش وەکو زۆربەی ئیمامەکان ئەهلی زاهیر دەبێ و لە تەسەوف تێنەگەشتووە) بۆیە پێی دەڵێ: ئەی شێخ! تۆ کاسبی ناکەی و لە کەس شتێك وەرناگری، لە کوێ خواردن دێنی و دەیخۆیت؟

بایەزیـد هەڵسـاوە و گـوتی: بوەسـتە تـا نوێژەکـەم قەزادەکەمەوە، ئەو کات وەڵامت دەدەمەوە.

ئیمامەکە گوتی: چی؟ ئەوە چی دەڵێی؟

بایەزیـد گـوتی: بـەڵێ، نوێژەکـەم دوبـارە دەکەمـەوە چونکە نوێژ لەدوای کەسێك دروست نییـە کەنـەزانێ کـێ ڕۆزی دەرەوە و ڕەزاقە.[1]

***



١ - (سلطان العارفين , ٢٨٩)

# خاوەن ماڵ عەبدە یان ئازاد

دەگێڕنەوە لە سەردەمی خۆی (بیشری حافی) سەرقاڵی ڕابواردن و گوناه و تاوان بوو، شەوێك هەندێ لەهاوڕێ و برادەرانی لای بوون تا شەراب بخۆنەوە و خۆ بێهۆشکەن، یەکێ لە پیاوچاکان بەوێدا تێپەڕی و لەدەرگەی ماڵیانیدا، خزمەتکارەکەی هاتە دەرەوە، پیاوچاکەکە گوتی: خاوەنی ئەم ماڵە ئازادە یان عەبدە؟ خزمەتکارەکە گوتی: نەخێر ئازادە.

پیاوچاك وتی : ڕاست دەکەی ئەگەر عەبد بوایە ئەوە مانای عەبداتی دەزانی بەرامبەر خودا و وازی لە ڕابواردن

و گۆرانی و خواردنەوە دەهێنا. کاتێك خزمەتکارەکە هاتە ژوورەوە ئەوەی بۆ بیشر گێڕاوە، بە پەلە هاتە دەرەوە بینی لەوێ نەمابوو، بەخزمەتکارەکەی گوت: بۆ کوێ چوو؟ خزمەتکارەکە ئامـاژەی بـۆ شـوێنێك کـرد گوتی: بەرەو ئەو شوێنە چوو.

بیشر بەپێ خواسی بەدوای کەوت و لەڕێگا دۆزیەوە و پێی گوت: گەورەم تۆ بویت قسەت لەگەڵ خزمەتکارەکەم کرد؟

گوتی: بەڵێ.

بیشر گوتی: دەمەوێ قسەکان دوبارە بکەیتەوە!

ئەویش بۆی دوبارە کردەوە، لەو کاتە بیشر ڕومەتی خۆی لەسەر زەوی دانا و گوتی: نەخێر من عەبدم، من عەبدم ... پاشان ناسرا بەپێ خواس، جارێکیان پرسیاریان لێی کرد: بۆچی نەعلەیەك ناکەیتە پات؟

گوتی: لەبەر ئەوەی لەو کاتەی گەورەم منی پاك کردەوە پێ خواس بووم، کەواتە دەمەوێ تاکو مردن لەو حاڵەتە لانەدەم و هەمیشە شوێنەواری ئەو گۆڕانکاریەم پێوە دیار بێ.[1]

---

[1] - (صفة الصفوة , ٤\ ١٤٢) (الف قصة و قصة , ٢\٥١٥)

# بۆچی غەمباری

جارێکیان (جونەیدی بەغدادی) بەلای پیاوێکدا تێپەڕی بینیی زۆر غەمبارە، گوتی: ئەی براکەم بۆچی غەمباری؟ ئایا مردن لە کاتی خۆی زووتر بۆت دێت؟

پیاوەکە گوتی: نەخێر.

جونەید گوتی: ئایا خودا ڕۆزیت پێ نادا و لێی گرتویەتیەوە؟

پیاوەکە گوتی: نەخێر.

جونەید گوتی: باشە شتێك خودا بۆی نەنووسیبی بەسەرت دێت؟

پیاوەکە گوتی: نەخێر.

جونەید گوتی: کەواتە ئەی براکەم بۆچی غەمباری.[1]

***



١ - (اللمع , ٤٣٩)

# کۆتا نوێژمە

پرسیاریان لە (حاتەمی ئەسم) کرد: چۆن نوێژەکانت وا جوان و پوختە و بێ کەموکوڕیە؟

حاتەم وەڵامی داوە: کاتێك کاتی نوێژ دێت، وا دادەنێم کە ئەوە کۆتا نوێژمە، بۆیە دەستنوێژێکی پوخت دەشۆم، نیەتی نوێژ دەهێنم، کەعبە دەخەمە نێوان برۆیەکانم، پردی سیرات دەخەمە بن پێیەکانم، بەهەشت لەڕاستم دادەنێم و دۆزەخ لەلای چەپم، ئیزرائیل لەدوای خۆم دادەنێم، ئینجا فاتیحە و چەمینەوە و سوژدەکان بەجوانی ئەنجام دەدەم، چونکە ئەوە دوا نوێژم دەبێت.(١)

---

١ - (طبقات الکبری , ١\ ٣٣١)

## خودا تۆی نارد
## تاوەکو ئاگاداری بیت

جارێکیان (حبیبی عجمی) بەکۆڵانێکدا دەڕوا و پێویستی بەقەزای حاجەت دەبێت، بۆیە جوبەکەی لەبەر دەکاتەوە و لەسەر ڕێگاکە دای دەنێت و دەچێتە ژوورەوە، لەوکاتەدا (حسنی بصری) بەوێدا تێدەپەڕێ و سەیر دەکا ئەوە جوبەکەی حبیبە، (چونکە ئەو تەنها ئەو جوبەیەی هەبووە) بۆیە ئاگاداری دەکا هەتا حبیب دێتە دەرەوە، شێخ حەسەن دەڵێ: ئەی حبیب نەترسای کە جوبەکەت لێ ببەن، وا لەسەر ڕێگات داناوە؟ پشتت بەکێ بەستووە تا بەجێی بێڵیت !

حبیب بەزەردەخەنەیەك وەڵامی داوە: پشتم بەو کەسە بەستووە کە (حەسەنی بەسری) ناردووە تا ئاگاداری جوببەکەم بێت.[1]

***



١ - (تذكرة الأولياء , ٨٧)




Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و  بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن خاتوون " ئاڤان بەهجەت "**
**کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ  کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22

t.me/tanyahaji7

Invite Link

# خێرکردن

(حبيبى عجمى) پیاوێکی دەوڵەمەند و خێرکەر بوو، ڕۆژێك ٤٠ هەزار درهەمی کردە خێر هەر جارەی ١٠ هەزار دینار،

لە جاری یەکەم گوتی: خودایە ئازادم لە دۆزەخ.

لە جاری دووەم گوتی: ئەو ١٠ هەزارەش شوکر کردنمە ئەگەر ئازادتت کردووم.

لە جاری سێیەم گوتی: ئەو ١٠ هەزارەش ئەگەر ئەوەی یەکەم و دووەمت لی گیرا نەکردوومە.

لە جاری چوارەم گوتی: ئەو ١٠ هەزارەش شوکر کردنمە ئەگەر لێت گیرا کردوومە.[١]

***



١ - (الأولياء الله صالحين , ٣١٨)

# تۆبە تەنیایی

جارێکیان زانای بەناوبانگ (ابن السماك) ڕوو دەکاتە خەلیفە (هارونە رەشید) و پێی دەڵێ: ئەی پێشەوای موسڵمانان تۆ دەمریت بەتەنیا، وە بە تەنیا دەچیتە گۆڕ، وە بەتەنیاش زیندوو دەبیتەوە، کەواتە ئاگات لەو ڕاوەستانە بێت کە لەبەر دەم پەروەردگاری باڵادەست دەوەستیت، ئاگات لەو کاتە بێت کە لەنێوان بەهەشت و جەهەننەم ڕادەوەستیت، ئاگات لەو کاتە بێ کە قاچەکان خلیسك دەبەن و پەشیمانی ئەو کات دادت نادات، ئینجا کە خەلیفە ئەمەی بیت دەستی بەگریان کرد.[1]

---

١ - (سیرة و تاریخ هارون الرشید , ٢٨٧)

## پێکەنین و ترسان

ڕۆژێکیان شێخ حەسەن بە لای گەنجێک تێدەپەڕێ دەبینێ بە قاقا پێ دەکەنێت.

پێی دەڵێت: کوڕی خۆم، بەسەر پردی سیراتتێپەڕبووی ئاوا دڵخۆشی؟

گوتی: نەخێر.

حەسەن گوتی: ئایا لێت ڕوونە کە بەهەشتیت یان جەهەنەمیت؟

گەنجەکە گوتی: نەخێر.

حەسەن گوتی: ئەی ئیتر بۆچی پێدەکەنیت ئاوا بە قاقا!

گەنجەکە قسەکانی حەسەن زۆری کارتێکرد و پەشیمان بوویەوە, پاش ئەوە کەس ئەو گەنجەی نەبینی پێ بکەنێت.[1]

***



١ - (من أعلام التصوف , ٢٥٥)

## چۆن دڵم خۆشبێ
## کە موسڵمانان ئابلوقە دراون

جارێکیان پێشەوا (نورەددین زنگی) چوو نوێژی عەسر بکات لە مزگەوتی ئەمەوی، پاش تەواو بوونی نوێژ، ئیمامی مزگەوتەکە دەستی کرد بە فەرموودەی دڵخۆش کردن بە ڕادەیەك هەموویان پێدەکەنین تەنها نورەدین نەبێت، ئیمامەکە ڕووی تێکرد و گوتی: بۆچی وا بێ تاقەت و خەمباری؟



CamScanner

نورەددین گوتی: شەرم لە خودا دەکەم پێبکەنم و خاچ پەرستانیش ئابلوقـەی موسـڵمانانیان دابێـت لـە شـاری (دمیت).

بۆیە بەڕێ دەکەوێت بۆ شاری (تـل حـارم)، کـە سـەیر دەکـا ژمارەیـان زۆر کـەمترە لەچـاو خـاچ پەرسـتەکان، دەکەوێتە سـوجدەو دەڵـێ (پـەروەردگار ئەمانـە بەنـدەی تۆن بەڵام دوژمنتن، ئەو موسـڵمانانەش بەنـدە و ئـەولیای تۆن، خوایە ئەولیاکان سـەربخە بەسـەر دوژمنـان، خوایـە ئایینەکەی خۆت سەربخە، نورەددین سەرمەخە)


بۆ سبەینێ کە نورەدین بۆ نوێژی بەیانی دێتە مزگەوت سەیر دەکات ئیمامەکـە وا بـەرەو پیلیـەوە دێـت و دەڵـێ: قوربان ئەمشەو خەوم بە حەزرەتی خۆشەویست (سەلامی خـودای لێبێـت) بینیـوە, پێـی فـەرمووم: مـژدە بـدە بە(نورەددین) خودای گەورە موسڵمانانی شاری (دمیت)ی لـە ئابلوقـە نەجاتـدا، منـیش گـوتم: ئـەی ئـازیزی دڵان, نیشانەیەکم بدێ تا بەنورەددین بڵێم تا بڕوام پێبکات!

فەرمووی: پێی بڵێ بـەو ناونیشـانەی کـە سـوجدەیبرد لە(تل حارم).

نورەدین کە گوێی لەم قسانە بوو فرمێسک باراندی بەسەر ڕوومەتەکانی و دەست و برد سوجدەی شوکری برد گوتی: (اللهم انصر دينك و لا تنصر نورالدين محمود، من نورالدين الكلب حتى تنصره !)

واتە:(خودایە دینی خۆت سەربخە، نورەددین مەحمود سەرمەخە، نورەدینی سەگ چییە تاسەری بخەیت؟).[1]

***



١ - (ابطال الأيوبين , ٣٧٢)

## باری گران


## لەسەر وشترەکان بار مەکەن

لەسەردەمی ئیمامی (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) نامەیەك بۆ والی میسر دەنێرێ: بسم الله الرحمن الرحيم سەلامی خوداتان لێ بێ.

لە پاشان، هەواڵم پێ گەیشتووە کە لە وڵاتی میسر حەماڵەکان زیاد لە ئەندازەی خۆی بار لە وشترەکان بار دەکەن و زۆر ماندوویان دەکەن، هەر کاتێك ئەو نامەیەت پێگەیشت، هەواڵ بگەیەنە ئەو خەڵکە و قەدەغەی بکە کە نابێ هیچ حەماڵێك زیاتر لەشەش سەد ریتل باربکات، نابێ لەو ئەندازەیە زیاتریان بار بکەن وڵاخەکانیان ئەوەندە

ماندوو بکرێن، چونکە ئەمەش دەبێتـە هـۆی تووڕەبوونی خودا و تۆڵە وەرگرتنەوە.[1]

***



١ - (حياة عمر بن عقبدولعةزيز , ٢٤٢)

## شێخ حەسەن ی بەسرِی و مەجوسیەکە

حەسەن بەسرِی دەڵێ:

جارێکیان چوومە لای یەکێك لە مەجوسیە ئاگر پەرستەکان, خەریك بوو گیانی لە دەست دەدا. ئەو پیاوە ماڵی لە بەرامبەر ماڵی ئێمە بوو، هەتا بڵێی دراوسێیەکی باش بوو و رەوشت بەرزبوو، لەسەرە مەرگ پێم گوت: حالت چۆنە و چیت بەسەر هاتووە؟

گوتی: دڵێکی دەردەدار هیچ ساغێکی پێوە دیار نییە و لاشەیەکی نەخۆش و هیچ هێزێکی نەماوە، گۆڕێکی چۆڵ و هۆڵ هیچ کەس نییە ئولفەتی پێوەبگرم، گەشتێکی دوور و

بێ تێشوو، پردێکی باریک، که نەتوانم بەسەریدا تێپەڕم، ئاگرێکی گەرم که هیچ لاشەیەکی ئەوهام نییە بەرگەی بگرم، بەهەشتێکی دڵڕفێن، بەڵام هیچ بەشی منی تێدانییە و من لێی بێبەشم، خودایەکی دادپەروەر و منیش کردارێکم نییە بۆ مەیدانی حیساب.

حەسەن دەڵێ: ئومێدم وابوو خوا هیدایەتی بدات، بۆیە لێی نزیک بوومەوە و پێم گوت: بۆچی موسڵمان نابیت تاکو سەلامەت بیت؟

گوتی: ئەی شێخ، کلیلی راستەقینە بەدەست (الفتاح)ە و خۆی هەموو شتێك دەکات، قوفلیش لێرەیە، ئاماژەی بۆ سینگی کرد. یەکسەر لە هۆش خۆچوو.

شێخ دەڵێ: منیش گوتم: ئەی خودایە، ئەگەر ئەو مەجوسیە چاکەیەکی هەیە لای تۆ پێی ببەخشیت. ئەی خودایە پەلەی بۆ بکە و زوو پێی بدە، پێش ئەوەی گیانی دەربچێت، و لەئومێد و خۆشیەکانی دنیا دابڕێت .

دەڵێ: بەهۆش خۆی هاتەوە و چاوەکانی کردەوە پاشان ڕووی کردە لای من و گوتی: یا شێخ ئەوەی کە

دەرگەکان دەکاتەوە (الفتاح)ە، ئەویش کلیلی بۆ ناردم دەستی راستت بێنە ئەوا من دەڵێم : اشهد ان لا اله الله واشهد ان محمد رسول الله، پاشان دەستی بەربۆوە و گیانی دەرچوو.[1]

***



١ - (بحر الدموع ، ٢٣)

## ئەوان بیخۆن چاکترە

حەماد دەڵێ:

ڕۆژێك خزمەتکارێکی (داودی تائی) گوتی: بینیم زۆر دەمێك بوو داود خواردنی خۆشی نەخواردبوو تەنها نانی جۆ نەبێت، بۆیە پێم گوت: ئەی داود، چی دەڵێی خواردنێکی چەورت بۆ ئامادە بکەم!

داود گوتی: منیش پێم خۆشە.

خزمەتکارەکە دەڵێ: خواردنەکەم بۆی ئامادەکرد و بردمە لای.

داود گـوتی: منداڵـە هـەتیوەکانی فـلان کـەس چـیان بەسەرهات؟

گوتم: وەکو خۆیانن.(واتە: هەر هەژارن)

داود گوتی: برۆ ئەو خواردنە ببە بۆ ئەوان ببـە, ئـەوان بیخۆن من پێویستم پێ نییە.

خزمەتکارەکە وتی : ئاخر من بۆ تۆم دروست کردووە, تۆ دەمێکە خواردنی وات نەخواردووە!؟

داود گوتی: ئەگەر ئەو خواردنە بدەیە ئەوان و بیخۆن، ئەوا دەچێتە ژێر عەرشی خـودا، بـەڵام ئەگـەر مـن بیخـۆم بێگومان دەچێتە ناو زگم بەس ورگم پـڕ دەکات, و بۆیـە ئەوان بیخۆن چاکترە.[1]

***

---

[1] - (صحیح وصایا الرسول , ٢\٣٠١)

# ناشتنی داودی تائی

لەکاتی ناشتنی عاریفی مەزن (داودی تائی) دا و لەو کاتەدا کە گڵیان بەسەر دا کرد, پێشەوا (ابن سماك) وتارێکی بۆدان و گوتی: (ئەی داود چەند جێگای سەرسوڕمانیت! ئەوەی زیاتریش مایەیی سەرسوڕمانە کە تۆ ئەهلی ئەو زەمانەیت، نەفسی خۆت بێدەنگکرد تا لەسەر عەدالەت و یەکسانی ڕات هێنا، نەفسی خۆت زەلیل کرد و مەبەستت سەربەرزی نەفست بوو، نەفست برسی کرد و مەبەستت بوو تێربێت، نەفست تینووکرد و مەبەستتبوو تێر ئاو بێت، ئاخۆ حەزت لەئاوی سارد، لە نانی گەرم و خۆش، لە جلی کەشخە و جوان نەبوو؟ بەڵێ،

حەزت لێیان بوو بەڵام لەبەر پەروەردگار نەفسی خۆتت گرت, دیارە هەرچیت کردبێت کەمە لەچاو ئەوەی کە خودا لە بەهەشتت پێت دەدا. بەڵام ئەوەی ناحاڵیە و سەرقاڵی دنیایە لای سەیرە پێشبڕکێی قیامەت بکا، ئەو کەسە جێی سەرسوڕمانە کە بەدوای سەراب کەوتووە، سەرمەستی دنیایەکە وەك سێبەری ژێر درەختێك هاکا بەجێی هێشت.[1]

***



[1] - (التذکرة , ٢٧٦)

## پشت بەستنی ڕاستەقینە

پاش ئەوەی (ڕابیعەی عەدەوی) تۆبەی کرد لەسەر دەستی شێخ (حسن بەسڕی) وازی هێنا لە خەڵکی و بڕیاری دا بچێتە حەج، بۆیە گوێدرێژەکەی ئامادەکرد لەگەڵ هەندێك خواردن و کەلوپەل، پاشان ڕووی لە مەککەی شەریف کرد و بەڕێکەوت، لەڕێگا گوێدرێژەکەی توشی نەخۆشی هات و نەیدەتوانی هەڵسێتەوە، کاروانەکان داوایان لێی کرد لەگەڵ ئەوان بڕوات، بەڵام ڕابیعە گوتی: ئێوە بڕۆن من کاتێك بەڕێکەوتم پشتم بەئێوە نەبەست بوو، بۆیە قافیلەکە بەجێیانهێشت، کاتێك بەتەنیا مایەوە لەو بیابانە چۆڵە دەستی بەرزکردەوە

گوتی: ئەی یاری من! پاشایەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئافرەتان دەکەن، تۆ داوەتت کردووم بۆ سەردانکردنی ماڵی خۆت، گوێدرێژەکەشم لەڕێگا نەخۆش کەوتووە و تۆش منت بە تەنیا بەجێهێشت لەو بیابانە! لەوکاتەی لە موناجات بوو لەگەڵ پەروەردگا، گوێدرێژەکەی هەڵسایەوە، کاتێك سەیری کرد نەخۆشیەکەی نەماوە و زۆر لە جاران چالاکتر بووە، رابیعە سواری پشتی بوو و بەڕێکەوت هەتا گەیشتە مەککە و هێنایەوە هیچ شتێکی لێ بەسەر نەهات.[1]



١ - (تذكرة الأولياء , ٩٧)

## گەرمای خۆر باشترە لە تاوانكردن

دەگێڕنەوە جارێك كابرایەك ڕۆیشتە لای پێشەوا (ئەبو حەنیفە) و گوتی: پێویستی تینی بۆ هێناوم هەندێك پارەم بە قەرز بدەرێ لەجیاتی ئەوەش خانوەكەم با ڕەهن بێت لەلات. كاتێكیان دیاری كرد و كابرا قەرزەكەی برد و ڕۆیشت، پاش ئەوەی ماوەكە تەواو بوو ئەبو حەنیفە چوو بۆ ئەوەی قەرزەكەی وەربگرتەوە، بەڵام كابرا لە ماڵ نەبوو, بۆیە چاوەڕێی كرد.

كابرا كە هاتەوە بینی ئەبو حەنیفە لەو گەرمای خۆرە وەستاوە، دەیزانی ئیمام كە ماڵێك پیاوی تێدا نەبێت ناچێتە ژوور بەس بۆ نەچوەتە بەر سێبەری خانوەكەی!



CamScanner

پرسی: ئەی ئەبو حەنیفە بۆ نەچوویە بەر سێبەری خانوەکەم؟

ئەبو حەنیفە گوتی: ئەی براکەم, ئەو خانوەت بارمتەیە لای من، لە بەرنامەی ئیسلامدا تاوانە مرۆ لە ڕەهنەکان کەڵك وەربگرێت, منیش لەوە دەترسام کە بێمە ژێر سێبەری خانوەکەت و کەڵك لەسێبەری وەربگرم و گوناهبار ببم ..! بۆیە گەرمای خۆرەکەم پێ باشتربوو لەتاوان کردن.[1]

***



---

١ - (اخبار الأمة الأربعة , ٢٥٤)

## لێدانەکەت
## لەهی کاربەدەستان دەچوو

جارێك خەلیفە (ئەبو جەعفەر مەنسور) لە تەواف دەسوڕایەوە (سوفیانی سەوری) بینی لەپشتڕا شەقێکی لێدا، بەڵام سوفیان نەیناسی، ئەبو جەعفەر گوتی: ها نامناسیت؟

سوفیان گوتی : نەخێر ناتناسم, بەڵام لێدانەکەت بە لێدانی کاربەدەستان و ستەمکاران دەچوو.

حارس کە پاسەوانی خەلیفە بوو گوتی: ئەوە پێشەوای موسڵمانانە،

# کێت کوشتووە؟

جارێکیان عاریفی گەورە (ڕەبیعی کوڕی خوثیم) لەماڵ دانیشتبوو، بەڵام ئەوەندە گریا هەتا گەیشتە ڕادەیەک دایکی گوتی: کوڕم تۆ لەوانەیە کەسێکت کوشتبێ وا هێندە دەگریت، ئەگەر کەسێکت کوشتووە پێمان بڵێ بابچین ڕێبکەوین لەگەڵ کەسوکاری، چونکە ئەگەر بزانن تۆ هێندە خەمباریت و هێندە دەگریت ئەوا لێت خۆش دەبن.

ڕەبیع وتی: بەڵێ، دایکە خۆشەویستەکەم کەسێکم کوشتووە.

گوتی: کێیه؟

گوتی: خۆم، من خۆمم کوشتووه، جا پێویسته بگریم تا پەروەردگار لێم خۆش ببێت.[1]

***



[1] - (حیاة الزاهدین , ٢٣٦)

ئەبو جەعفەر گوتی: ئەوە بۆچی نایەیتە لامان چی لێت قەدەغە دەکات؟

سوفیان گوتی: پەروەردگار قەدەغەم دەکات کە نەیەمە لات چونکە دەفەرموێت (ولا ترکنوا الي الذين ظلموا فتمسكم النار) واتە: مەیلی خۆشەویستی و گوێ ڕایەلی نەکەن بۆ لای کەسێك کە ستەم دەکەن ئەگینا ئاگری دۆزەخ دەتانگرێ.[١]



١ - (صفة الصفوة , ٤\ ٢٣١)

## هامان فیرعەونی بە هیلاک برد

جارێك پێشەوا (سوفیانی سەوری) چووە لای خەلیفە (مەهدی) زۆر بەتوندی قسەی لەگەڵ کرد، وەزیر گوتی: لە قسەکانت تێتپەڕاند و زێدەڕۆیت کرد. لە خزمەت پێشەوای موسڵمانان لەسەرخۆ و بەڕێز قسە بکە، چۆن ئاوا قسە دەکەیت!

سوفیان بەتوورەییەوە ڕووی تێکرد و گوتی: بێ دەنگ بە تۆ! کەس فیرعەونی بە هیلاك نەبرد هامان نەبێت.

کاتێك سوفیان ڕۆیشت، وەزیر گوتی: ئەی پێشەوای موسڵمانان ڕێگام بدە بچم لە گەردەنی بدەم؟

خەلیفە گوتی: بێ دەنگ بە، کەس لەسەر زەوی نەماوە شەرمی لی بکرێ جگە لەو پیاوە.[1]

***



[1] - (مواقف ایمانیة , ١٤٥)

## وەسیەتی باوکی سوفیان

**ئیبراهیمی کوڕی ئازداد دەڵێ:**

پێشەوا (سوفیانی کوڕی عوییینە) گوتی: کاتێك تەمەنم بووە پانزە ساڵ باوکم بانگی کردم، گوتی: ئەی سوفیان، ئێستە تەمەنی منداڵیت نەما، بڕۆ سەر ڕێبازی چاکان تاکو ببیە یەکێك لەوان، کاتێك زانستت پەیدا کرد توشی غرور نەبیت کە مەدحیان کردیت، هەر کاتێك کەسێك باسی شتێکی باشی کرد رازیبە پێی، ئەگەر باشترت زانی دەنا بێدەنگبە، خۆت دوور بگرە لەدانیشتنی بێ سوود، گومانی خراپ بە هیچ کەس مەبە.

سوفیان گوتی: وەسیەتەکانی باوکم کردە قیبلە و پێدا ڕۆیشتم بێ ئەوەی ئەملا و ئەولا بکەم.[1]

***



١ - (صفة الصفوة , ٣٨٣)

## ئەوەی لە خودا بترسێ خەڵک لێی دەترسێ

**جارێـك (وەلیـدی کـوڕی عەبدولمـەلیك)** خەلیفـەی موسڵمانان لەگەڵ لێپرسراوی شاری مەدینە (عومەر کوڕی عەبدولعـەزیز) چـوون بـۆ سـەردانی ڕەوزەی شـەریفی خۆشەویسـت (سـەلامی خـودای لەسـەربێت)، لەوکاتـەدا زانای بەناوباگ (سەعیدی کوڕی موسـەیب) دەرسـی دەدا لـەو مزگەوتـەدا، وەلیـد دەچـێتە پێشـەوە و سـەلام لە(سەعیدی کوڕی موسـەیب) دەکا مامۆسـتا سـەعیدیش زۆر لەسەرەخۆ وەڵام دەدەاتەوە، بە جۆرێك خەلیفە گوێی لێ نابێت، (عومەر کوڕی عەبدولعەزیز) زۆر لەوە دەترسـێ خەلیفـە مامۆسـتا لەوانەوتنـەوە دوور بخاتـەوە و سـزای بدات، بۆیە ڕووی کـردە خەلیفـە و گـوتی: وابـزانم سـەعید


گوێی لە سەلامەکەت نەبوو، دوبارە وەلید گوتی: دەچمە پێشتر و بەدەنگی بەرزتر سەلامی لێدەکەم، بۆیە وەلید چووە پێشەوە وگوتی: سەلامی خوات لێبێت ئەی سەعید. دووبارە سەعید بە دەنگیکی نزمتر لەجارەکەی دیکە وەڵامی داوە، عومەر ئەوجارە زۆر ترسا کەوەلید تووڕەبێت گوتی: ئەی پێشەوای موسڵمانان وابزانم سەعید ناتناسێ چونکە چاوەکانی کزبووە. بەو شێوەیە عومەر بەرگری لە سەعید کرد، ئەوجارە وەلید چووە بەردەمی و تۆقەی لەگەڵ کرد و گوتی: سەلامی خودات لێ بێ ئەی سەعید.

سەعید ئەوجارە تەنیا لەدڵیەوە وەڵامی سەلامەکەی دایەوە.

پاشان هاتنە دەرەوە عومەر گوتی: زۆر ترسام خەلیفە سزای بدات، بەڵام وەلید گوتی: ئەی عومەر، بەڕاستی سەعید نە چاوی کز بووە نە گوێی نابیست بووە، بەڵکو سەعید بەندەیەکی لەخوا ترس و خۆپارێزە، من زۆر لێی ترسام بۆیە هاتمە دەرەوە بەڕاستی پەروەردگار هەموو

بەندەیەکی لێ ترساندووە، چونکە سەعید زۆر لە خودا دەترسێت.[1]

***



١ - (العلماء الكبار الأسلام , ١\٣٨٩)

## تۆ گەورەتری یان ئەو سەگە


جارێکیان پێشەوا (سید ئەحمەدی ریفاعی) لەگەڵ دەروێش و موریدەکانی لە ڕێگا دەڕۆیشت، پیاوێکی یەهودی هاتە سەر ڕێگای و بەرامبەریان وەستا گوتی: یا شێخ تۆ گەورەتری (ئیشارەتی بۆ سەگێك کرد) یان ئەوە؟

دەروێشەکان تووڕە بوون و ویستیان لە پیاوەکە بدەن و تێی بسرەوێنن، شێخ گوتی: بوەستن با وەڵامی بدەینەوە تووڕەمەبن، ئەی پیاو لەڕۆژی مەحشەر کاتێك بەسەر پردی سیرات دەپەڕینەوە ئەگەر من پەڕیمەوە ئەوا

من باشترم لەو سەگە، ئەگەر منیش کەوتمە خوارەوە و نەپەڕیمەوە ئەوا ئەو سەگە زۆر لەمن باشترە.

یەهودیەکە لە وەڵامەکەی زۆری سەری سوڕما گوتی: ئەی شێخ تۆ چەندە بە نەرم و نیانی وەڵامت دامەوە، تۆ شوێنکەوتەی موحەمەدی (سەلامی خودای لەسەربێت) ئاوای، ئەبێ موحەمەد خۆی چۆن بێت!

یەکسەر موسڵمان بوو.[1]



١ - (ابو العلمين سيدنا رفاعي , ٢٣٣)

## مەشغولت کردم بە دروستکراو

جارێکیان لە وەرزی بەهار خزمەتکارەکەی (رابیعەی عەدەوی) سەیرێکی دەرەوە دەکات دەبینێ گژوگیا دەشت و دەری داگرتووە, دیمەنەکە زۆر جوان خۆی دەنواند، بۆیە دەڵێ: ئەی ڕابیعە وەرە سەیر بکە, ماشاالله لە دروستکراوەکانی پەروەردگار، دەشت و دەر چەند جوانە وا چریکەی بولبل و چۆلەکە دونیای داگرتووە.

ڕابیعە کە سەیر دەکا ڕاستە، لەناکاو دەست دەکا بەگریان و زۆر تووڕە دەبێت لەخزمەتکارەکە و دەڵێ: برۆ بچینە ژوورەوە، بەڕاستی تووشی خیانەتێکی گەورەت

کردم, تۆمەشغولت کردم بەتەماشا کردنی دروستکراو، و دروستکەرت لەبیربردمەوە.[1]

***



١ - (تذکرة الأولیاء , ١٠٧)

## بەزەیی بە گیانداران

جارێکیان پێشەوا (سەید ئەحمدی رفاعی) پاڵی دابۆوە لە ڕۆژی هەینی دا، لەوکاتەی ویستی بڕوا بۆ نوێژی هەینی، بینیی پشیلەیەك لەسەر عەباکەی خەوتووە، دڵی نەهات بە خەبەری بهێنێت، بۆیە هەڵسا عەبایەکەی کردە دوو بەشەوە بەشێك کە پشیلەکەی لەسەربوو ئەوەی بڕی و چووە مزگەوت، کاتێك لەمزگەوت هاتەوە بینی پشیلەکە لەوێ نەمابوو ئینجا پارچە لێکراوەکەی دووریەوە و لەبەری کرد.

گوتیان: قوربان, پشیلەکەت دەرکردبا, پێویستی بە تێکدانی عەبایەکەت نەدەکرد!

گوتی: مەرد ئەو کەسەیە تەنانەت بۆ دەقەیەکیش نەبێتە هۆی بێزاری و بێتاقەتی هیچ مەخلوقێك.[1]

***



---

١ - (أبو العلمين سيدنا رفاعي , ٢١٥)

## وەڵامی بوێرانە

دەگێڕنەوە کاتێک خەلیفە (هیشامی کوڕی عەبدولمەلیک) هاتە مەککە بەمەبەستی حەجکردن. داوای کرد کە هاوەڵان یان تابیعینەکانی بۆ بهێنن تا قسەیان لەگەڵ بکات، ئەوانیش پێشەوا (تاوسی یەمانی)یان بۆ هێنا، کاتێ تاوس چووە ژوورەوە بەپێڵاوەکانیەوە لەسەر پارچە بەڕەکەی خەلیفە دانیشت و پاشان لەپێی داکەند و گوتی: ئەی هیشام چۆنی!

پاشان بێ پرسکردن لەتەنیشتی دانیشت، خەلیفە زۆر تووڕەبوو فرمانی بەڕاوێژکارەکەی کرد بیکوژێت، بەڵام

ڕاوێژکارەکەی ئامۆژگاریکرد وا نەکات، چونکە لەشاری خودا و ئازیزەکەی (سەلامی خودای لەسەربێت) شتی وا حەرامە.

خەلیفە ڕووی لەتاوس کرد و گوتی: بۆچی وا ڕەفتارت کرد؟

تاوس گوتی: چیم کردووە!؟

خەلیفە گوتی: بەپێڵاوەوە هاتیە لام و لای بەڕەکەم داتکەند و سەلامت لێ نەکردم و بە امیر المؤمنین ناوت نەهێنام و کونیەشت بۆ دانەنام و بێ پرس لەلام دانیشتی؟

تاوس زۆر بەبوێری و ئازایانە وەڵامی داوە: ئەوەی یەکەم سەبارەت بەپێڵاوەکان من ڕۆژی پێنج جار لەبەرامبەر پەروەردگاری عەزیم لەنزیك بەرماڵەکە دایدەکەنم هیچ لێم تووڕە نابێ.

بۆچی نەمگوت (امیر المؤمنین) چونکە هەموو موسڵمانان بەخەلافەتی تۆ ڕازی نین، بۆیە وتم نەوەك بیڵێم و توشی درۆ ببم، ئەمما کونیەکەت، بۆیە بانگم نەکردی چونکە خودا لەقورئان بە ناوی خۆی بانگی

پێغەمبەرانی کردووە وەکو (یا داود) (یا یحیی) (یا عیسی)، ئەوانەی کە کونیەی بۆ داناون بەدوژمنی داناون وەکو (تبت یدا ابی لهب وتب)، سەبارەت بەوەی کە وتت لەتەنیشتم دانیشت پرست نەکرد، ئەوا بیستومە لەشێری حەق حەزرەتی مەولا عەلی، گوتویەتی: ئەگەر دەتەوێ سەیری کەسێك بکەی ئەهلی دۆزەخ بێ، ئەوا سەیری کەسێك بکە کە دانیشتووە و لەدەوری خەڵك بەپێوە وەستاون.

خەلیفە ترساو گوتی: ئەی تاوس ئامۆژگاریم بکە.

تاوس گوتی: حەزرەتی مەولا عەلی گوتویەتی: لەدۆزەخدا هەندێ مار و دوپشکی گەورەی تێدایە وەکو ئێسترن، بەهەموو گەورە و ئەمیر و کاربەدەستێك دەدەن کە دادپەروەری ناکەن لەگەڵ خەلکی خۆیان.[1]

***

[1] - (السلسلة الذهبية , ٣\٥٥٤)

## وتاری بەهێز

جارێکیان شێخ (عەبدولقادری گیلانی) بەسەر مینبەر کەوت وتاری دەخوێندەوە، لەو وتارەدا زۆر هێرشی کردە سەر خەلیفە (مقتفی لامر الله) و سەرزەنشتی کرد لەسەر ئەوەی کە (ابن المزاحم) ی ستەمکاری کردووە بەقازی بۆ ئەوەی دادوەری خەلکی پێ بکات، ڕوی کردە خەلیفە و گوتی: ئەی خەلیفە, گوێ بگرە تۆ ستەمکارترین ستەمکارت کردووە بەگەورەی موسڵمانان، بەیانی لەدیوانی حەزرەتی حەق (رب العالمین) چی وەڵام دەدەیەوە لەکاتێک ئەو (ارحم الراحمین)ە .

خەلیفه لەو کاتە لەبەر قسە بەسام و هەیبەتەکانی شێخ عەبدولقادر, زۆر ترسا و دەست بەجێ فرمانی دا (ابن المزاحم)یان دورخستەوە لە قازیاتی.[1]

***



1 - (قصص العابدین , ١٥٨)

## خۆم نەمکردبوو

جارێك کۆمەڵێك کۆیلە (عەبد) دێنە خزمەت (حەسەنی بسری) و داوای لێ دەکەن لەوتاری هەینی باسی ئازادکردنی کۆیلە بکات، بەڵکو رزگاریان ببێت.

چاوەڕێ بوون لە هەفتەی یەکەم و دووەم و سێیەم هەر باسی نەکرد تا لە هەفتەی چوارەم باسی کرد, هانی خەڵکیدا بۆ ئازادکردنی کۆیلە, و ئەوەی لە قیامەت پاداشتی ئەوە وەردەگرنەوە.

وتارەکەی بەڕادەیەك کاریگەربوو کە زۆربەی هەرە زۆری کۆیلەکان ئازاد کران.



CamScanner

کۆیلەکانیش زۆر بەدڵخۆشی هاتن بۆ لای و دوعای بەخێریان بۆ کرد کە بەهۆی وتاری ئەوەوە ئازادکراون، بەڵام بۆچی سێ هەفتە دواکەوت؟ حەسەن گوتی: لە راستیدا خۆم ئەو کاتە کۆیلەم نەبوو هەتا ئازادی بکەم، پارەشم نەبوو هەتا پێی بکڕم، بۆیە چاوەڕێم کرد هەتا کۆیلەیەکم کڕی و ئازادم کرد، ئینجا باسی پاداشتی ئەوەم کرد. پەروەردگاریش بەرەکەتی خستە وتارەکەمەوە و ئێوە ئازادبوون.[1]



Tanya Haji

١ - (امام الزاهدين حسن البصرى ، ١٧٦)

# چاکەیەکی بە دەیە

دەگێڕنەوە جارێك سواڵکەرێك دێتە لای (عەبدوڵا کوڕی موبارەك) داوای پێویستی لێدەکا، ئەویش هیچی لانابێت جگە لە (دە) دانە هێلکە، فرمان بەخزمەتکارەکەی دەکا کە هەمووی پێبدات، خزمەتکارەکە تەنها (نۆ) دانەی هێلکەی پێدەدا.

نزیکی خۆر ئاوابوون پیاوێك لەدەرگەی ماڵی (عەبدوڵا کوڕی موبارەك)دا و گوتی: ئەو سەلەیە بۆ ئێوەم هێناوە، عەبدوڵا کە سەیر دەکا (نەوەد) دانە هێلکەی تێدایە بۆیە بانگی خزمەتکارەکەی دەکا و دەڵێ: پێم نەگوتی هەر دە

دانه هێلکه بده بەسوالکەرەکە؟ خزمەتکارەکە زۆر سەیری پێ دێ و گوتی: قوربان تۆ چۆن زانیت کە نۆ دانەم داوەتێ!

عەبدوڵا دەڵێ: رۆڵە خودا خێر و چاکە یەکی بە دە دەداتەوە، ئێستا بیگرە ئەوە (نەوەد) دانە، ئەگەر هەر دە دانەت پێ بدابا ئێستا (سەد) هێلکەیان بۆ دەهێنایەوە.[1]

***



١ - (طبقات الكبرى, ١\٢٤٤)

## تخوا ڕۆڵەکانم
## بە بەردی بچووک لێم بدەن

ڕۆژێـك منـداڵان بـە بـەرد و دار کەوتنـە دوای (وەیسـی قەرەنی) و لێیان دەدا، وەیس بـە لەسـەرخۆیی دەیگوت: تخوا ڕۆڵەکانم بەبەردی بچووك لێم بدەن، چونکە قاچەکانم لاوازن و بەبەردەکانی ئێوە بریندار دەبێت, ئینجا خـوێنم لەبەر دەڕوا، ئەوکات دەستنوێژەکەم دەشـکێت و ئاویشـم دەسـت ناکـەوێت بـۆ دەسـتنوێژ گـرتن، تخـوا وامەکـەن نوێژەکەم لە دەست بڕوات، خـەمی قاچـەکانم نـین، تـەنیا خەمی نوێژەکەمە، تخوا بەردی بچووك بچووك.[1]

---

١ - (طبقات الصوفية، ١ / ١٥٣) (تذكرة الأولياء , ٥٤)


## حەجێکی پڕ خێر و چاکە

ڕۆژێکیان پێشەوا (عەبدوڵا کوڕی موبارەك) لەگەڵ کاروانەکەی بە مەبەستی حەج کردن بەڕێکەوتن بۆ شاری مەککە. لە ڕێگا بینی ئافرەتێك قەڵەڕەشیکی مردارەوە بووی لەسەر شوێنێکی پیس هەڵگرتەوە و دەیبرد، ئەویش کەسێکی نارد بەشوێن ئافرەتەکە و پرسیاری لێکرد کە بۆچی ئەو مرداربووە دەبا ئاخر گۆشتەکەی حەرامە!

ئافرەتەکە گوتی: ئەوە سێ ڕۆژە هیچمان نەخواردووە تەنها ئەو مرداربووەم شکبرد بۆ ئەوەی لەبرسان نەمرین، کاتێك پیاوەکە ئەوەی بۆ گێڕایەوە، عەبدوڵا دەستی

بەگریان کرد, فرمانی دەرکرد هەموو کاروانەکەیان بەسەر ئەو گوندە دابەشکرد و گەرایەوە ئەو ساڵە حەجی نەکرد. لە خەودا بینی کەسێك پێی گوت (حج مبرور و سعي مشكور و ذنب مغفور) (ئەمە دوعای کەسێکە لەحەج هاتبێتەوە، واتە: حەجێکی پڕ خێر و چاکە وەرگیراو، ماندوو بوونێکی سوپاسکراو، گوناهێکی لێبوردراو).[1]

***



---

١ - (السلسلة الذهبية , ٣\٥١٦)

## سەنایەک لەمن نەبێت

**ئەبو یوسف دەڵێ[٢]:**

ئیمامی (ئەبو حەنیفە) شەوان شەونوێژی دەکرد, بەڵام چەند رکعاتێکی دەکرد و پاشان خەریکی قورئان خوێندن یان خەریکی مەسەلە فقهیەکان دەبوو یان لەگەل خێزان و منداڵەکانی خەریك دەبوو یان دەخەوت.

جارێکیان لەگەڵ ئەبو حەنیفە بەرێگادا دەرۆیشتین، لەناکاو پیاوێك گوتی: ئەوە ئەبو حەنیفەیە کە شەو تا بەیانی شەونوێژ دەکا و ناخەوێت، ئەبو حەنیفە کە گوێی

لەو قسانەبوو، گوتی: نابێ خەڵك سەنای شتێك بكەن كە لەمندا نەبێت.

بۆیە لەو كاتەوە هەتا وەفاتی كرد ئەبو حەنیفە شەوان لەسەر خۆی فەرزكردبوو كە شەونوێژیكات هەتا بەیانی.[1]

***



١ - (مناقب الأمة الأربعة , ٣٢٧)

## پاداشتی چاکە هەر چاکەیە

موحەمەدی کوری عیسی دەڵێ:

هەر کاتێك (عەبدوڵا کوڕی موبارەك) بهاتبایە شاری (الرقە) گەنجێك دەچوو خزمەتی دەکرد و بە دوایدا دەڕۆیشت و پێداویستیەکانی بۆ هەڵدەگرت بێ ئەوەی ئیمام داوای لێ بکا، تەنها لەبەر ئەوەی فەرموودەی لێ ببیستێت و ئامۆژگاری بکات.

جارێك ئیمام دێتە شار، بەڵام ئەوجارە ئەو گەنجە نابینێت بێتە لای و دیار نییە، ئیمام هەواڵی دەپرسێ،

گوتیـان: ئـەو گەنجـە ئێسـتە لـە بەندیخانەیـە چونکە دە هەزار درهەم قەرزارە و تواناشی نییە بیداتەوە.

عەبدولَلا گـوتی: ئـەوەی قـەرزی لـێ کـردووە پیشـانم بدەن.

کاتێك پیشانیان دا, گوتی: ئەوە دە هـەزار درهەمەکـە برۆ شکاتەکەت لەسەری هەڵبگرە، ئـەویش خێـرا چـوو لـە بەندیخانە دەریهێنا، کاتێك هاتە دەرەوە, گوتیان عەبدولَلا هاتووە, یەکسەر بەرەو ئەو شوێنە بەڕێکەوت کە (عەبدولَلا کوڕی موبارەك) لەوێ بوو، عەبدولَلا گوتی: ها ئەی گەنج بۆ دیار نەبوویت؟

گـوتی : قوربـان, لەبـەر قـەرزاری بەنـدکرابووم بـەڵام کەسێك پارەکەی بـۆ داومەتـەوە, بۆیـە تـازە ئـازادکرام و یەکسەر بۆلای تۆ هاتووم, بەڵام نەمزانی کێبوو قەرزەکەی بۆ داومەتەوە؟

عەبدولَلا گوتی: کەواتە سوپاسی خودا بکە.

پاشان دەستی کرد بە وانەگوتنەوە, ئەوانەی کە دەیانزانی عەبدوڵا بووە پارەکەی داوەتەوە پیانگوت: ئەی عەبدوڵا بۆچی ئەو کارەتکرد ئاخر پارەکە گەلێك زۆرە.

عەبدوڵا گوتی: پاداشتی چاکە هەر چاکەیە ئەو زۆر بەئێمە ماندووبووە بیٚ ئەوەی چاوەڕێی پاداشت بیٚ.

ئینجا دەڵێن ئەو گەنجە نەیزانی هەتا حەزرەتی (عەبدوڵا کوڕی موبارەك) وەفاتی کرد, ئەوکات پێیانگوت کە ئەو بووە قەرزەکەی بۆ داوەتەوە.[1]



[1] - (موسوعة الحقوق الاسلامية, ٢\٧٠٦)

## ئافرەتێک قسەکردنی هەمووقورئانە

پێشەوا (عەبدوڵا کوڕی موبارەك) دەڵێ: بەڕێکەوتم بۆ حەج و زیارەتی نازداری دڵان(سەلامی خودای لەسەربێت) کاتێك لەڕێگا دەڕۆشتم ڕەشایەکم بینی دەم و چاوی تۆزاوی بوو، کە نزیك بوومەوە زانیم ئافرەتێکە.

گوتم: السلام عليك ورحمته الله و بركاته

گوتی: (السلام قولا من رب رحيم) (سوره يس: ٥٨)

گوتم: ڕەحمەتی خودات لێبێت لێرە چ دەکەی ؟

گوتی: (من يضليل الله فلا هادي له) (سورة الاعراف: ١٨٦)، زانیم بزر بووە.

گوتم: چیت دەوێ؟

گوتی: (سبحان الذي أسري بعبده ليلا من المسجد الحرام الي المسجد الاقصي) (سورة الإسراء: ١)، زانیم دەیەوێ بچێتە بیت المقدس

گوتم: چەند ڕۆژە ئاوایت؟

گوتی: (ثلاث ليال سويا) (سورة مريم: ١٠)، زانیم سێ ڕۆژە بزر بووە.

گوتم: هیچ خواردنێکت لانیە بیخۆیت؟

گوتی: (هو يطعمني ويسقين) (سورة الشعراء : ٧٩)، زانیم هیچی پێ نییە، واتا بە ڕۆژووە.

گوتم: ئێستا مانگی ڕەمەزان نیە!

گوتی: (ومن تطوع خيرا فإن الله شاكر عليم) (سورة البقرة: ١٥٨)، زانیم ڕۆژوی سوننەتە.

گوتم: حەڵاڵە بۆمان ئەگەر لەگەشت و سەفەر ڕۆژوو بشکێنین.

گوتی: (وأن تصوموا خیرلکم إن کنتم تعلمون) (سورة البقرة: ١٨٤)، زانیم نایشکێنێ.

گوتم: ئاو لەکوێ دێنی بۆ دەست نوێژ؟

گوتی: (فلم تجدوا ماء فتیمموا صعیدا طیبا) (سورة النساء: ٤٣)، زانیم تەیەموم دەکا.

وتم : بۆ وەکو من قسە ناکەی؟

گوتی: (ما یلفظ من قول إلا لدیە رقیب عتید) (سورە ق: ١٨)، زانیم نایەوێ وەك من قسە بکات.

گوتم: تۆ چ جۆرە کەسێکی ئاوا بەس بەقورئان قسەدەکەیت ؟

گوتی: (ولا تقف ما لیس لدیك بة علم إن السمع والبصر والفؤاد کل أولئك کان عنە سئولا) (سورة الإسراء: ٣٦)، زانیم نایەوێ پرسیار لەو بابەتە بکەم.

گوتم: داوای لێبوردن دەکەم، ڕێنمایم بکە؟

گوتی: (لا تثریب علیکم الیوم یغفرالله لکم) (سورة یوسف: ٩٢)

گوتم: دەتەوێ سواری حوشترەکەم بی و لەگەڵمان بێی بەڵکوم خزم و کەست بدۆزینەوە؟

گوتی: (وما تفعلوا من خير يعلمه الله) (سورة البقرة: ١٩٧)، زانیم ڕازیە کە بێت.

کاتێک وشترەکەم یخ دا و دامنیشاند بۆ ئەوەی سواربێت گوتی: (قل للمؤمنين يغضوا من أبصارهم) (سورة النور: ٣٠)، زانیم دەیەوێ سەیری نەکەم، منیش ڕووم وەرچەرخاند و سەیرم نەکرد.

گوتم: سواربە، پێش ئەوەی سواربێت پارچەیەک لەجلەکەی بەزینەکە کەوت و دڕا، گوتی: (وما اصابكم من مصيبة فبما كسبت أيديكم) (سورة الشوري: ٣٠)

گوتم: سەبر دەگریت هەتا بۆت دەدورمەوە؟

گوتی: (ففهمناها سليمان) (سورة الانبياء : ٧٩)، زانیم خۆی دەزانێ بیدورێتەوە.

کاتێک سواربوو گوتی: (سبحان الذي سخرلنا هذا وما كنا لة مقرنين وإنا إلي ربنا لمنقلبون) (سورة الزخرف: ١٣-١٤)

زینی حوشترەکەم گرت و بە خێرایی دەڕۆیشتم حوشترەکە دەنگی دەهات لەبەر خێرایەکە، گوتی: (واقصد في مشيك واغضض من صوتك) (سورة لقمان : ٩)، زانیم دەیەوێ خێرایەکەی کەم بکەم، بۆیە هێواشم کردەوە و لەسەرەخۆ ڕۆیشتم.

گوتی: (فاقرؤوا ماتيسر من القرءان) (سورة المزمل: ٢٠)

گوتم: بە ڕاستی خێرێکی زۆر دەبەخشی.

گوتی: (وما يذكر إلا أولوا ألالباب) (سورة البقرة: ٢٦٩)، زانیم مەبەستی بەبیر هێنانەوەیە.

پاش کەمێك ڕۆیشتین، وتم : مێردت هەیە؟

گوتی: (يا أيها الذين وامنوا لا تسألوا عن أشياء إن تبدلكم تسؤكم) (سورة المائدة : ١٠١)، زانیم نایەوێ لەسەر ئەو بابەتانە پرسیار بکەم، بۆیە بێ دەنگ بووم هەتا گەیشتینەوە قافیلەیەك زانیم ئەوە کەس و کاری ئەون، بۆیە گوتم: کەسی تۆ لەگەڵ ئەو قافیلە دایە؟

گوتی: (المال والبنون زينة الحياة الدنيا) (سورة الكهف : ٤٦)، زانیم منداڵەکانی لەگەڵن.

گوتم: ناویان چیه هەتا بانگیان بکەم؟

گوتی: (واتخذ الله ئیبرِاهیم خلیلا ) (سورة النساء: ١٢٥)، (وكلم الله موسي تكليما) (سورة النساء: ١٦٤)، (يا يحيي خذ الكتاب بقوة) (سورة مريم: ١٢)

بانگم کرد لە قافلەکە, ئەی (ئیبرِاهیم، موسی، یحیی) سێ گەنج هاتنە دەرەوە گوتیان: بەڵێ.

گوتم: ئەوە دایکتانە؟

گوتیان: بەڵێ، پاش کەمێك دانیشتن ئافرەتەکە وتی: (فابعثوا أحدكم بورقكم هذة إلي المدينة فلينظر أيها أزكي طعاما فليأتكم برزق منه) (سورة الكهف: ١٩)، زانیان نانی دەوێت, کاتێك بۆیان هێنا لە پێشی منی دانا، گوتی: (كلوا واشربوا هنيئا بما أسلفتم في الأيام الخالية) (سورة الحاقة: ٢٤)، مەبەستی ئەوە بوو کە بیخۆم بێ شەرم کردن، منیش خواردم کاتێك هەڵسا ڕۆیشت بە کورەکانم گوت: تکاتان لێ دەکەم ئەوەی دایکتانم بۆ ڕون بکەنەوە!

کوڕەکانی گوتیان: ئەوە بۆ ماوەی چل ساڵە قسە کردنی بەس بەقورئانە.

گوتم: سبحانه الله (ذلك فضل الله يؤتيه من يشاو واللة واسع عليم) (سورة المائدة: ٥٤).[١]

***



١ - (الف قصة وقصة , ٢٧)

## تۆڵە حەسەن شەرعزانتری

لەسەردەمی (حەسەنی بەسری) پیاوێك هەبوو زۆر دەچووە مزگەوت و خۆی دەگرت لەخەڵك.

رۆژێك ئەو هەواڵەیان بە حەسەن راگەیاند، گوتی: ئەگەر ئەوجارە هاتەوە مزگەوت پێم بڵێن دەچمە لای. کاتێك هات پێیان گوت، حەسەن هەڵسا و چووە لای و پێیگوت: ئەی بەندەی خودا دەتبینم کە دوورە پەرێزی دەکەیت لە خەڵك وە ئەوەشت لا شتێکی خۆشەویستە، چ شتێك قەدەغەت لێ دەکات لە خەڵك دوور کەویەوە و

نەچیە مەجلیسی ئەو پیاوە کە ناوی حەسەنە (مەبەستی خۆی بوو).

پیاوەکـە وەڵـامی داوە گـوتی: مـن بـەیانی و ئێـوارە دەکەمـەوە لـە نێـوان نیعمـەتێك و تـاوانێکم, خـۆم بـە سوپاسگوزاری لەسـەر ئـەو نیعمەتـە سـەرقاڵ دەکـەم, و لەسەر تاوانەکەش هەمیشە تۆبە دەکـەم بۆیـە کاتم نییـە لەگەڵ ئەو خەڵکە بەفیڕۆی بدەم.

حەسـەن پێیگـوت: ئـەی بەنـدەی خـودا, تـۆ لـە حەسەنیش بە لای منەوە شـەرعزانتری, کەواتـە پابەندبـە بەوەی کە لەسەری.[1]

***

١ - (أحیاء علوم الدین , ٢\١١٦)

## باشترین کەس ئەوەیە خۆی بەکەم بزانێ

دەڵێن ڕۆژێك ئیمامی (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) میوانێك هاتە لای، عومەریش نووسینی دەکرد، خەریك بوو چرایەکەی بەردەمی دەکوژایەوە، میوانەکە وتی : ئەی پێشەوای ئیمانداران بڕۆم چرایەکە چاك بکەم؟

عومەر گوتی: لە ڕێز و ڕەوشتی پیاو نییە کە خزمەت بەمیوانەکەی بکات. میوان گوتی: مادام بانگی خزمەتکارەکەت دەکەم با ئەو بیبا پڕ زەیتی بکاتەوە!

عومەر گوتی: نەخێر، ئەو تازە خەوتووە خەوەکەی زۆر خۆشە و با پشوو بدات، بۆیە خۆی هەڵسا و چوو چاکی کرد و پڕی کرد لەزەیت.

میوان گوتی: ئەی پێشەوای ئیمانداران تۆ بۆ خۆت هەڵسای و ئەو کارەت کرد چۆن دەبێت!

عومەر گوتی: کە ڕۆیشتم عوەمر بووم و کە هاتمەوەش هەر عومەر بووم و هیچم لێ کەم نەبووە، چاکترین کەس ئەو کەسەیە لەلای خوا ملکەچ و خۆ بەکەمزان بێت.[1]



١ - (تنبه الغافلين , ١٤١)

# بایەزید و پیرەمێرد

جارێکیان پێشەوا (بایەزیدی بوستامی) دەچێتە مزگەوت و گۆچانەکەی لە حەوشەی مزگەوت دەچەقێنێت، لەو کاتەدا پیرەپیاوێک دێتە مزگەوت و گۆچانەکەی لەتەنیشت گۆچانی بایەزید دادەچەقێنێ، پاشان بایەکی بەهێز دێت و گۆچانەکەی بایەزید بەسەر گۆچانی پیرەپیاوەکە بەردەداتەوە، پیرەپیاو دەچەمێتەوە بۆ گۆچانەکە و هەڵیدەگرێتەوە کە بایەزید ئەم دیمەنە دەبینێ بەپەلە بەدوای پیرە پیاو ڕادەکا هەتا ماڵی و پێی دەڵێ: تخوا گەردنم ئازا بکە، لەبەر گۆچانی من بوو تۆ پشتت چەماندەوە.[1]

---

[1] - (الرسالة القشيرية , ١٦٣)

## کەس نەیزانی بۆ دەگرین

**عەبدولسەلام دەیگێڕێتەوە و دەفەرمووێت:**

جارێکیان پێشەوای موسڵمانان (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) گریا، پاشان فاتیمەی خێزانی گریا، پاشان منداڵەکانی و خزمەتکارەکانی دەگریان، کەسیشیان نەیاندەزانی بۆچی دەگرین، پاشان کەمێك هێور بوونەوە، فاتیمە ڕوی لە عومەر کرد و وتی: باوکم بە قوربانت بێت ئەی پێشەوای موسڵمانان بۆچی گریایت ؟

عومەر وتی: ئەی فاتیمە بیرم لە خەڵکی دەکردەوە لە ڕۆژی قیامەتدا کە خوای گەورە لێیان دەپرسێتەوە و هەندێکیان بۆ بەهەشت و هەندێکیان بۆ جەهەننەم، نازانم من لە کام کۆمەڵ دەبم.[1]

***




١ - (گریان لە ترسی خودا – ل٢١)

## گریان لە ترسی خودا

هەر کاتێك پێشەوا (عومەری کوڕی عەبدولعەزین) بیری مردنی بکردبایەوە، وەکو باڵندە چۆن ڕادەکات و باڵەکانی لێکدەکاتەوە بۆ فڕین، ئەویش ئاوا ترسی زیادی دەکرد و ڕادەپەڕی و دەگریا تاکو ڕیشی موبارەکی تەڕ دەبوو، شەوێکیان زۆر گریا و دانیشتوانی ماڵەکەی هەموو بەگریان خست، فاتمەی خێزانی هاتە لای و گوتی: بە باوکمەوە بەقوربانت بین ئەی پێشەوای موسڵمانان بۆچی دەگری؟

عومەر گوتی: بیری ئەوەم کردەوە کاتێ خەلکی لێک جیادەبنەوە کۆمەڵێک بەرامبەر خودای گەورە دەبنە دوو کۆمەڵ، کۆمەڵێک بەرەو بەهەشت و کۆمەڵێک بەرەو جەهەننەم، بەڵام من دەترسم لەوەبم کە دەچمە جەهەننەم. ئینجا ئەوەی گوت و لەبەر گریان لەهۆش خۆی چوو.[1]

***



١ - (تعال نبك لنطفئ بحارا من نار، ١٦٢)

## هەرچی بێت نابێت لە حەد دەرچێ

ڕۆژێکیان کوڕێکی خەلیفە (هارون ڕەشید) هاتە لای باوکی گوتی: کوڕی فلان وەزیر جوێنی بەدایکمدا، هارون ڕووی لە مەجلیس کرد و گوتی: ئەو کەسانە شایەنی چ عەزابێکن؟

هەندێکیان گوتیان: کوشتن، زمان بڕین، نەفی کردن.....

ئینجا هارون ڕووی کردە کورەکەی و گوتی: ئەی کوڕی خۆم، وا باشە لێی ببوریت, ئەگەر ناتوانی، ئەوا تۆش

جوێنی پێ بدەوە، ئەمما هەر ئەوەندە جوێنەی پێ بدەوە
کە لەحەد دەرنەچێت، وەگەرنا زوڵم لە ئێمە پەیدا دەبێت.

بــەوەی قەت ناڵێ ئینسان پیاوی عاقــڵ
لەگــەڵ فیلی بە قـــووەت بێتە مەیـدان
بەڵێ مەرد ئەو کەسانەن خۆ بە تەحقیــق
قسەی ناخۆش ناکات وەختی لێ قەومان[1]

***



---

١ - (گولستان سعدی , ١٠٣)

## گورگ و مەڕ
## پێکەوە ئاویان خواردەوە

**مالیکی کوڕی دینار دەڵێ:**

کاتێ (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) خەلافەتی گرتە دەست و بووە پێشەوای موسڵمانان، لەسەر لوتکەی کێوەکان شوانەکان لەیەکدیان دەپرسی کێ بوەتە خەلیفەی موسڵمانان؟ کەسێك لەوکاتەدا لەو شوێنە دەڕوا و ئەو قسانەی گوێ لێدەبێ دەپرسێ: چۆنتان زانی خەلیفە گۆڕدراوە؟

گوتیان: لەبەر ئەوەی هەر کاتێك پیاوێکی چاك ببێتە پێشەوای موسڵمانان ئەوا گورگ و مەڕەکان پێکەوە بەرامبەر یەك بن, گورگەکان پەلاماریان نادەن و لێیان سەلامەت دەبین.[1]

***



---

١ - (صفة الصفوة , ٢\٣٩٢)

**مەعروفی کەرخی دەڵێت:** سۆفی لەم جیهانەدی میوانە، هەرکاتێك خاوەن ماڵ داواکارییەك یان کارێکی بە میوانەکەی کرد، دەبێت میوانەکە بە ڕێز و شکۆوە بەرانبەر خاوەن ماڵ بوەستێت، نەوەك داواکاری هەبێت.(١)



١ - نفحات الأنس، ٩٤.

# ناوەڕۆک


پێشەکی........................................................ ٧
دەچم لەگەڵ هاوەڵان و تابعین و گەورە عاریفان دادەنیشم...... ١١
مەولانای ڕۆمی دەڵێ: ........................................ ١٣
چۆن بزانم خراپم؟............................................ ١٤
مەڕ چەند ساڵ دەژی! ........................................ ١٥
بۆنی میسک.................................................... ١٦
شێوازێکی بەرزی ئامۆژگاری.................................. ١٨
لە عیشقدا یەك من هەیە! .................................... ٢٠
جنێودان......................................................... ٢٢
کوشتنی گیانەوەرێك.......................................... ٢٣
حاڵ و ئەحواڵی وەیس......................................... ٢٥
پادشای دونیا و دواڕۆژ...................................... ٢٧
کەی دەبم بە پیاو؟............................................ ٢٨
وەفای مەعشوق ئاوادەرێتەوە؟................................ ٣١
پێناسەی عیشق................................................ ٣٣
بۆ ڕقمان لە مردنە............................................ ٣٤
دەمەوێت شەرم نەکەن! ...................................... ٣٦
ساتێك لەتەمەنی خۆم بە هاوڕێکانم ببەخشم! .................. ٣٨
ئازارەکانی ڕۆژگار............................................ ٤٠

هۆ دڵدارەکەم.......................... ٤٣
ڕقت لە شەیتان دەبێتەوە؟..................... ٤٥
مەستی دیدار! .................................. ٤٧
پاداشتی ئەوەیە بەیانی بەڕۆژوو بین! ............ ٤٨
بێ بەش بوون لە گفتوگۆ لەگەڵ خودادا............ ٤٩
دەستکەوتنی سەفای دڵ.............................. ٥١
خۆشیی بەهەشت........................................ ٥٣
موناجاتی عیشق........................................ ٥٥
ئیبن عەرەبی دەڵێت: ............................... ٥٧
کڕیار و فرۆشیاری لەخواترس......................... ٥٨
گەرمای قیامەت........................................ ٦٠
تۆ سواریت لایە........................................ ٦١
چی لەجیهاد چاکترە؟.................................. ٦٣
وامەزانە من لەتۆ باشترم............................. ٦٥
وایزانی تۆ دایکی...................................... ٦٧
نانی حەڵاڵ.............................................. ٦٩
یاری من سەیرن دەکا.................................. ٧٠
ئاساری نیعمەتەکانی خوداتان با لەسەر دیاربێ...... ٧١
دەمەوێ ببمە دەروێش.................................. ٧٣
کەسێك دەناسم دوعاکان قبوڵ دەکات................. ٧٥
قسەی زانایان و پیاوچاکانی پێشوو, کاریگەرتربوو.......... ٧٦

٧٠ حەج بە جامە ئاوێك.............................. ٧٨
سەرخۆش و عاریف.............................. ٨٠
گەنجێکی ئالی تەریقەت.............................. ٨٢
ئەوین چیە؟.............................. ٨٤
مەولانای ڕۆمی دەیگوت:.............................. ٨٥
حەلاج دەیگوت:.............................. ٨٦
لێخۆشبوونی گوناهـ چۆنە؟.............................. ٨٧
موسڵمان و فیرعەون.............................. ٨٨
دوو مێرووله.............................. ٨٩
گوناهێکی کۆن.............................. ٩٠
کەعبە دەسوتێنم.............................. ٩١
بەبێ گوناهی تۆیان دەوێت.............................. ٩٢
یەکێك لە دەروێشەکان تەوبەی کرد.............................. ٩٣
ئایا خودا تەوبەم قبوڵ دەکات؟.............................. ٩٤
کارمەندێکی شارەوانی.............................. ٩٥
من هەژار نیم.............................. ٩٧
ئەوەی من دەمەوێت نزیکی دڵە لە مەولا.............................. ٩٩
با وەکو شەیتانم لێنەیەت.............................. ١٠٠
ژنێکی خواپەرست.............................. ١٠٣
ناتوانم سەیریان بکەم.............................. ١٠٦
کێ فریوی داوی؟.............................. ١٠٨

من پێش ئەو قۆڵبەستم کرد.......................... ١١٠
لەبەر خاتری تۆ دڵمان خاوێن کردەوە..................... ١١٢
حەلاج دەیگوت ......................................... ١١٤
گەردەنم ئازا بکە لەبەر من ئازارت پێگەیشتووە............. ١١٦
مەنسوری حەلاج دەیگوت: ................................ ١١٨
کراسێك زیاتر دوات دەخات بۆ بەهەشت.................... ١١٩
پیاوەتی نییە قارانج لە هاوڕێکەم وەربگرم................. ١٢١
شەیتان ناهێڵێ شەونوێژ بکەی............................ ١٢٣
ژیان چۆنە................................................ ١٢٥
ڕێزگرتن لە زانست........................................ ١٢٧
گەورە کردنی فەرموودە.................................... ١٢٩
ڕەبتی ڕۆحی سوڵتانی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) .. ١٣١
پارەی نورەددین........................................... ١٣٣
چاوتان بگرن لە (مەڕ)ێکیش بێت........................... ١٣٥
ئیبن عەرەبی دەڵێت: ...................................... ١٣٧
گوناهێکی کۆن............................................ ١٣٨
مالیك و گۆرستان.......................................... ١٤٠
پاداشتی یەك شەونوێژ..................................... ١٤١
بە یارمەتی خودای گەورە................................... ١٤٣
ئەجەلت نزیکە............................................. ١٤٤
پێشبڕکێی دڵ.............................................. ١٤٦

به کردەوەی چاك لەخۆبایی مەبە.......................... ١٤٨
نەزەری نەکردووە........................................ ١٥٠
ئیبن عەرەبی دەڵێ:........................................ ١٥٢
تۆ لە جیاتی بیکە.......................................... ١٥٣
با فێرە تەوازع بێت........................................ ١٥٥
شوێنی سوجدەی بوو بە نوور............................. ١٥٧
جوبەی صوف............................................... ١٥٩
فێربوونی زانست.......................................... ١٦١
دۆلی هەب هەب............................................. ١٦٣
سابتی بنانی دەڵێ:........................................ ١٦٦
دوعای بۆ موسڵمانان دەکرد.............................. ١٦٨
بە ڕاستگۆیت، ڕزگارت کردن.............................. ١٧٠
دوعای هەژاری............................................. ١٧٢
خۆڕاگرتن لە نوێژدا....................................... ١٧٤
بلێ نازانێت................................................ ١٧٦
خۆ بە زلزانین.............................................. ١٧٨
تەنها سەیری پەنجەکانم کردووە......................... ١٨٠
دڵم عەرەبیە............................................... ١٨٢
عەبدولرزاقی گەیلانی دەڵێت:............................. ١٨٣
بەبێ جل هات............................................... ١٨٥
ڕاستگۆ هەڵە ناکات....................................... ١٨٦

هەزاران نیعمەت........................................ ١٨٨
ئیبن عەرەبی دەڵێت: ........................................ ١٩٠
عەباسی کوری حەمزە دەڵێت: ........................................ ١٩١
ئیبن عەرەبی دەڵێت: ........................................ ١٩٤
بوستامی دەیگوت: ........................................ ١٩٥
تاوانی غەیبەت........................................ ١٩٦
خودا پێی خۆش بوو........................................ ١٩٨
دوو خۆشەویست لە یەك جەستە نابێت........................................ ٢٠٠
عاشقی خەوتوو........................................ ٢٠٢
گریان لە ترسی خودا........................................ ٢٠٤
ترسی بەردەم یار........................................ ٢٠٦
بایەزیدی بوستامی دەیگوت: ........................................ ٢٠٨
ئەوەی دەیبەخشیّ باشترە لەوەی وەردەگریّ........................................ ٢٠٩
شتێك بەکارناهێنم شتەکان لێك دابڕێت........................................ ٢١١
شاهێدی خەلیفە قبولّ ناکرێت........................................ ٢١٣
خۆشۆردنی بالّولّ........................................ ٢١٥
ئیبن عەرەبی دەڵێت: ........................................ ٢١٩
راوێژی شێت وئاقلّ........................................ ٢٢٠
بچمە دەرگەی کیّ؟........................................ ٢٢٢
گفتوگۆی عاریفان........................................ ٢٢٥
مرۆڤ لایەقترە لە بونەوەری یکە........................................ ٢٢٦

خوا رازق و رۆزی دەرە........................... ٢٢٨
بایەزید کێ یە؟........................... ٢٣٠
گریانم لێ قەدەغە مەکە........................... ٢٣٢
نوێژ لە دوای تۆ دروست نییە........................... ٢٣٤
خاوەن ماڵ عەبدە یان ئازاد........................... ٢٣٦
بۆچی غەمباری........................... ٢٣٨
کۆتا نوێژمە........................... ٢٤٠
خودا تۆی نارد تاوەکو ئاگاداری بیت........................... ٢٤١
خێرکردن........................... ٢٤٣
تۆ بە تەنیایی........................... ٢٤٥
پێکەنین و ترسان........................... ٢٤٦
چۆن دڵم خۆشبێ کە مسوڵمانان ئابڵوقە دراون........................... ٢٤٨
باری گران لەسەر وشترەکان بار مەکەن........................... ٢٥١
شێخ حەسەن ی بەسری و مەجوسیەکە........................... ٢٥٣
ئەوان بیخۆن چاکترە........................... ٢٥٦
ناشتنی داودی تائی........................... ٢٥٨
پشت بەستنی ڕاستەقینە........................... ٢٦٠
گەرمای خۆر باشترە لە تاوانکردن........................... ٢٦٢
کێت کوشتووە؟........................... ٢٦٤
لێدانەکەت لە هی کاربەدەستان دەچوو........................... ٢٦٦
هامان فیرعەونی بە هیلاك برد........................... ٢٦٨

وەسیەتی باوکم.......... ٢٧٠
ئەوەی لە خودا بترسێ، خەڵك لێی دەترسێ.......... ٢٧٢
تۆ گەورەتری یان ئەو سەگە.......... ٢٧٥
مەشغولت کردم بە دروستکراو.......... ٢٧٧
بەزەیی بە گیانداران.......... ٢٧٩
وەڵامی بوێرانە.......... ٢٨١
وتاری بەهێز.......... ٢٨٤
خۆم نەمکردبوو.......... ٢٨٦
چاکە یەکی بە دەیە.......... ٢٨٨
تخوا ڕۆڵەکانم بە بەردی بچووك لێم بدەن.......... ٢٩٠
حەجێکی پڕ خێر و چاکە.......... ٢٩١
سەنایەك لەمن نەبێت.......... ٢٩٣
پاداشتی چاکە هەر چاکەیە.......... ٢٩٥
ئافرەتێك قسەکردنی هەموو قورئانە.......... ٢٩٨
تۆ لە حەسەن شەرع زانتری.......... ٣٠٥
باشترین کەس ئەوەیە خۆی بەکەم بزانێ.......... ٣٠٧
بایەزید و پیرەمێرد.......... ٣٠٩
کەس نەیزانی بۆ دەگرین.......... ٣١٠
گریان لە ترسی خودا.......... ٣١٢
هەرچی بێت نابێت لە حەد دەرچێ.......... ٣١٤
گورگ و مەڕ پێکەوە ئاویان خواردەوە.......... ٣١٦

# بەرهەمەکانی ناوەندی ڕەها

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر و وەرگێڕ |
|---|---|---|
| ١ | ئیسلام یان ئیلحاد | ئەیاد نادر |
| ٢ | جوانتر بیربکەوە | سبحان سید |
| ٣ | دێڕی نامەکان | تەنیا محەمەد |
| ٤ | کچی کافرۆش | هێدی سەلیم |
| ٥ | هونەری جەنگ | ن: سون تزو<br>و: نیاز مەستی |
| ٦ | پیانۆ | محمد جمیل عەلی |
| ٧ | عاشقانە دێم | زامدار قادری |
| ٨ | چیرۆکی ڕەوشتە بالآکان | محمد کەریم حاجی |
| ٩ | ئایا دەکرێت خوێن دروست بکرێت | ئەحمەد محەمەد نەقاش |
| ١٠ | ژیاننامەی زانایانی کورد | زانا قەرەداغی |
| ١١ | ستیڤ جۆبز کێ بوو؟ | ڕەوەند حەکیم |
| ١٢ | بەختەوەرترین ئافرەت لە جیهان | ن: عائض القرنی<br>و: نیاز مەستی |
| ١٣ | پێشەوا زینو العابدین عەلی کوڕی حوسێن | عەبدولڕەحمان موحەمەد ئەمین |
| ١٤ | ماهی نوورین | هێدی سەلیم |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | ئەبولحەسەنی ئەشعەری قوتابخانە کەلامی و فەلسەفییەکەی | عەدنان ئەمین |
| ١٦ | ئەتەکێتی قسەکردن | ن: ئیهاب فکری<br>و: دەشنێ تالیب شوانی |
| ١٧ | ١٠١ کۆدی بەربەرۆسا | ن: جیهاد الترباني<br>و: ئەحمەد حەمەئەمین مەنتک |
| ١٨ | فیقهی سانا | ئامادەکردن و وەرگێرانی:<br>خ. ڕەشید ڕەحیم<br>نیاز مەستی |
| ١٩ | لابردنی گومانەکان لەسەر ئاهەنگگێران بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەرمان ﷺ | م. جاسم کەرکووکی |
| ٢٠ | لا يأتيه الباطل | ن: موحەمەد ڕەمەزان بۆتانی<br>و: موحەمەد مەلا سعد الدين |
| ٢١ | ١٠١ چیرۆکی سەرسوڕهێنەر | ڕەوەند حەکیم |
| ٢٢ | ئامۆژگاری باوکێک بۆ ڕۆڵەکەی | ن: ئەشرەف عوسمان<br>و: ئەیاد فەهمی |
| ٢٣ | گوڵستانی عاریفان | زامدار قادری |




Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن خاتوون " ئاڤان بەهجەت " کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22

t.me/tanyahaji7
Invite Link

عیرفان



گوتیانە بایەزیدی بوستامی
پێناسەی عیشقمان بۆ بکە؟
گوتی: عیشق ئەوەیە زۆری ئەوینی خۆت
بەرامبەر ئەو بە کەم بزانیت،
کەمی ئەوینی ئەویش
بەرامبەر بەخۆت بە زۆر بزانیت.

بەرگ: ئیبراهیم سەقز


هەولێر - بازاری ڕۆشنبیری - تەنیشت پارێزگا
0750 406 66 74
RAHA / ڕەها